جینۆساید و ئەدەب

"بەرپرسیارێتی، خوێندنەوە، ناساندن"

گفتوگۆیەکی ئەکادیمی لەگەڵ د.هەژار فەقێ سلێمان

ئامادەکردنی: تەها سلێمان

٢٠٢٦

ناسنامەی کتێب

جینۆساید و ئەدەب "بەرپرسیارێتی، خوێندنەوە، ناساندن"

- بابەت : گفتوگۆی ئەکادیمی
- ئامادەکردنی : تەها سلێمان
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە: لاوان ئەحمەد
- نۆرەی چاپ : ٢٠٢٦
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- چاپ : چاپخانەی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی ( ) ی ساڵی ٢٠٢٦ پێدراوە

ناوەڕۆک:

- پێشەکی: ١

بەشی یەکەم: گفتوگۆ

- پۆلێنکردنی تاوانەکانی جینۆساید..... ٧
- ئەدەب و جینۆساید ٣٢
- جینۆساید و تراژیدیا و ئازار و کۆژانەکان..... ٤٢
- بۆچی ئێمە پێچەوانەی دنیا بووین..... ٥١
- جینۆسایدو ڕەنگدانەوەی لەناو کایەی ئەدەب و ژانرەکانیدا ٥٦
-قیژەی ڕەش و سپیی دایکم..... ٦٣
- کۆمەڵێ پیاو لە ترومی هێلکەی پیس..... ٦٥
- ڕۆمانی جینۆساید ٦٩
- وەستاوین یان بەردەوامین ٧٢
- ئەدەب لە ناو جەرگەی کۆمەڵکوژیدا..... ٧٦
- کاری ئەدەب گۆڕینی ئەمژمارە بێدەنگەکانە..... ٨١
- بە تەنیا جێی مەهێڵن..... ٨٦
-نەتوانراوە سنووری لۆکاڵی تێپەڕێنن..... ١٠٠
-ئەکرێ ئەدەبی کوردی بەخۆێنسارد دەست نیشان کەین.. ١٠٣
- بەرەو کرانەوەی جیهانی..... ١٠٩
-مامەڵەکردن لەگەڵ کاریگەرییەکان..... ١١٦
-دەنگدانەوەی برین و بیرەوەری..... ١٢٨
-کەرەستەی خاممان زۆرن ١٣٢
-بیرۆکەی داممزراوەی نیشتمانی..... ١٣٨
-ئەدەبیات و پەروەردەو خوێندن..... ١٤٢
-دنیای ئەکادیمیی ئێمەو جینۆساید..... ١٤٦

-جینۆسایدی کولتووریی و ئەدەب ١٥١
-لادێ بەشێکی گەورەی سەرچاوەی زمان وکولتوورە ١٥٩
-ئەدەب و کولتوور و زمان..... ١٦٥

بەشی دووەم: پاشکۆ

-ژن وەک هێمای قارەمان و قوربانی لە تراژیدیای ئەنفال و هەڵەبجەدا "توێژینەوە" 170
-ستراتیژەکانی گێڕانەوە لە ئەدەبی جینۆسایددا "توێژینەوە..... ٢١٦
کۆتایی: پرۆفایلی د.هەژار فەقێ سلێمان ٢٤٧

پێشەکی

جینۆســـاید یەکێکە لە تاوان و هاوکات ترســـناکترین لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، تاوانێک کە تەنها ژیانی تاکەکان ناوەستێنێ، بەڵکوو لە دوو توێی فەلسەفەی خۆیدا و وەک ترۆپکی بیرکردنەوەی فـاشـــییـانە، جگە لە سـەندنەوەی ڕۆح لە مرۆڤ جا گرووپی نەتەوەیی یاخوود ئاینی یـان ئەتنیکی، هەوڵیش دەدات بیرەوەری و زمـان و کولتوور و ناســـنامەی تەواوی گرووپی بەئامـانجگیراو بسڕێتەوە. لە هەموو شوێن و کاتێکدا کە تاوانی جینۆساید ڕووی داوە یاخوود ڕووبدات، دوای دەنگ و ڕەنگی چەک و ئـاگر و ســـووتـاندن و لەنـاوبردن، ئەوەی مـاوەتەوە یـاخوود دەمێنێتەوە چیرۆکی قوربـانیـان و هەنـاســـەی لێورێژی پڕ لە بۆکڕووزی شـــایەتحاڵ و یادەوەرییەکانی ئەوانەیە کە لە دڵی تاوانەکەدا ژیاون و بۆ چەندین دەیە بە ئێش و ئـازارەکـانییەوە تلاونەتەوە و دەتلێنەوە. ئەم یادەوەرییانە، ئەگەر نەنووسرێن و نەگوێزرێنەوە بۆ شوێن و جێگای پارێزراو، مەترســـیی لەبیرچوونەوە و فەوتانیان بەبەردەوامی لەسەرە.

ئەدەب، لە هەموو کـایە و جۆرەکـانی خۆیـدا، توانـایەکی بەهێزی هەیە بۆئەوەی دەنگ بداتەوە بە بێدەنگەکان و ئەو ڕاسـتییانە بخاتە بەرچاو کە زۆرجار لە ڕاپۆرتە شـیکاری

و ڕۆژنامەوانییەکان و هەروەها میژوویی و یاساییەکانی تاوانەکاندا بە تەواوی نادیارن. لەم ڕوانگەیەشەوە ڕۆمان و شیعر و چیرۆک و یاداشت و چاوپێکەوتن هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز بارودۆخی مرۆڤ لە کاتی تاوانەکاندا دەخەنە ڕوو و یارمەتیی دەدەن تا خوێنەر تەنها زانیاری وەرنەگرێت، بەڵکوو هەست بە قورسایی ئەو ئازار و ئەزموونانەش بکات کە قوربانییەکان لە چوارچێوە و چرکەساتی تاوانەکاندا دەیچێژن.

ژانری چاوپێکەوتن یان گفتوگۆ وەک جۆرێکی ئەدەبی و بەڵگەیی و هاوکات ڕوانین و ڕامان بەسەر تاوان و ڕووداو یاخوود هەر پرس و بابەتێکدا، شێوێکە بۆ چڕبوونەوەی سەرنج و شیکاری و قوواڵبوونەوە و هەڵێنجان. لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە قسەی ئەوانەی لە ڕاستییەکە نزیکبوون یان لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا کاریان کردووە، دەگاتە دەستی خوێنەر بەبێ ئەوەی گرنگیی هەست و مرۆڤایەتی لەدەستبدات. بەم شێوەیە، گفتوگۆ تەنها گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکوو بەشێکە لە پاراستنی بیرەوەریی کۆمەڵایەتی و بەرگری لە ڕاستی. پاشان ئەم گفتوگۆیە جیاوازە، چونکە لە هەوڵی ئەوەدایە لە ڕێگای گفتوگۆیەکی هەمەلایەنەوە ڕۆڵی ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە لە ناساندنی تاوانی جینۆساید و

کاریگەریی و کارلێکەکانی بخاتە ڕوو یان بەدەربڕینێکی تر شـــەنوکەوی ڕۆڵی ئەدەب لە هێنانەســـەرەوەی دەنگە تاساوەکانی ناو تاوانی جینۆساید بکات.

دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە ئێمە خوازیاری ئەوە نیمان تەنیا لە خولگەی تاواندا گفتوگۆ بکەین، بەڵام کاتێک بە میژووی دوورونزیکی نیشـــتمان و نەتەوەکەماندا دەچینەوە، یان جینۆساید کراوین یاخوود لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی جینۆســـایددا بووین، ئەمەش وامان لێدەکات و دەخوازێ لەجیاتی دەستبەئەژنۆدانیشتن، پەنجەرەیەک بۆ گفتوگۆی ڕەهەند و کاریگەرییەکانی تاوانەکە بدۆزینەوە و لە ئاستی بەرپرســـیارێتی ڕانەکەین. ئەم بەرپرســـیارێتییە وامان لێدەکات و پێمان دەڵێ و دەبێ ددانی پیا بنێین لە ناو دڵی تاوانی جینۆســـایدی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان و ئێزدییەکان و قەڵادزێ و ســـەردەشـــت و ســـەیدســـادق و دەرسیم و عامووداو و دەیان وێستگەی تر، هەزاران ڕۆمان و چیرۆک و دراما و شانۆنامە و دەقی نەنووسراو هەن و یەک بە یەکیان شایەنی نووسینەوە و گفتوگۆلەسەرکردنن.

ئێمە دەزانین و لەوە تێدەگەین، تـاوانی جینۆســـایـد کاریگەرییەکانی لەیەک ئاستدا نییە و نابێ و فرە ڕەهەندە، بۆ نموونە مرۆیی و ســیاســی و جوگرافی و دیمۆگرافی و ئـابووری و کۆمەڵایەتی و تەنـدروســـتی و دەروونی و

کولتووری و زمـانی و ژینگەیی و زۆری ترن. هەروەک کاریگەری لەســـەر ئەدەب هەیە، بە دیوێکدا دەیەوێ لە ڕووی تێکشکان و سڕینەوەی تەواوی ئەوانەی سـەرەوە، ئەدەبیش وەک بەشـێک لە سـەرمایە و سـەرخانی نەتەوە-گرووپی بەئامانجگیراو لەناو ببات. چونکە ئەوەی بڕوای بە فەلسەفە و فیکر و سیاسەتی جینۆساید و جێبەجێکردنی هەیە، لەوەش تـێـدەگـات ئەدەب و هـونەر بە هەمـوو ژانرەکـانیـانەوە ڕۆڵی گەورە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکە و ناســاندنی دیوە نامرۆیی و مەترســییەکانی بۆ ســـەر کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی دەبینن، ئەمەش پـاڵنەری سەرەکی ئەم گفتوگۆیەیە.

گرنگە خوێنەر بیزانێ بۆئەوەی گفتوگۆیەکی بابەتی بکەین و لە پێکانی ئامانجەکەمان نزیکبینەوە، ســـەرەتا کۆمەڵێ پرســـیاری بنەڕەتیمان لە (دکتۆر هەژار فەقێ ســـلێمان(پســـپۆر و شـــارەزای بواری ئەدەب کرد، بەم شـــێوەیە: مێژووی تاوانەکانی جینۆســـاید و کاریگەرییان لەســـەر ئەدەب، چۆن پۆلێن بکرێن؟ کـاریگەرییەکـانی تـاوانەکـانی جینۆساید و ڕەنگدانەوەیان لەنێو کایە جیاجیاکانی ئەدەبدا، تا چی ئاســـت و پلەیەکیان گرتووە؟ بۆچی گرنگە تاوان ڕەنگدانەوەی لەناو کایەی ئەدەب و ژانرەکانیدا هەبێت؟ بەگشـــتی ئەدەب کـایەیەکی مرۆییە و جینۆســـایـدیش

کردەیەکی دژەمرۆیی، ئـایـا هەر لەبەر ئەمەیە زۆرجـار ئەدەب لەنـاو ئەم کردە نـامرۆییەدا بەدیوە مرۆییەکەی دەبینیەوە؟ مێژووی کورد بەشـــێکە لە جینۆســـاید وەک ســـتەملێکراو، چۆن ئەو مێژووە لەڕەنگدانەوەی ئەدەبیدا پۆلێن بکەین؟ ئەگەر ڕاســـت بێت (ئەکرێ ئەدەبی کوردی بەخوێنســـارد دەســـتنیشـــان بکەین لە کارکردن لەســـەر ڕەهەند و کاریگەرییەکانی تـاوانی جینۆســـاید لە دژی کۆمەڵگەی کوردەواری) ئەگەر وانییە، ڕۆڵی ئەدەب لە ناساندنی تاوانەکە بە دەرەوە و دنیابینیی خۆی لەکوێدایە؟ تۆ لە ژینگەیەکی بەرکەوتووی جینۆســـایددا پەروەردە و گەورە بوویـت، دەمەوێ بزانم ئەزموونتـان لەم بـارەوە چییە؟ چۆن مامەڵەتان لەگەڵ کاریگەرییەکانی تاوانەکەدا کردووە لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە؟ چیرۆک و کەرەســـتەی خاممان زۆرن، زۆریشـمان لەدەســتچوون، چی بکرێ بۆ تەوزیفکردنیان لە کایەی ئەدەبدا؟

ئیتر لێرەوە و لە ڕێگەی گفتوگۆیەکی کراوەوە لەگەڵ دکتـۆر هەژاردا، هەوڵـمـانـداوە بە وەڵامـدانەوەی ئەو پرسـیارانە و چەندین پرسـیاری تر، سـەرنج بخەینە سـەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئەدەب لە ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید لە کوردســـتان و پاراســـتنی یادەوەریی قوربـانیـان و دروســـتکردنی هۆشـــیـاریی و ڕۆڵی نووســـەران و

چیرۆکنووس و ڕۆمانناووس و شـــاعیران لە ناســـاندنی ڕەهەند و کاریگەرییەکانی تاوانەکاندا.

ئومێد دەکرێت ئەم گفتوگۆیە ببێتە بەشـــێک لە هەوڵی بەردەوام یـــاخـوود لایەنی کەم پەنـجەرەیەک بـێـت بـۆ گفتوگۆیەکی فراوانتر، لە بەرجەســـتەکردن و ناســـاندنی تاوانەکانی جینۆساید و ئەنفاکردنی گەل و نیشتمانەکەمان بەبەردەوامی و ناساندنی بە دنیای دەرەوە و پێشگرتن لە مەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی.

تەها سلێمان
کەنەدا- تۆرینتۆ
٢٠٢٦

پۆلێنکردنی تاوانەکانی جینۆساید

تەها سلێمان: مێژووی تاوانەکانی جینۆساید و کاریگەرییان لەسەر ئەدەب، چۆن پۆلێن بکرێن؟

هەژار فەقێ سلێمان: سەرەتا دەستخۆشی و ماندوونەبوون بۆ ئێوەی ئازیز، سوپاس بۆ ئەم گفتوگۆ و دەرفەتە و بۆ خەم و خزمەتی هەمیشەیی و قوولّی ئێوەش لە بواری جینۆسایددا. نووسینە فرە ڕەهەند و دەوڵەمەندەکانی ئێوە لەم بوارەدا، جێکەوتی گەورەیان داناوە و هەوڵە بەردەوامەکانتان لەبیر ناکرێت.

بەهیواین بتوانین گفتوگۆ و دیالۆگێکی ئەدەبی و زانستی، شایستە و بارتەقای ئازار و جینۆسایدەکانمان، پەیوەست و گرێدراو بە پرسی ئەدەبەوە، بکەین. هاوکات بتوانین سەرنج و تەفرنجەی خوێنەرانی ئێستا و داهاتوومان کێشی نێو بابەتگەل و پرسیارگەلێک لەم ڕووە بکەین، کە چۆن لە ئێستادا دوانەی جینۆساید و ئەدەب ئاوێزان و ئامێتەی یەکتر بوونە و دەبن. ئەرکی ئەدەب لەم

کۆنتێکســـتەدا چییە و چۆنچۆنی و بە چ تەکنیکێک ئازارە دەستەجەمعییە مرۆڤینییەکان لە ژانرە جیاوازەکانی ئەدەبدا (ئەدەبی شـــیعری و ئەدەبی گێڕانەوەیی وەک چیرۆک و ڕۆمان و شـــانۆنامە و یاداشـــت و بیرەوەری و نامەی ئەدەبی و ...هتد، لەپاڵیشـــیاندا ئەدەبی زارەکی (شـــیعری شـــینگێڕان و لایلایە و لاواندنەوە و مەقام و هۆرە) و ســـروودە بەرگرییەکان)، ڕەنگڕێژ دەبێت و ڕەنگدەداتەوە. هـــاوڕێـش بـوارگەل و بـابەتـگەل و پەیـوەســـتـیـیە وردەکارییەکانی تری نێوانیان بەرباس بدەین، لە چەشـــنی بەبەڵگەکردن و بەئەرشـــیفکردن و شـــکاندنی بێدەنگی و زیندووهێشتنەوەی بیرەوەری و یادەوەریی هاوبەشی گەل و نەتەوە و دروســـتکردنی هاوســـۆزی و بایەخدان بە ڕزگاربووان و چارەســـەر و چاکبوونەوە و گەڕانەوەی دادپەروەری بۆیان لە ڕێگەی ئەدەبەوە .

هاوکات قســـەکردنن لەســـەر شـــێوازی تەکنیک و تیۆری زمان و گێڕانەوە لەم پرســـەدا و بەرباســـدانی ئەدەبی جینۆسایدی گەلانی دنیا و زۆر بابەتی تر، کە دەخوازم لە میانی گفتوگۆکەماندا هەڵوەستەیان لەسەر بکەین و بەپێی توانا لێیان بدوێین.

هەوڵدەدەم پێش چوونە ســـەر پرســـیارەکە، بە کورتی لەســـەر هەر ســـێ چەمکی گفتوگۆ (دیالۆگ) و ئەدەب و جینۆساید بوەستم، تا ببێتە دەروازەیەک بۆ ئاشنابوون و تێگەیشتنی زیاتر لەمەڕ گفتوگۆکەمان.

دیارە لەمڕۆدا دیالۆگ و تایبەتتر دیالۆگی ئەدەبی، وەک ژانرێکی نوێ و گرنگی دنیـا و بەســـتێنی ئەدەب لێی دەڕوانرێت، چون ئاوێزانە بە نزیکەی کۆی ژانر و جۆرە ئەدەبییەکانی تر.

گفتوگۆی ئەدەبی لە بارەی جینۆســـایدەوە، کۆمەکمان دەکات لەوە تێبگەین کە چۆن شـــاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووســـان تخووبەکانی بابەت و زمان دەشـــکێنن و بیرۆکە و چیرۆک و زمـانێکی نوێ دەهێننە ئـاراوە، تـا گوزارشت لە ئازارێکی کاریگەر و بێدەنگ و ساکاو بکەن.

دەوترێت گەر مێژوونووس و سیاسەتمەدار و ئەرشیفساز و بەڵگەنامەســازانی جینۆســاید وەک ژمارە و ڕێککەوت و دۆکیۆمێنت بنووســـنەوە، کە هەڵبەت کارەکانی ئەوانیش گرنگ و بنیاتســـاز و تەواوکارە، ئەوا گفتوگۆی ئەدەبی سەرنج و دیقەت دەخاتە سەر ئەوەی چۆن ئەدەب دەچێتە ناو ناخ و هەستی قوربانییەکانەوە لەو چرکەساتانەدا، تێیدا

پرسیار و خەون و ئاوات و ئازارەکانیان بەرباس دەدات، باس لە دوانیگای دایکێک و جگەرگۆشەکەی لە وەختی لێکجیاکردنەوەیان و مالئاوایی باوکێک و منداڵەکانی و کۆمەڵکوژی و ساردبوونەوەی لەپڕی مرۆڤگەلێک لە چەند چرکەیەکدا و دۆخە دەروونییەکانی تینوێتی و برسێتی و تلانەوەیان لە جۆرە جیاوازەکانی ئازاردا، دەکات و دەیگەیەنێتە لای هەر مرۆڤێکی خودان-هەست لەم سەر زەوییەدا و هاوبەشییان پێدەکات.

بۆ گرنگیی ئەم جۆرە لە دیالۆگ لەم کۆنتێکست و بەستێنەدا کە جینۆسایدە، قسەیەکی (سڤێتلانا ئەلیکسیڤیچ)، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بیلاڕووسی و براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتم بیر دێتەوە، نووسەر بەرهەمێکیشی (جەنگ هیچ ڕووخسارێکی ژنانەی نییە) بۆ زمانی کوردی لەلایەن (هیوا قادر)وە وەرگێڕدراوە، ئەلیکسڤیچ دەبێژێ حەقیقەتی جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان لای یەک کەس، یانخود لە ناو یەک کتێبدا نییە، بەڵکوو چون ڕۆحی هەلاهەلابووی قوربانیان پارچەپارچە و وردورد بووە بەسەر هەست و نەستی هەزاران مرۆڤدا، گفتوگۆش ڕێگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی ئەم پارچە پەرتەوازانە لە یەک وێنەی گەورەدا.

ئەم گفتوگۆیەمان هەوڵدەدات پارچەیەک بخاتە ســەر وێنە گەورەکەی پرسی بواری جینۆساید بەگشتی و لە نێویشیدا جینۆسایدی گەلی کورد لە ئەدەبدا بەتایبەتی. دەشخوازین ڕەخنە و خوێندنەوە و گفتوگۆی نوێ و گۆشەنیگا و دیدگا و دەلاقەی جیاواز بەدوای خۆیدا بهێنێت.

جێی باســـیشـــە لە دیـالۆگدا بـابەتگەلێک دەوترێن و دەورووژێنرێن، لە ژانرەکـانی تردا نـاوترێن، بەهۆی ســرووشـتی هەر یەک لەو ژانرانەوە. پانتایی ئیشـکردن و پەیڤین لە دیـالۆگدا بەرینترە و کراوەتر و ئـاوەڵاترە، هەم بابەتییە و هەمتریش خودییە. بۆ نموونە کۆمەڵێک باس و هەســـتی خودی و ڕەخنە و پێشـــنیاز و گازندەگەلێکی ڕاســتەوخۆ هەن، یان دەســتخۆشـــی و پێزانین بۆ هەوڵی نووســـەران و وەرگێڕەکان و ناوهێنانیان و پاڵپشـــتیان بۆ بەردەوامییـان بە تـایبەتی لە بواری جینۆســـــایددا، لە توێژینەوەی ئەکـادیمی و شـــیعر و چیرۆک و ڕۆمـان و ژانرەکانی تردا، ناوترێن.

دیـالۆگی ئەدەبی دەفرێکە جێگەی هەموو ئەوانە و زۆری تریشـــی تێدا دەبێتەوە، بەو مانایەی لە زۆر شـــوێندا نزیک دەبێتەوە لە ژانرە ئەدەبییەکانی تریش. دیالۆگی هاوشـــێوە

فره ڕەهەندە و سەر بۆ زۆر بابەتی تری نووسین و ژیان دەکێشـــێت. پاشـــخانی گفتۆلەگەڵکراوان پیشـــان دەدات و ئەوەی هانا ئاڕێنت دەیڵێت پەلکێشی ناو دیالۆگی گشتیشی دەکەیت و لە پەراوێزکەوتن و چوونەوەناوخۆی ڕزگاری دەکەیت. لە هەندێک شـوێن و جێگەشـدا، گەر ڕاگوزەریش بێت ناوی نووســـەران و بەرهەمگەلێکی ئەدەبی دەهێنرێن و ڕاڤە و شـــیکردنەوەی خێرایـان بۆ دەکرێن، دواجـار خـوێنەر دەخـاتە ســـەر کەڵکەڵەی بەدواداگەڕانی ئەو بەرهەمانە و کەمەندکێشـــی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و تێهزرینیانی دەکات.

لە بارەی ئەدەب و ئەدەبیاتیشـــەوە، کە پایەیەکی گرنگی گفتوگۆکەمانە، دەبینین ئەدەب زانســـتێکی تەواو مرۆیی و ژیانییە، نزیکترین زانستێکە لە مرۆڤەوە، کە وێنا و مۆمیای هەست و نەست و ڕەمەک و ئایدیا واقیعی و خەیاڵییەکانی دەکـات و دەیهێڵێتەوە. ئەدەب بە هەموو ژانرەکـانییەوە ئەرکی نوانـدنەوە و ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ژیـان و ئەزموونی مرۆیە.

هەوڵ و تەقالای ئەدەب، وێڕای هەوڵە ئیسـتاتیکی و زمانی و هونەرییەکەی لە خودی خۆیدا، هاوشـان لە دەرەوەشـرا

پیشـــــاندەر و شـــــرۆڤەکەری کۆی ژیـانە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و ئابووریـیەکەی مرۆڤیش دەکات، وەک (ئەلبێرت کـامۆ) دەڵێـت: ئەرکی ئەدەب و هونەر بەتەنها ئەوە نییە واقیع و کەتوار بگوازنەوە، ســـــەرباری ئەوەش ئەرکیان پیشاندان و دۆزینەوەی ڕاستییە نەوتراو و نەزانراو و پەنهانەکانیشە.

خوێنەرانی ئەدەب لە ڕێگەی نـاســـینی ژیـان و ئـازاری ئەوانی دیکەوە، دەتوانن قووڵتر لە خۆیان و لە دنیابینی و کولتوور و نـاســـنـامە جیـاوازەکـانی ئەوانی تر، تێبگەن. پانوپۆڕتر بە دەنگە جیاواز و چەشناوچەشنەکانی تری نێو ژیان ئاشنا بن. سا ئەو دەنگە جیاوازە، هەست و سۆز و ئەزموونی ژیـانی تـاکێـک بێـت، یـانخود دەنگگەلێـک کە زۆرجـار نوێنەرایەتیی ژیـانی دەســـتەجەمعیی کۆمەڵ و گەلێک دەکات. وەک چۆن (ســی ئێس لویس)ی نووســەری ئێرلەندی دەڵێت: ئەدەب و خوێندنەوەی ئەدەب ڕێگەمـان پێدەدات ڕووبەڕوو و بەرخوردی بیرکردنەوە و هەســـتی ئەوانی تر ببینەوە.

ئەدەب و ژیان لە سەروەخت و دوای ڕووداوێکی تراژیدیدا، بەیەکەوە دەبەســـترێنەوە و هاوشـــان و تەریب دەبن.

ئەدەبیش وەک ژیان لە هونەرێکی بارگاوی بە جوانی و ئیستاتیکاوە دەبێتە قەڵا و قەڵغانێکی بەرگریی لە مرۆڤایەتی. ئەدەب لەو سەروەخت و زەمەنەدا ئەرکی قورس و پیرۆزی وێنای ژیان دەگرێتە ئەستۆ، چون دەریچە و دەلاقەیەکی گەورە و بەباندۆرە بۆ تۆمارکردنی ئازاری قوربانییەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی سڕینەوە و لەبیربردنەوە و فەرامۆشکردن.

ئەم پەیوەندییە قووڵ و ڕەگاژۆیە لەلایەن (ئێلی ڤیزڵ) کە ڕزگاربووی هۆڵۆکۆستە و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییە، دووپات دەکرێتەوە و دەڵێت: ئەدەب و نووسین دەبێتە شایەتحاڵێک بۆ قوربانییەکان و دەنگێک بۆ بێدەنگکراوەکان.

لە چاوی ئەدەبەوە، جینۆسایدیش وێڕای ئەوەی تیژترین و تراژیدیترین چەمکێکی نێو هەنووکە و مێژوویی مرۆڤایەتییە و پەلامار و هێرشێکی ڕێکخراو و قەستەسەر و مەبەستدارە بۆ قڕکردن و لەناوبردن و چۆڕەبڕکردنی تەواوەتی یان بەشێکی کۆمەڵێکی مرۆیی، سا لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئاینی یانخود مەزهەبی بێت، یانژی ڕێکارگەلێکی دڕندانەش کە دەبنە هۆی

تێکدانی بنەما سەرەکییەکانی ژیانی گروپێک، وەک سەپاندنی مەرجی سەختیی ژیان بۆ لەناوبردنێکی تەدریجی و گواستنەوەی زۆرەملێ لە گروپێکەوە بۆ ناو گروپێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. لە پاڵیشیدا و لە ئەدەبدا وەک هەوڵێکی درێندانە و بێزراوانەش دەبینرێت بۆ تیرۆرکردنی بیرەوەری و زمان و کولتوورێکی زیندوو بە هەموو ستراکچەرەکانییەوە.

داهێنان و بەرهەمی ئەدەبی، بە سوود وەرگرتن و سەربارخستنی گێڕانەوەکان لە زمانی شایەتحاڵەکانەوە، ڕێگە نادات تاوانباران و تاوانەکانیان بەسانایی تێپەڕن و بۆیان بچێتەسەر. ئەدەبیاتی جینۆسایید بەرگرییەکی ئینسانی و مەعریفی و نەتەوەییە لە دژی لەبیرچوونەوە و فەرامۆشی. ئەو دەنگە هەمیشە زیندوو و ئامادەیە دەکارێت لە ڕێگەیەوە هاواری قوربانیان لە چوارچێوە و بەستێنێکی لۆکاڵییەوە بگوازێتەوە نێو ویژدانی زیندووی مرۆڤایەتی. ڕابردووش بکاتە دەرسێک بۆ پاراستنی شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ لە ئێستا و داهاتوودا. هەر وەک چۆن (ڤیکتۆر فرانکڵ) دەروونپزیشکی نەمساوی و ڕزگاربووی کەمپەکانی مەرگی نازییەکان، خودان قوتابخانەی واتادەرمانی (لۆگۆتێراپی- دەرمانپێدان لە ڕێگەی واتا و

واتـای ژیـانەوە) و کتێبە نـاودار و جیهـانییەکەی (گەڕانی مرۆڤ بەدوای واتادا- بە کوردی هەیە و لەلایەن محەمەد محەمەدمرادییەوە وەگێڕانی بۆ کراوە)، دەڵێت گێڕانەوە و هونەری گێڕانەوە و بوێریی گێڕانەوە یارمەتی مرۆڤایەتی دەدات فۆرمێک لە واتا بەو ئازارە قورســانە ببەخشــێت و ڕابردووە تاڵەکە بکاتەوە وانەیەک بۆ ڕزگاربوون و مانەوە و بەرگری، کۆمەکیشـــی دەکات تا واتا ببەخشـــێتە ئەو ژیانەی وا جینۆساید دەیویست بێواتای بکات.

ســـەبارەت بە پرســـیارەکەش، دەبینین لە هەناوی خۆیدا پرســـیـارگەلێکی ورد و پەلوپۆ و ڕایەڵەداری لەخۆدا هەڵگرتووە، هەوڵـدەدەین لەم گفتوگۆیەدا هەریەکەیـان لە دەلاقەی خۆیانەوە ڕوون بکەینەوە و لەســەری بدوێین. بۆ وێنە ئەدەب چۆنچۆنی و بە چ ئـامرازێک دەبێتە ئـاوێنەی باڵانمای ڕووداوەکان و بە چ شـێوە و شـێوازێک مامەڵە و بەرخوردی لەگەڵدا دەکات، بەتایبەتی ڕووداوە دژەمرۆیی و تراژیدیا و جینۆســـایدە یەک لە دوای یەکەکان، چۆنیش لە ناو خۆیدا دەیمەزرێنێت (تەوزیفی دەکات). پۆلێنەکە لە چ ڕوانگە و ســـۆنگەیەکەوە بێت؟ پۆلێنێکی کرۆنۆلۆژی و میژووی جینۆسایدەکان (ئەدەبی هۆڵۆکۆست و ئەرمەن و بۆســـنە و کەمبۆدیـا و ڕوانـدا و ئەنفـال و هەڵەبجە و

بـارزانییەکـان و فەیلییەکـان و دەرسـیم و ئێزدییەکـان و...هتد) بێت لە مێژووی ئەدەبدا، یـان ئەو کـاریگەری و جێکەوتانەی کە تاوانەکانی جینۆسـاید لە بەسـتێن و دوای بەسـتێنی خۆیاندا لەسـەر شـێوازی ئەدەبی و چێبوونی ژانری نوێی ئەدەبی لە ئاسـتی تێما و زمان و تێکشـکانی زمـان و وێنەی نوێ و خەیـاڵی ئەدەبیـدا هەیبووە، پۆلێن بکەین. یانژی هێنانەکایەی پرسیارگەلێکی مرۆیی گەورە بە مۆتیڤ و جێکەوتی جینۆسـایدەکان، کە ئیشـی ئەدەبە سـەبارەت بە ڕەفتارە سـەمەرە و پەنهان و شـاراوەکانی مرۆڤ و هاوسـۆزی و ڕزگارکردنی چیرۆکی قوربانیان و کاریگەری و چارەسەری تراوما و زۆری تر، بدوێت.

دەبینین هەر لە دیرۆکێکی کەونـارەوە مـرۆڤـایەتـی ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژیی جیاجیا و هەمەلایەن بووەتەوە، (د.باقر یاسـین) لە کتێبی (ڕیشـەکێشـکردن و دیکتاتۆریی تاکباوەڕی لە عێراقدا)، تاڕادەیەک ڕیشـەیەکی مێژوویی بەرباس دەدات، کە چۆن لە سـەردەمی کلد و ئاشـوور و سـۆمەردا و بەتایبەتی حامورابی بە هێزی سـەربازی و کۆمەڵکوژی خەڵکی شـار و دەوڵەتشـارەکان، کۆتایی بەو فرەییە هێنا و هەموانی لەژێر سـایەی یەک پایتەخت (بابل) و یەک یاسـا و یەک سـەرکردەدا کۆکردەوە. بە دیدی

نووســـــەر، ئەوە یەکەمین تـاقیکردنەوەی دیکتـاتۆرییەتی مەرکەزی بووە لە جیهان و ناوچەکەدا. کتێبەکە کۆمەکێکی گەورەمـان دەکـات بۆ نـاســـینی ڕیشـــە و تۆرەمەکـانی دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکانی ناوچەکەمان. دواتریش کۆمەڵکوژی و گەمـارۆدانی شـــــاری قرتـاج لە لایەن ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەوە. هەروەسـا هێرشـی بەردەوامی مەغۆلەکان و تا کۆمەڵکوژی و جینۆســـایدی ســـەدەکانی دواتر. دیـارە زاراوەی جینۆســـــاید چەمکێکی تـازەیە و بەرهەم و داهێنراوی سەدەی بیستەمە.

مێژوو و پۆلێنبەنـدیی ئەدەبیـاتی جینۆســـــایـدیش وەک چەمکێکی ئەدەبیی ڕێکخراو و نـاســـــراو بە پێی ئەوەی ســـەرنجمان داوە و درکمان کردووە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیی کارکردنی ئەدەبییەوە، دەســـــەبەشـــــی ســـــێ وێســـــتگەی ســـــەرەکی دەبێت. یەکەمینیان جینۆســـــایدی ئەرمەنەکانە، یەکەم و بەراییترین تروووســـکایی ئەم ئەدەبە لە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەم و لە دوای کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکـان لەســـــەر دەســـــتی دەوڵەتی عوســـــمـانی وەدەرکەوت. شـــــاعیران و نووســـــەرانی ئەرمەنی (وەک ســـیامانتۆ و دانیاڵ ڤارۆژان) لە ڕێگەی شـــیعرەکانیانەوە، کـانیلە یەکەمینەکـانی ئەم ئەدەبەیـان دەردا، یەکەمیـان کە

فۆکلۆریستێک بوو، دواتر خودی خۆشی لەسەر دەستی عوسمانییەکان ژیانی لێ دەسەنرێتەوە. دواتریش ڕۆمانی ناوداری نووسەری نەمسایی (فرانتس ڤێرفل) بە ناوی (چل ڕۆژەکەی موساداغ) لە ١٩٣٣دا دەبینرێت، بوو بە یەکێک لە پایە سەرەتاییەکانی ڕۆمانی جینۆساید لە جیهاندا، باس لە بەرخۆدانی چەند گوندێکی ئەرمەنی دەکات لە کاتی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩١٥ لەسەر چیای مووساداغ. ئەم ڕۆمانە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە جیهاندا هەبوو، هۆشیارییەکی گەورەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان بەخشیوە و کراوەتە فیلمیش، بەداخەوە نەمبینیوە ڕۆمانەکە کرابێتە کوردی.

دووەمیشیان ئەدەبیاتی هۆڵۆکۆستە لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەم ئەدەبیاتە ئەو خاڵی وەرچەرخانە بوو، کە ئەدەبیاتی جینۆسایدی وەک بوار و کێڵگەیەکی ئەکادیمی و ئەدەبیی سەربەخۆ لە جیهاندا جێگیر کرد.

لە دیارترین پرۆژە ئەدەبییەکانی ئەم وێستگەیە و بەتایبەتی ئەدەبی شیعری، ناوی شاعیری ڕۆمانی ئەڵمانیزمان (پۆڵ سیلان) دێت، کە جێی دەستخۆشییە

بەشـــێکی زۆری شـــیعرەکانی لە لایەن (کەریم پەرەنگ و ڕزگار شـــێخانی و پەیمان عەلیپوور و شـــاهۆعوســـمان و کلارا جەمشـــید)ەوە لە گۆڤاری شـــیعر و ئیلیان و لە پرۆژەکتێبی باڵندەدا کراونەتە کوردی. هێند ئاگاداریش بین (ئازاد حەمە) و (پێشڕەو محەمەد) و نووسەرگەلێکی تریش چەند وتارێکی تێر و تەســـەلیان لەبارەیەوە نووســـیوە. یەکەم کتێبی ســـیلان لە ســـاڵی ١٩٤٧دا بڵاو کرایەوە، زۆر کەم لای لێکرایەوە. دووەم کتێبی بەناوی (خەشـــخاش و یادەوەری) چاپ کرد، ئەم کتێبەیان ناوبانگێکی زۆری بۆ هاورد و پەســـن و ســـتایشـــێکی فرەیش کرا. یەکێک لە بەناوبانگترین شـــیعرەکانیشـــی لەو کاتەدا، بریتیبوو لە (فۆگی مەرگ)، شیعرەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

شیری ڕەشی کازیوە

بەڵام ئێمە

لە ئێوارەاندا

دەیخۆینەوە

لە بەیانیاندا

لە نیوەڕۆیاندا

لە شەواندا دەیخۆینەوە و دەیخۆینەوە

لە هەوادا گۆڕێک هەڵدەکەنین

لە هەوای تەنگدا ئارام ناگرین

ئەو پیاوەی لە ماڵەوە دەژێت لەگەڵ مارەکاندا

یاری دەکات، دەنووسێت

دەنووسێت وەختایەک خۆرئاوا دەبێت

بە ئەڵمانی پرچی زێڕینی نێو مارگارێتە دەنووسێت و

دەچێتە دەرەوەی مـــاڵ و فیکە بە ڕووی ئەســـــتێرە درەوشاوەکاندا لێ دەدات

بانگی سەگەکانی دەکات

فیکە لێ دەدات

بانگی جووەکانی دەکات

تا گۆڕێک هەڵکەنن

ئێستا فەرمانمان پێ دەکات

گۆرانی بچڕین و سەما بکەین...

وێنە شـــیعرییە پڕ پارادۆکس و دژوازەکانی ئەم پارچە شـیعرە، بە تایبەت پارادۆکسـی شـیری ڕەشـی کازیوە و وێنـاکـردنـی مەرگ وەک شـــلەیەکـی ژەهـراوی، کە قوربـانییەکـان شـــەو و ڕۆژ دەیخۆنەوە، کـاریگەرییەکی تەزووهێنەر و ڕیشـــاژۆ بە دەروونی خوێنەردا دەهێنێت. شـــاعیر لە ڕێگەی تێکەڵکردن و بەرامبەرکردنی چەمکە هێمنەکانی وەک (شـــیر و کازیوە و پرچی زێڕین) لەگەڵ دیمەنە ترســـناکەکـانی وەک (گۆڕەهەڵکەنـدن لە هەوا و یاریکردن لەگەڵ مار و مۆســـیقای زۆرەملێ بۆ ســـەمای مردن)، فەزایەکی تەمومژاوی و غەمەنگێزی چێ کردووە، وا دەکات خوێنەر لە ناخەوە هەست بە شۆکی دەروونی و نامۆبوون و ئەو بێهیواییە ڕەهایە بکات وا مرۆڤی قوربانی لە دەم و ســـەروەختی جینۆســـایددا تێیدا ژیاوە. دەبینین ئـازارەکەی لە ڕووداوێکی مێژوویی دوورەوە گۆڕیوە بۆ برینێکی دەروونیی زیندوو لە ویژدانی ئێستای ئێمەدا.

لە ئـاســـتی ئەدەبی گێڕانەوەشـــدا، هەڵبەت بەرهەمێکێ زۆروزەبەندیان هەن، بەپێی توانا و ئەزموون و ئاگاداریم، هەوڵ دەدەم بەخێرایی نـاوی چەند ڕۆمـان و چیرۆکێک ئاماژە پێبدەم و شـــیکاریان بکەم، کە بۆ ئێرە و خوێنەران گرنگن.

یەک لەو بەرهەمانەی ئەدەبی گێڕانەوەیی هۆڵۆکۆســـت، ڕۆمـانی (ئەگەر ئەمە مرۆڤ بێـت)ی (پریمۆ لیڤی)یە، بە یەکێـک لە گرنگترین ئەو بەرهەمـانە دادەنرێـت لەبـارەی هۆڵۆکۆسـتەوە و لە سـاڵی ١٩٤٧دا نووسـراوە، واتا تەنیا دوو ســاڵ دوای ڕزگاربوونی نووســەرەکەی، وەختایەک گەنجێک بووە لە ســەرەتای بیســتەکانی تەمەنیدا. لێ کتێبەکە بە زمـانێکی بـاڵا نـووســـراوە و تەواوی وردەکارییەکانی ئەزموونی ژیان و مانەوەی لە یەکێک لە کەمپەکـانی کـاری زۆرەملێی نـازییەکـان دەگێڕێتەوە، لە ســاتی دەســتگیرکردن و گواســتنەوەیەوە تا ئەو کاتەی کەمپەکە لەلایەن ســوپای ســۆڤیێتەوە ڕزگار کراوە. ئەم یاداشتە ڕۆمانە، هاوڕێی زێدە ئازیزمان مامۆستا (سەیوان محەمەد) لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانێکی جوان و پاراوی بۆ کردووە. تێیدا لیڤی شـــیکاری و باســـی وردی ئەو یازدە مانگەی خۆی دەکات، کە لە کەمپی ئاوشـــفیتز بەســـەری بردووە. ڕۆمانەکە پرســـیار لە مرۆڤایەتی دەکات، چۆن نازییەکان توانیان مرۆڤەکان لە هەموو شـــتێک دابڕن، وەک دابڕین لە ناو و لە قژ و لە جلوبەرگ و دواجاریش لە کەرامەتیان. نووســـەر دەڵێت کاتێک مرۆڤ ئەو هەموو

شـــتەی لێ بســـەندرێتەوە، ئایا هێشـــتا دەکرێت بە مرۆڤ ناوبردە و ناوزەند و ناودێر بکرێت؟

هەر خودی مامۆســـتا ســـەیوان، بە خەم و هۆشـــیارییەوە بەرهەمێکی تری سەر بەم ئەدەبیاتەی، کە کۆمەڵە چیرۆکی (لێرەوە بۆ ژووری گاز، خانمان و بەڕێزان)ی نووســـەری پۆڵەنـــدی (تـــادیۆژ بۆرۆفســـــکی)یە، وەرگێڕاوە. لەم کۆچیرۆکەدا کـــائینێـــک کە خودی خۆیەتی لە نێو چەقی جەهەننەمی کەمپەکاندا لەدایک دەبێت، ســیمایەکی تاریک و لێڵی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. ئەوەی زیندان و تووندوتیژی و کاری زۆرەملێیی پێیان کردووە، بوونەتە بەشـــــێک لە جەوهەر و شـــوناس و بوونی ئەو. تاڕادەیەک بۆرۆڤســـکی لە ڕێچکەی باوی ئەدەبیاتی هۆڵۆکۆســـــت بەرەو دەرەوە دەکشێت. دەرەوە مەبەست لێی ئەو ئەدەبیاتە باوە نییە کە نووســـــەرەکانی تر کۆمەڵێک وێنەی دووبارە و پاتەبووەی ئۆردوگـــاکـــان دەگوازنەوە. ئەم بەجۆرێـــک لە بێبـــاکی و خوێنساردییەوە، پەنجە دەخاتە سەر وردترین جومگەکانی ژیانی ڕۆژانە، کە دواجار دەبنە پەنجەرە و دەروازەیەکی گەورە بۆ تێڕامـــان لە جەســـــتەی ئەو مەکینە دۆزەخی و دێوەزمەیەی کە مرۆڤایەتیی لەو سەردەمەدا، پێ دەهاڕدرا.

یەکێکی تر لەو ڕۆمانە دیارانە ڕۆمانی (شـــەو)ی ئێلی ڤیزێلە، کە ڕۆمانێکی بایۆگرافیئامێزە بە دە ســـاڵ دوای ڕزگاربوونێکی پەرجووئاســـای لە کەمپەکانی مەرگی نازییەکان، نووســـیویەتی. لەم ســـەردەمەدا بوو کە فەیلەســـوفی ئەڵمانی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) وتە بەناوبانگەکەی خۆی دەڵێت (نووسینی شیعر لە دوای ئاوشڤیتز، کارێکی بەربەریانەیە)، دیارە مەبەســـتی ئەوە بووە کەرەســـتە ئەدەبییە کۆنەکان، چیتر ناتوانن تەعبیر لەم قەبارە گەورەیەی هۆڤێتی و درێندەیی و چەوســـاندنەوەی بێبەزەییانە بکەن و پێویستە زمانێکی نوێ دابهێنرێت.

ڕۆمانێکی تری بواری ئەدەبی جینۆســایدی هۆڵۆکۆســت، ڕۆمانی (خوێنەرەوەکە)یە، کە یەکێکە لە شـــاکارە ئەدەبییە ناســـراوەکانی جیهان و لە لایەن نووســـەر و مامۆســـتای یاســـای ئەڵمانی (بێرنهارد شـــلینک)ەوە لە ســـاڵی ١٩٩٥دا نووســـراوە. ئەم ڕۆمـانە نـاوبـانگێکی جیهـانی بێوێنەی بەدەســـتهێنا و وەرگێڕدراوەتە ســـەر دەیان زمانی جیاواز (لەوانەش زمانی کوردی- پێشـــەوا فەتاح ڕاســـتەوخۆ لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕانی بۆ کردووە). ڕۆمانێکە شـــایەنی خوێندنەوەیە، چون بە زمانێکی ســـادە، بەڵام قوڵ، پرسیارە ئەخلاقییە گەورەکانی مرۆڤ دەوروووژێنێت.

ڕۆمـانێکی تر کە کراوە بە کوردی ڕۆمـانی (کوڕیژگە بیجامە خەتخەتەکە)یە، ڕۆمانێکی بەناوبانگی نووســـەری ئێرلەندی (جۆن بۆین)ە لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکرایەوە، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٨دا کرایە فیلمێکی سینەمایی سەرکەوتوو و بەناوبانگ. چیرۆکی ئەم بەرهەمە باس لە ســـەردەمی جەنگی جیهانی دووەم و هۆڵۆکۆســت دەکات، لە ڕوانگەی دوو منداڵی تەمەن نۆ ســـاڵەوە. ئەم بەرهەمە نیشـــانی دەدات، کە چۆن ڕق و کینەی گەورەکان و جەنگ بێتاوانیی منداڵان لەناو دەبات. جێی دەســـتخۆشـــییە ئەم ڕۆمانە لەلایەن (ماردین ئیبراهیم و شـلێر ڕەشـید)یشـەوە کراوەتە کوردی.

درەنگانێکیش ڕۆمانی (کتێبدز)، کە یەکێکە لە پڕفرۆشـترین و کـاریگەرترین ڕۆمـانە مێژوویییەکـانی دنیـا، لەلایەن نووسەری ئوستورالی (مارکووس زووساک)ەوە لە ساڵی ٢٠٠٥دا نووســـراوە و لە لایەن (هەڵمەت عوســـمان)ەوە کراوەتە کوردی، ڕۆمـانەکە کراوەتە فیلمیش (لە زۆر شـــوێندا ئاماژە بە کرانەفیلمی ڕۆمانەکان دەدەم، چەند مەبەستێکم هەن، لەوانە خوێنەران و فیلمدۆستان ئاراستە بکەم کە بیـانبینن و لە جینۆســـایدەکـانی دنیـا تێبگەن، هـاوکـات دەمەوێت ئەو ڕەخنەیەش ئـاراســـتەی دنیـای

فیلمسازی و سینەمای کوردی بکەم، کە لەم ڕووەوە چەندە هەژار و دەستکورتین). ئەم ڕۆمانەش هاوشێوەی ڕۆمانی (خوێنەرەوەکە)، چیرۆکەکەی لە ناو جەرگەی ئەڵمانیای نازی و جەنگی جیهانی دووەمدا ڕوودەدات، لێ بەگۆشەنیگایەکی زۆر تایبەت و جیاوازەوە. ئەمە هێزی ئەدەب پیشان دەدات لە نواندنەوەی دۆخی ئەوکاتی جینۆسایدا، هێزی ئەدەبیشە دەتوانێت واقیع و خەیاڵ لێک موتوربە بکات. دوو تێمای دیاری ڕۆمانی کتێبدز ئەوەیە چۆن پەیڤەکان دەتوانن ببنە هێزێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دڕندەیی و تەنانەت لە کاتی بۆردومانەکانیشدا لە پەناگەکاندا کتێب بۆ خەڵکەکە خوێنراوەتەوە بۆ ئەوەی نەترسن و شتێک لە ئارامی و پاڵپشتیان بۆ بگەڕێتەوە، وەک ئەوەی لە فیلمی (ژیان جوانە)دا دەیبینین. هاوکاتیش ئەوە بەرباس دەدات کە هێشتا مرۆڤی ئاسایی ئەڵمانی هەبوون، ویژدانیان زیندوو بووە و ژیانی خۆیانیان خستووەتە مەترسییەوە بۆ پاراستنی ئەوانی تر، بەتایبەتی جوولەکەکان. ئەم تێما و بابەتەی دوایی لە ئەدەبدا خاڵێکی جەوهەرییە، چون ڕێگری دەکات لە حکومدانی ڕەها بەسەر گەلێکدا و ئەدەب هەمیشە هیوابڕ نابێت لە مرۆڤانێک تەنانەت ئەگەر لە ژێر سایەی دەڕندەترین

دەســـەڵاتەکانیشـــدا بن. شـــتێکیش لە بەرپرســـیارێتیی تاکەکەسیی مرۆڤەکانیش پیشان دەدات، وەک لەم دواییەدا و لای خۆمان لە ئاشکراکردنی حەجاجی بەرپرسی زیندانی بەدناوی نوگرەســـەلمان، لە ڕێگەی چەند هاوڵاتییەکی عەرەبەوە، بینیمان.

ڕۆمانێکی تر کە لەسەروبەندی ئەم گفتوگۆیەدا خوێندمەوە، ڕۆمانی (دوژمنان)ی (ئیســاک ســینگرە)یە و نووســەری پۆڵەندی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە و ڕۆمانەکە (جەبار سابیر) وەرگێڕانی بۆ کردووە، دەمەوێت لەگەڵ ئێوە و خوێنەراندا هــاوبەشـــی پێبکەم. ڕۆمــانەکە بــاس لە ڕووداو و ســـەرهاتەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و تایبەتتر ســـاڵی ١٩٤٩ی نیویۆرک دەکات. کارەکتەری ســـەرەکی پیاوێکی جووە بە نێوی (هێرمان برۆدەر) لە پرۆســـەی بەدناوی جینۆسایدی هۆڵۆکۆست ڕزگاری بووە. لە نێوان ســێ ژندا گیرۆدە بووە، ژنێکی پۆڵەندی کە لە ســەردەمی جەنگدا شاردوویەتییەوە و خۆشەویستەکەی و هاوسەری یەکەمی کە پێشتر وای زانیوە مردووە، بەڵام دەگەڕێتەوە. ســینگرە بە شــێوازێکی هونەری لایەنە تاریکەکانی مرۆڤ وەک ئارەزووی خراپ و گوناە و و لاوازی دەروونی لە بەردەم تــاقیکردنەوەکــانــدا دەردەخــات. کــارەکتەرەکــانی

هەمیشــە لە نێوان یادەوەرییەکانی ڕابردوو لە شــارۆچکە بچووکەکان و جیهانی ســـــاردی شـــــاری گەورەکاندا دەتلێنەوە و هەڵدەکورمێن. لە نێوان جیهانی تۆندی ئاینی و پڕ لە باوەڕی باو باپیرانیان و گومانە فکرییەکانی سەردەمی مۆدێرندا ڕاوەستاون. پرسیار لە بوونی خودا، قەدەری ئیلاهی و هۆکاری تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ دەکەن، بەبێ ئەوەی بەسانایی بتوانن بە تەواوی لە باوەڕ دابڕێن یان بە تەواوی تێیدا بمێننەوە. ناوی دۆژمنانیش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەر سێ ژنەکە بوونەتە دۆژمنی یەکتری، هەمووشـــیان دۆژمنی ئەو ڕابردووە ترسناکەن وا لە هۆڵۆکۆستەوە بۆیان بەجێماوە.

لە پۆلێنی کۆتاییشـــدا جینۆســـایدە هاوچەرخەکان کۆتایی سەدەی بیستەم تا ئێستا دەگرێتەوە، ئەم ئەدەبە فراوانتر بوو بۆ ناوچەکانی تری جیهان لە دوای تراژیدیا گەورەکانی وەک جینۆســـایدی ڕواندا (١٩٩٤) کە لە نێوان دوو گرووپی قەومیی (تووتسی) و (هوتوو)دا ڕووی داوە، لە ماوەی کەمتر لە ســـەت ڕۆژدا ملیۆنێک و حەفتا هەزار کەس لە قەومی تووتســـی لە لایەن هوتووەکانەوە جینۆســـاید کران. هەڵبەت تایبەتمەندی و ئەدگارەکانی ئەدەبی ئەفریقی تاڕادەیەک جیاوازترە لە ئەدەبی

هۆڵۆکۆســـت و ئەرمەن، جیاوازییەکەش لەوەدایە ئەدەبی جینۆســایدەکەیان پەیوەســت و ئامێتەیە بە کۆڵۆنیاڵیزمی ئەورووپی و فـرەیـی لە ئەدەبـی زارەکـی و خـیـانەتە نزیکەکـانی وەک دراوســێی وڵات و گەڕەک و کۆڵان و هاوڕێ و هاوســەر و تێکەڵکردنی زمانی خۆیان بە زمانی فەرەنســی و ئینگلیزی بەمەبەســت، کە ئەوان ناتوانن لە برین و ئازارەکانیان تێ بگەن.

جینۆسـایدی (بۆسـنە و هەرسـک)یش، یەکێکە لە تاریکترین لاپەڕەکـانی مێژووی ئەوروپـا لە دوای جەنگی دووەمی جیهـانی. لە مـاوەی ســـاڵانی ١٩٩٢ تـا ١٩٩٥، لە کـاتی هەڵوەشـــانەوەی یوگســـلاڤیا، بۆســـنە و هەرســـک بووە گۆڕەپانی شـــەڕێکی خوێناوی کە تێیدا هێزە ســـڕبییەکان دەســـتیان دایە پاکتاوکردنی ئیتنی و کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە موسوڵمانانی بۆسنەیی و کرواتەکان. بەداخەوە نزیکەی هەموو نووســـەران و خوێنەرانمان ئاگاداری ئەم ئەدەبەی جینۆســـــایـد و ئەوانی تر نین. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دامەزراوەیەکی یەکگرتووی وەرگێڕان و بایەخی وەرگێڕان و نەبوونی کولتووری خوێندنەوە، دیارە هەوڵی وەرگێڕانەکانمان تەنها لە ئاســـتی تاکەکەســـی و خەمی تاکانەدا بووە.

جینۆســـایدی ســـریلانکا، یان کۆمەڵکوژییەکان دژی گەلی تـامیـل، کە ئـامـاژەیە بۆ زنجیرەیەک تـاوانی گەورە و پـاکتـاوکردنی ڕەگەزی، لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی سـریلانکاوە بەرامبەر بە کەمینەی تامیلی ئەنجام دراون، بەتایبەت لە کاتی جەنگی ناوخۆی ســـریلانکادا کە لە نێوان ساڵانی (١٩٨٣ - ٢٠٠٩) بەردەوام بوو. لە ئاستی نێودەوڵەتیـدا زۆرجـار ڕێکخراوەکـانی داکۆکیکـار لە مـافەکـانی مرۆڤ، بەرهەمە ئەدەبییەکـانی نووســـەرانی تـامیلیـان بەکـارهێنـاوە بۆ پـاڵپشـــتی و نـاســـانـدنی جینۆسایدەکە.

دواجاریش جینۆسـایدە خەوفناک و هۆڤناکی یەک لە دوای یەکەکانی گەلی کورد لە بەشـەکانی کوردسـتاندا. بێگومان لەسەری دەوەستین و ئەرکمانە پانوپۆڕتر گفتوگۆ لەسەر پرسی جینۆسایدی نەتەوەکەمان لە ئەدەبدا، بکەین.

ئەدەب و جینۆساید

تەها سلێمان: لە سەرەتاوە دەڵێیت (گفتوگۆی ئەدەبی لە بارەی جینۆسایدەوە، کۆمەکمان دەکات لەوە تێبگەین کە چۆن شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووسان تخووبەکانی بابەت و زمان دەشکێنن و بیرۆکە و زمانێکی نوێ دەهێننە ئاراوە بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئازارێکی کاریگەر و بێدەنگ بکەن)، نامەوێ ئەمە بە سانایی بەسەرماندا تێپەڕبێت و دەمەوێ ڕاتبگرم و ئەو تخووبانە چین لەگەڵ زمان تێکدەشکێنرێن و چۆن فۆرمۆڵەی زمانێکی نوێ دەکەن بۆ گوزارشت لە ئازار؟

هەژار فەقێ سلێمان: ئەم پرسیارە پرسیارێکە، دڵنیام وەڵامەکەی خۆیەرە زرنگەکان و ئەدەبدۆستان لەم دیمانەیەدا لێمان چاوەڕێ دەکەن. دەر و دەروازەی کۆمەڵێک بابەتی تیۆریی چڕ و دەیانلۆ و بەیەکداچوومان لێ دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەرکی زمان و زمانەوانیی دەماری (نیورۆلینگویستیک) و زمانەوانیی دەروونی (سایکۆلینگویستیک) و تیۆری شیعر لای سیمبۆلیستەکان

و گرنگترینیشـــــان که بـاســـــەکەی خۆمـانە (ئەدەب و جینۆسـاید) ئەوەیە ئەو جۆر و هونەرە شـیعرییە جیهانیانە کامانەن وا بۆ ئەم بابەتە دەشـــێن و دەســـت دەدەن، کە بابەتی زمان چۆن ئیش دەکات بۆ ئەوەی ئازار بنوێنێتەوە.

کـاریگەرترین و جیـاوازترین تـایبەتمەندیی مرۆڤ بوونی زمانەکەیەتی، دیارە مێژووی زمانی نووسـراو دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ســـاڵ پێش ئێســـتا، مرۆڤ وەختێک زمانی داهێنا خۆی ناسی، خۆی ناسی بەو مانایەی بیری کردەوە، هەڵبەت نامەوێ بچمە نێو وردەکاریی تیۆرە جیاوازەکانی پەیدابوونی زمان. من باوەڕم بە تیۆری داهێنانی زمانە لە لایەن خودی مرۆڤەوە و ڕێزیش لە ڕاوبۆچوونەکـانی تر دەگرم.

ڤیتگنشـــــتاین گەورەترین و کاریگەرترین فەیلەســـــووفی بواری زمان دەڵێت سـنووری زمانی من، سـنووری جیهان و بیرکردنەوەکانمە، وەک چۆن هایدگەر وێنەکە گەورەتر دەکـاتەوە و زمـــان بە مـــاڵی بوون دەچوێنێـت. ئەمە دەریچەیەکە تـــا لێوەی لەبـــارەی زمـــانەوە بـــدوێین و مەبەستیشم هەیە.

زمان وێڕای ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی، گەورەترین نێوەندی پەیوەندییە لە نێوان تاکەکانیشـــدا. لە ڕوانگەی مێژوویی و

زانستییشەوە، پەرەسەندنی لێکۆڵینەوە لە ئەرکەکانی زمان چەند قۆناغێکی بڕیوە، لە چوار ئەرکە سەرەتاییەکەی زمانەوانە دێرینەکانەوە گەیشتووەتە حەوت ئەرک.

لە دیارترین و سادەترین ئەو ئەرکە کردەییانەی زمان وا مرۆڤ ڕۆژانە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی پەنایان بۆ دەبات، بریتیین لە گەیاندنی زانیاری و هەواڵ و دەربڕینی هەست و سەرسوڕمان بەهۆی ئاواز یان ئامرازی تایبەتەوە و پڕکردنەوەی کەلێنی زانیاری لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە. هاوکات زمان بۆ وروژاندنی هەست و ئارەزووی دەروونی، فەرماندان و داواکاری بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان و زۆری تر. فراوانتریش دەبێت بۆ دۆخەکانی خۆسەپاندن و جێخۆشکردن لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی سڵاوکردن و ئاخاوتنی ڕۆژانە و پاڕانەوە و دوعاکردن، یانخود سەپاندنی بڕیار لە ڕێگەی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەوە. لە کۆتایی ئەرکە هەمەچەشنەکانیشیدا، زمان بە دیدی (میشێل هالیدەی) دەبێتە کۆگا و هەمبانەیەک بۆ تۆمارکردن و پاراستنی کولتوور و ڕەمزی گەلانیش.

زمان لە ئەدەبیشدا جیاوازتر کاردەکات و ئەدگارگەلێکی هەمەچەشنی هەیە و تخووب و کەوشەنی زمانی باو تێدەپەڕێنێت، دەبێتە هۆی پێدانی ئیستاتیکا و مۆسیقا و

وێنای هەست و نەست و شکاندن و دەرچوون و لادان لە زمانی باو و وێنەســـازی و ئاوێزانبوونی واتا و دەنگ و ...هتد.

پەیوەست بە ئازاریشــەوە ئاماژەم بە زمان پەیوەســت بە مێشک و دەروونەوە دا. لەمڕۆدا سنووری زانستە مرۆیی و سرووشتییەکان تێکەڵاوبوونەو تەواوکەری یەکترین، من بۆ ئەمە جارجار لەگەڵ هاوڕێی ئازیزم د. ئومێد ئەحمەددا گەنگەشەی ئەم باسە دەکەم، کە پسپۆری نەخۆشییەکانی مێشــک و دەماڕە. بۆ نموونە مێشــکی مرۆڤ وەک پردێک کار دەکات کە پەیوەندیی نێوان چالاکییە بایۆلۆجییەکانی مێشــک دەبەســتێتەوە بە بەرهەمهێنانی زمانەوە، بەتایبەت وەختایەک مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی ئازارێکی قوڵ یان جێکەوتی ڕووداوێکی بەئــازاردایە. ئەم زانســـتە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن نــاوچە هەســـتەوەرەکانی ئــازار لە مێشــکدا کارلێک لەگەڵ ناوچەکانی زماندا دەکەن، کاتێکیش ئازارەکە دەگاتە لووتکە، چۆن بەشـــە پێشـــکەوتووەکانی مێشـــک بۆ ســـاتێک پەک و لەکار دەکەون و مێشـــک دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی دەنگە ســەرەتاییەکان و نالە و وشەی زۆر سادە.

زمانەوانیی دەروونییش، ئەو زانســـتەیە کە لێکۆڵینەوە لە پرۆســـە دەروونییەکان دەکات لە پشـــت بەرهەمهێنان و

تێگەیشتنی زمانەوە، لە بەستێنی ئازار و تراومادا تیشک دەخاتە سەر چەند قۆناغێکی هەستیار، لەوانە پرۆسەی خێرایی وەرگێڕانی هەستە نامۆ و جەستەییەکانی ئازار بۆ ناو پەیڤ و ڕستە لە ڕێگەی سیستەمی پاڵنەری دەروونییەوە، لەگەڵ حاڵەتی پەککەوتن و کورتکراوەی زمانی و تۆنی دەنگ و ڕیتم و شێوازی دەربڕین و پچڕپچڕ و ناڕێک.

سا پرسیارەکە ئەوەیە ئەو ئاڵۆزی و شێواوی و پچڕپچڕی و چڕی و کورتیانە چۆن دەگوازرێتەوە بۆ نێو زمان لە دەقی ئەدەبیدا.

پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو تەکنیکانەی دەتوانن ئەو دۆخە ناجێگیرانە لە ئەدەب و بەتایبەتی لە شیعردا بنوێننەوە، دەمەوێت لەبارەی قوتابخانەیەکی ئەدەبییەوە بدوێم کە سیمبۆلیزمە و لە دکتۆرانامەکەمدا بە چڕی لەبارەیەوە نووسیومە و ئاماژەدانەوەی لێرەدا کۆمەکێکی گەورەمان دەکات بۆ پرسی جینۆساید و ئازار و پرسی دۆخە دەروونییەکان و نواندنەوە و بەکاربردنی تەکنیکەکانی لە ئەدەب و زماندا.

لێکۆڵەران و توێژەرانی ئەدەبی، وای دەبینن ئەم قوتابخانەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە شیعری

فەرەنسیدا سەری هەڵدا، ئەنجام و بەرهەمی چالاکییە ئەدەبییەکانی (شارل بۆدلێر) و (ئارسەر ڕامبۆ) و (پۆل ڤێرلین) بوو، دواتریش لە نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکاندا جێی خۆی کردەوە.

بزووتنەوەی سیمبۆلیزمی فەرەنسی کاری کردە سەر شاعیرانی ئینگلیزی و ئەمریکی و ئەڵمانی و ڕووسی و وڵاتانی دیکە، بە شێوەیەک دەتوانرێت بگوترێت، کە بەشێکی گەورەی ئەدەب لە جەنگی جیهانی یەکەم بەدواوە لەژێر کاریگەری سیمبۆلیزمدایە. جا ئەم پەنابردنە بەهۆی هۆکاریی سیاسی و ئایینییەوە بووبێت یان دەروونی و ئیستاتیکی، کە نووسەران لێڵایی و قوواڵییەکی مەبەستدارییان داوەتە زمانی نووسینیان، یان بەهۆی دۆخگۆڕانی زمانەوە بێت بە هۆی سەردەمەکانەوە .

سیمبۆلیستەکان باوەڕیان وابوو فەرهەنگی باوی زمان و میتافۆر دەستەوەستانە بەرانبەر بە قووڵایی ئەزموونی دەروونی و شیعری و ئازارە چەشناوچەشنەکانی مرۆڤ، بۆیە لە ڕێگەی هێمای شتەکانەوە کە لە کولتوور و بۆماوەیی میللەتەوە سەرچاوەی گرتووە، تەعبیریان لە مانا شاردراوەکانی پشتی واقیع دەکرد.

سیمبۆلیستەکان بایەخێکی بێوێنەیان بە مۆسیقا و ڕیتمی شیعری دا و مۆسیقایان کردە تاقە دروشمی خۆیان، بە جۆرێک پێیان وابوو شاعیر دەبێت سوود لە وزە دەنگییە شاراوەکانی نێو پیت و وشەکانیش وەربگرێت بۆ گەیاندنی فەزای دەروونی و ئازارە وجوودییەکانی خۆی.

یەکێکی تر لە دیارترین تایبەتمەندییە هونەرییەکانی سیمبولیزم کە لەلایەن بۆدلێرەوە داهێنرا، بریتی بوو لە ئالۆگۆڕی هەستەکان، واتە تێکەڵکردن و گۆڕینەوەی ئەرکی هەستەکانی وەک بینین و بیستن و تامکردن و بۆنکردن، بۆئەوەی ڕاستییە دەروونییەکانی شاعیر بە شێوازێکی ئیحا و ویژدانی دەربببردرێن، وەک چۆن لە شیعری شاعیراندا ڕەنگ و دەنگ و بۆن تێکەڵ بە یەکدی دەکران، بۆ نموونە بۆنی زەرد و قیژەی سوور و بینینی بێدەنگی و مۆسیقایەکی ڕەش و خەمێکی خۆڵەمێشی و ...هتد.

سەرەڕای ئەوەی هەموو شاعیرانی ڕێبازەکە توند نەبوون لەم بارەیەوە، بەڵام شاعیرە پێشڕەوەکانی سیمبۆلیزم دەرگای تەمومژ و لێڵیان لە شیعردا کردەوە، ئەوان پێیان وابوو باشترین شیعر ئەوەیە کە بەرگێگی تەمومژاویی بپۆشێت و جێکەوتە و سرووشێک لە دەروونی خوێنەردا بەجێ بهێڵێت، چونکە جەوهەری شیعر لە بنەڕەتدا

سـرووش و لێڵی و تەمومژییە، نەک ڕووبی و ڕاڤەکردنی ڕووت.

دیـارترین ئەو هونەرە ئەدەبییـانەش کە وا دەکـات تـا ڕادەیەک ببێتە هۆی تێکشـکـانـدن و نوێکردنەوە و چێکردنەوەی زمان بۆ گوزارشت لە ئازار ئەمانەن، هەڵبەت ئەمەش لەسەر پاشخان و ئاگایی و لێوردبوونەوەی ئەدیب لە بارەی ئەم هونەرانەوە دەوەسـتێت و ئەم تێڕوانینەش قەتعی و دابڕ نییە و هەمیشە ئەدیب سەربەستە لە داهێنان و تێکەڵکردنی جۆرە ئەدەبییەکان. لەوانەو سـەردەسـتەی هەموویـان، هونەری میتـافۆرە، یـان خواسـتن، وەختێک ئەزموونـی ئـازار لە نێوان دوو جیـهـانـی جیـاوازدا دەگوازێتەوە لە هەسـتەوە بۆ وشـە، یانخود تێکەڵکردنی جیهانی جەسـتە بە جیهانی سـروشـت، بۆ نموونە بێژیت ئێسـکانەکانم تەمیان گرتووە یان هاژەی نێو دەمارەکانم و هـاشـاوڵی چەتەوڵی ئـازار و داوەرینی مۆتەکە و گرمۆڵەبوونی کات و کولاندنەوەی یادگە و پەلی یادەوەری و بڵاچەی خەم و سـێبەری برین و ژەنگی مەراق و سـووتانی ڕۆح و...هتد، ئەمە یارمەتیی زمان دەدات کە قەبارەی دیار و نادیاری و گەورەیی ئازار بەرجەسـتە بکات.

لادان له پێکهاته و ڕســـتەســـازیی له زماندا، بەو مانایەی پابەندنەبوون به یاســا و ڕێزبوونەکان، بەڵام به ئاگاییەوە، وەک جۆرێــک له نوانــدنەوەی تراومــا و ئــازارەکــان. بەکارهێنانی ڕســـتەی کورت و بڕگەبڕگە، که هــاوتــا و هاوشــان بێت لەگەڵ لێدانی دڵی ئازارچەشــتوو یان پچڕان و تەنگبوون و قورسبوونی هەناسەی.

چونکه خودی ئازار خۆی حاڵەتێکی دژبەیەکە، بەرزەخێکه له نێوان ژیــان و مردنــدا، تێیــدا مرۆڤ له هەمــان کــاتــدا دەیەوێت بژی و بشـــــمرێت، ئەم ڕوانگەیە دەکرێت له دەربڕینی دژوازدا له شــیعردا بێتەوە، شــیعر ئەرکی لادانه له لۆژیک و چێکردنی دنیای نوێ و نادیار و کۆکردنەوەی چەمککەلێکی دوانەی دژواز، بۆ نموونه خۆری کوێر و بەفری ڕەش و بەهــاری زەرد و ئــاوی تینوو و تەرمی زیندوو و شیری ڕەش و ...هتد.

چێکردنی وشـــــەگەلێــک که له فەرهەنگــدا نەبێت، دۆخه دەروونییەکه وات لێبکات دروووســتی بکەیت، له جێگەیەکدا که وشـــــه و فەرهەنگی ئاوەزیی ئەدیب دەرەقەتی نایەت، خۆی وشــه داتاشــێت، بۆ نموونه ئازارژەن و ئازارمەند و خەمــپەروەردە و خــۆڵاوا و بــریــنــاوا و ژەهــراوا و مۆتەکەپەرژێن و ...هتد.

لە دۆخی ئازاردا، مۆسیقای شیعر فەرامۆش ناکرێت و نابێت هەمیشە ئارام و ڕێک بێت دەشێت ساردوسڕ بێت، ئەدیب پەنا بباتە ڕیتمی شێواو و دەنگە گڕەکان.

بەکارهێنانی تەکنیکی فرەدەنگی لە شیعردا یان لە گێڕانەوەدا لە پرسی جینۆسایددا گرنگە، چون ئازار و مردنەکان دەستەجەمعین، لەم هونەرەدا چەندین دەنگ یان کەسایەتیی جیاواز لەناو یەک دەقدا قسە دەکەن و گوزارشت لەو پارچەپارچەبوونە دەروونییەیان دەکەن.

زۆر هونەری تر هەن کە ئازار و دۆخە دەروونییەکان و کاولکاری وێنا دەکەن، وەک ئاماژەم پێدا لەسەر پاشخانە هونەری و زمانی و ئەدەبییەکەی نووسیار وەستاون، لە ئاستی تۆپۆگرافیای شیعر و پەڕەدا و لە ئاستی داچۆڕینی ڕستە و بەرزکردنەوە و پەڕەی سپی و دانانی خاڵی زۆر و ڕیزێک فاریزە وەک ئاماژەیەک بۆ بێدەنگی و ئازاری نەبڕاوە و کپی و وەستان و ڕامانی درێژ.

جینۆساید و تراژیدیا و ئازار و کۆژانەکان

تەها ســـلێمان: کاریگەرییەکانی تاوانەکانی جینۆســـاید و ڕەنگدانەوەیان لەنێو کایە جیاجیاکانی ئەدەبدا، تا چی ئاست و پلەیەکیان گرتووە؟

هەژار فەقێ ســلێمان: لێرەدا پرســیارێک دێتە پێشــەوە، کە گرنگە بۆ بەرچاوڕوونی و تێگەیشــتنی زیاتر ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش ئەوەیە چ شـــتێک دەبێتە بابەتی ئەدەب، ئەمەش پرســیارێکی دیرۆکیی ڕەخنەگران و تیۆرناســانی ئەدەبە، بە تایبەتی لە ئاستی ئەو بابەتانەی کە پێشــەنگیان گرتووە لە دنیای ئەدەبدا. دیارە وەڵامە باوەکەشــی ئەوەیە هەموو شــتێک لەم گەردوونەدا و هەموو شــتێکی ســەر بە ژیان، دەکرێت ببێتە بابەتی ئەدەب. ئەدەب ســـنوور و تخووب بۆ هیچ بابەتێک دانانێت لە خۆیدا، بەو مەرجەی بە فلتەری ئەدەبییەت بەمانا یاکۆبســـنیەکەی، هەروەها بەشـــێک لە ڕەگەزەکانی ئەدەبدا تێبپەڕێت، لە گرنگترینیان زمان و خەیاڵ و هەســـت و ســـۆز و وێنەی شـــیعری و ...هتد.

لە زانستی ئەدەبدا پێودانگی تیۆر و ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان، بەگوێرەی سەردەم و قۆناغە مێژووییەکان بۆ بابەت و ناوەڕۆکە ئەدەبییەکان دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانەش مۆتیڤە فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئەوکات و بە دیدی (هیبۆڵت تین)یش مێژووی قۆناغ و سەردەمیش حوکمی گەورەیان دەبێت لە سەر ئەو ناوەڕۆک و جێباسی ئەدەبانە. گەر گوزەرێکی خێرا بکەین بە نێو یاندا بکەین، بۆ نموونە دەبیبین تۆێژەر و ڕەخنەگرە ئەدەبییەکانی بواری دەروون و دەروونشیکاری، بە دیدی خۆیان سنوور و بابەتگەلێکی دیار و بەرچاویان دەستنیشان کردووە، کە ئەدەب فراوانتر بەدەوریدا دەسووڕێتەوە و چەندبارە دەبنەوە، لەوانەش ململانێ و دۆخە دەروونییەکانی مرۆڤ، ئاشکرایە لەپێشترین بابەتێک بۆ ئەدەب خودی مرۆڤ خۆیەتی. دیارترین ئەو تێمایانەش تێمای ترس و ئازار و دڕدۆنگی و دڵەڕاوکێ و عیشق و تەنیایی و پرسیارە هەمیشەیی و سەرمەدییەکانە لە بارەی جیهان و بوون و مردنەوە. گەر نموونەیەک بهێنمەوە بۆ ئەم باسە، دەبینین لای گەورە ڕۆمانووسی ڕووسیی (دۆستۆیفسکی) و ڕۆمانەکانی، کە فرەترین خوێنەری لە دنیادا هەیە، سەلمێنراوە کە قوولایی نەستی مرۆڤ و ئارەزووە سەیروسەمەرەکانی، دیارترین بابەت و جێئیشکردنی ئەدەبن. هەر وەک خۆیشی

یەژێ مرۆڤ مەتەڵ و پەزڵێکە، گەر هەموو ژیانیشـــتی لە پێناودا دابنێیت، هیچ کاتێکت بەفیڕۆ نەداوە. بۆ وێنە لە ڕۆمانی (تاوان و ســـزا)دا، خودی تاوانەکە بابەت نییە، پیشـــــاندانی دۆخە شـــپرز و نائارام و ئازاراوییە دەروونییەکەی (ڕاسکۆڵینکۆف) تێما سەرەکییەکەیە.

لە تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتیشـــدا، پەیوەندیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و دادپەروەری جێی ئیشـــکردنی ئەدەبن. بۆ وێنە ڕەخنەگرە مارکسییەکانی وەک وەک جۆرج لۆکاچ و والتەر بنیـامین و تیۆری ئیگڵتن پێیـانوایە بـابەتی ڕاستەقینەی ئەدەب بریتییە لە ململانێی چینایەتی و دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و چەوســـانەوە و ئازارەکانی مرۆڤە لە سایەیاندا.

بە گشتی و تایبەت بەم پرسەشەوە کە پرسی جینۆساید و ئـازارە لە ئەدەبـدا، دەبینین مۆتیڤی ئـازار هـاتوچۆ و جەوەلان دەکات لە نێو بابەتە ئەدەبییەکاندا و ئامادەیی هەمیشـــەیی و زەقوزۆپی هەیە، چون مۆتیڤی ئـازار، مۆتیڤیکی کەونار و دێرینی نێو دەقی ئەدەبییە. لە داسـتان و حەماسەتە کۆنەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەدەبیاتی مۆدێرن و پۆسـتمۆدێرن. لە گلگامێشـدا مۆتیڤی ئازار دوای مردنی (ئەنکیدۆ) دەگاتە لووتکە، ئازاری دەروونی و جەســـتەیی گلگامێش و ترســـی لە مردن وێرانی دەکات، دەبێتە هۆی

ئەوەی بەدوای نەمریدا بگەڕێت. لە شـــانۆگەریی ئۆدیپ پاشـــای ســـۆفۆکلیســـدا، ئازار جەوهەر و مەعدەنی بوونی مرۆڤە. ئۆدیپ وەختایەک ڕاســـتییەکەی بۆ دەردەکەوێت، چـــاوەکـــانی خۆی کوێر دەکـــات، ئەمەش بەرئەنجـــام و بەرجەســـتەکردنی هێمایی ئەو ئازارە قوواڵەیە وا مرۆڤ بەرامبەر چارەنووس دەیچێژێت.

پاڵنەرەکانی ئازار چەشـــناوچەشـــن و کاریگەری لەســـەر دەروونی ئەدیـــب دادەنێن و لە فۆرمی زمـــانی و وێنەی جـــۆراوجـــۆردا دەردەبـــڕدرێـــت و دەبـــێـــتە ڕوانـــگە و کاڵاوڕۆژنەیەک بۆ ڕوانین و ناســـینی و ناخ و پاڵنەر و تاقیکردنەوە ئەدەبییەکانی ئەدیب.

جینۆســـاید و تراژیدیا و ئازار و کۆژانەکان، چەمکگەلێکیی بنەڕەتین لە پێکهاتەی ئەدەبدا، پەیوەندیی ئەدەب و ئازار پەیوەندییەکی یەکانگیر و ســـەرتاپاگیر و پتەو و مێژوویییە. گەر بەگشـــتی بڕوانینە ڕێبازە ئەدەبییەکان، لە ڕۆمانتیکدا ئازار ســـەرچاوە و مۆتیڤی باڵای ئەدەبە. لە ڕیالیزمدا ئازار بەشـــێکی جیانەکراوەی واقیعی کۆمەڵایەتییە. لە ســـەردەمی مۆدێرنیشدا ئازار و جێکەوتە ئاڵۆزەکانی باسی کایەگەلێکی فەلســـەفی و دەروونیین. لە ســـەردەمی پۆســـت-کۆڵۆنیاڵدا بەهۆی داگیرکاری و چەوســـاندنەوەوە، ئازارە مرۆییەکان

دەبنە بابەتی سەرەکی ئەدەب و هەوڵێکیشە بۆ گێڕانەوەی شوناس و ناسنامەی گەلانی چەوسێنراو.

لەو نێوەندەشدا، ئەدیبان و شاعیران لە ڕێگەی بەکارهێنانی هونەرییانەی زمان و خەیاڵ و نالی واتەنی خوتوورەڕاوکردنەوە، هەوڵیان داوە ئەزموونی ژیانیان بەگشتی و ئەزموونە تاڵ و دژوارەکانیان بەتایبەتی، سا هیی خۆیان بێت یان ئەوانی تر، لە ژانر و فۆرمە ئەدەبییە چەشناوچەشنەکاندا مۆمیا بکەن و جێ بکەنەوە، لە ڕێگەی داهێنان و چێکردن و نووسینەوەی کارەکتەر و فەزا و دۆخ و ڕووداو و چیرۆکە واقیعی و خەیاڵییەکانەوە. ئەمەش ڕێک دەچێتەوە سەر تیۆری (کاسارسیس) یان (پاکبوونەوە)کەی ئەرستۆ، کە لە کتێبی هونەری شیعرەکەیدا باسی کردووە و پێی وایە وەختایەک مرۆڤ لە ڕێگەی تراجیدیا و ئەدەبەوە سەیری ئازار و کارەساتی خۆی و ئەوانی تر دەکات، جۆرێک لە پاکبوونەوەی دەروونی و چێژێشی پێدەبەخشێت. وەک چۆن فرۆید لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە پێی وایە ئەدەب پرۆسەی بەباڵاکردنە، بەو مانایەی نووسەر ئازارە سەرکوتکراو و تاڵەکانی واقیع دەگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی باڵای ئیستاتیکاداری وەک شیعر و چیرۆک.

ئازار بابەتێکە پەیوەستە بە هەستەوە و دەروونشیکاران بەردەوام کاریان لەسەر کردووە، بە بڕوای (کارڵ گۆستاف یۆنگ)، دەروونشیکاری ناوداری سویسری، لای مرۆڤ چوار پرۆسەی یان چالاکی بنەمایی یان کاردانەوەی بنەڕەتی دەروونی بوونیان هەیە، کە بریتین لە (بیرکردنەوە، هەستکردن، پەیبردن و سروش(ئیلهام)). بیرکردنەوە لە گرووپی چالاکییە مەعریفەکانە، بەیارمەتی بیرکردنەوە مرۆڤ هەوڵ دەدات خۆی و دنیاکەی خۆی بناسێت. هەستکردنیش بریتییە لە هەڵسەنگاندن یان دانانی بەها بۆ بابەتە جیاوازەکانی وەکوو (باش و خراپ) و زانینی شتەکان، چالاکیی هەستییش بریتییە لە ئەزموونێکی دەروونی هەست و سۆزی وەکوو ئازایەتی، تورەیی، خەم و ئازار و کەسەر و شادی و خۆشەویستی. مەبەست لە پەیبردنیش بریتییە لە تێگەیشتنی واقیع. ئیلهامیش، پەیبردنی نائاگایانەیە، مرۆڤ لە رێگەیەوە دەستی بە دنیایی نائاگایی خۆی دەگات. یۆنگ ڕای وایە، کە ئەم چوار پرۆسێسە لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتردا، کۆمەڵێکی پێکەوەبەستراو دروست دەکەن، پەیبردن ئەوەی کە هەیە دیاری ئەکات، بیرکردنەوە مانای پێ دەبەخشێت، هەستکردن بەهاکەی دیاری دەکات و ئیلهامیش بنەوان سەرچاوە و ئامانجی بابەتەکە ڕوون ئەکاتەوە.

ئازار لە ئەدەبیاتی جیهانیدا دیاردە و نەریتێکی ئەدەبیی باوە، وەک (ئازاری لەدەستدانی کەسە نزیکەکان و هیی دووریی خۆشەویستان و زادگا و نیشتمان و ئازاری وجوودی و غەریبی و تەنیایی و بێئەنوایی مرۆڤ و جەوری زەمانە و ئازاری تامەزرۆیی بۆ دیتن و گەیشتن بەوانی تر... هتد)، ئەم بابەتانە و هاوڕەنگەکانی، وەکوو نەریتێکی ئەدەبییان لێ هاتووە. دووپاتکردنەوەی ئەم بابەتانە لە لایەن ئەدیبانەوە کاتێک لە بواری هونەرییەوە، بایەخدار و سەرنجڕاکێش دەبێت، کە توانیبێتی بە وێنەیەکی ئەدەبی نوێوە دەربڕیبێت. بۆ دەربڕین و وێناکردنی بابەتی ئازاریش کە بابەتێکی پاتەوەبووە، هەر ئەدەبێکیش نوێکاری و تۆێکاریی خودیی خۆی تێدا ئەنجام داوە.

نووسەران و ئەدیبان (شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووس)، بە درێژایی میژوو لە بەرهەمەکانیاندا هەم ئازار بەگشتی و هەمیش لەم ڕووەوە کە باسی جینۆسایدە وەک بابەتێکی ناوەندیی و ئامادەی هەمیشەیی بەکاربردووە. نووسەرانی وەک (دیستۆیفسکی و لیۆ تۆلستۆی و ڤێرجینا وۆلف و چارلز دیکنز و تۆنی مۆریسن و سڤێتلانا ئەلیکسڤیچ و پریمۆلیڤی و بۆرۆڤسکی و ڤیکتۆر فرانکڵ و مارکووس زوساک و و خالد حوسێنی

و زۆری تر لە جیهاندا، بەتایبەت دوای هۆڵۆکۆســـت و جینۆســـایدەکانی تری وەک ئەرمەن و ڕواندا، ئەدەب گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەردا هات و بووە کەرەستەیەکی فەلسەفی بۆ پرسیارکردن لە دۆخی مرۆڤایەتی.

دوای جینۆســـایدەکان، لە دنیادا ئەدەب بووە فۆرمێک لە ئەدەبی شایەتیدان و گەواهیدان، شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و یـاداشـــتنامە گۆڕان بۆ ســـەکۆیەکی شـــایەتیدانی ڕزگاربووان .

ئەدەب بووە بنەمای چەشـــنێکی نوێ لە ئەدەب، کە تێیدا نووســـەر وەک شـــایەتحاڵێک قســـە دەکات، نەک وەک بابەتێکی خەیاڵی. ئەمە گۆڕانکارییەکی گرنگە لە ئەدەبدا کە مۆتیڤەکەی جینۆسایدەکان بوو. هەڵبەت لە بواری و شانۆ و ســـیناریۆشـــدا، دوای جینۆســـاید زۆرتر پشـــتی بە دۆکیۆمێنتاری و دادگاکان بەســـت بۆ ئەوەی ڕووداوەکان وەک خۆیان نیشانی ویژدانی جیهان بدەنەوە.

پێش جینۆســـاید، زمان ئامرازێک بوو بۆ دەربڕینی جوانی و عیشـــق و پرســـیارە وجوودییەکانی مرۆڤ لە ژیان و مردن و چارەنووس. لێ دوای کردەڕەهاتی جینۆسایدەکان، نووســـەران هەســـتیان کرد زمانی باو ناتوانێت قەبارەی ڕاســـتەقینەی دڕندەیی تاوانەکان بپێوێت و دەرەقەتی بێت.

ئەمەش وای کرد زمانێکی کەمبێژ و چڕ و پچڕپچڕ چێ ببێت. بۆ نموونە، شاعیرانی دوای هۆڵۆکۆست یان پاش ئەنفال و هەڵەبجە، چیتر نەیاندەتوانی وەسفی سروشت بەو شێوازە ڕۆمانسییە کۆنە بکەن، زمان بوو بە زمانێکی بریندار و ساکاو، پڕبوو لە هێما و کۆد بۆ تەعبیر لە ئازارەکان و جێکەوتەکانی.

لای خۆشمان و لە سەرەتادا و لە ئەدەبی کوردیدا، بەو هۆیەی بەردەوام لە ناوجەرگەی تاوان و شاڵاو و پەلاماردا و پاکتاوی ڕەگەزیدا بووین (بەتایبەت ئەنفال و هەڵەبجە و دواتریش جینۆسایدی ئێزدییەکان)، ڕەنگدانەوەی جینۆساید لە ئەدەبدا وەک ئەدەبی دنیا نەبوو پرسیاری گەورە بوروژێنێت، زیاتر وەک فۆرمێکی ئەدەبی بەرگری و پرسی مان و نەمان بوو. لە قۆناغی هاوار و تۆماردا بووین. دواتر وردەوردە لە سەروەختی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و تا هەنووکەش دەقگەلێکی باڵا و ئەدەبی و ئیستاتیکی، بارگاوی بە جینۆسایدەکانمان، هاتنە بوون.

بۆچی ئێمە پێچەوانەی دنیا بووین

تەها سلێمان: تۆ پێت وایە (لای خۆشمان و لە سەرەتادا و لە ئەدەبی کوردیدا، بەو هۆیەی بەردەوام لە ناوجەرگەی تاوان و شـــالاو و پەلاماردا و پاکتاوی ڕەگەزیدا بووین بەتـایبەت ئەنفـال و هەڵەبجە و دواتریش جینۆســـایدی ئێزدییەکـان، ڕەنگدانەوەی جینۆســـاید لە ئەدەبدا وەک ئەدەبی دنیا نەبوو پرســیاری گەورە بوروژێنێت)، بۆچی ئێمە پێچەوانەی دنیا بووین و جینۆســـاید نەیتوانی ببیتە بەشێک لە ئەدەبیاتمان یان بەلایەنی کەم چاو لە ئەزموونی دنیا بکات؟

هەژار فەقێ سلێمان: بەشێکی وەڵامەکەیم بەکورتی ئاماژە پێـداوە، کە بەردەوام و یەکپشـــوو ئێمە ڕووبەڕووی جینۆســـاید و قەیرانی یەک لە دوای یەک بووینەتەوە و لە ئێستاشدا لێرە و لە بەشەکانی تری کوردستاندا لە فۆرمی جیاوازجیاوازدا هێشـتا بەردەوامە و لە بەردەمیشـماندایە. بۆ ئەمەش دەرفەتی ناسـینی تەواوەتیمان بۆ نەڕەخسـاوە بۆ تێگەیشـــتنی قووڵ لە جینۆســـاید و ڕیشـــە و بنچ و

تۆرەمەکانیمان نەناسیوە، چجای لەم ڕووەوە بپەرژێینە سەر بەرهەمی ئەدەبیی زۆر و گەورە، هەڵبەت لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بارتەقای ئازار و ژمارەی قوربانییەکانمان بێت.

گەر بڕوانینە میلەت و نەتەوەکانی دنیا دوای جینۆسایدکردنیان، بۆ نموونە دەبینین جوولەکە و ئەرمەن دۆخێکی هێور و هێمنیان بۆ هاتە ئاراوە، قەڵاو و قەڵغانێکی دەوڵەتی و ئەکادیمی جیهانییان بۆ دروست بوو، کە ئەدەب دەتوانێت تێیدا گەشە و نما بکات. تا ڕادەیەکی زۆر ئێمە وەک کورد لەوە بێبەش و مەحرووم بووینە.

ئەم بەردەوامییە لە تاوان و تراژیدیاکانمان، نەیهێشت مرۆڤی کورد هەناسەیەک هەڵکێشێت و ئاهێکی بەبەردا بێت و وەک دەرەوەی خۆی بە سەرمایەیەکی فیکری و ئەدەبییەوە سەیری ئەو برینە بەسۆز و کسپەدار و ڕەگاژۆیانەی خۆی بکات. نووسەری کورد هەمیشە ناچار بووە لەیەک کاتدا هەم قوربانی بێت و هەمتر شایەتحاڵ و گێڕەرەوەی خێرای ئەو خەمانە بێت، کە هێشتا کۆتاییان نەهاتووە.

سەرەڕای ئەدیبان و نووسەرانی ناوخۆ، کە کەمتر لایان لە جینۆساید و خەمە دەستەجەمعییەکانمان کردووەتەوە، کە بۆ نەبوونی زەمینەی ناساندنی خودی جینۆساید و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی سەرتاپاگیر لێی، دەگەڕێتەوە. هاوکاتیش ئەدیبان و نووسەرانی تاراوگەشمان کە بارودۆخی ئەوێ باشتر بووە لە ناوەوەی کوردستان، بەگشتی کەمتەرخەم بوون لە ناساندنی جینۆسایدی نەتەوەکەیان، کە بۆ چەند هۆکارێک دەیگەڕێنمەوە، ئاراستەی نووسینەکانیان زیاتر بۆ ناوخۆ بووە، نەک بۆ ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین. زۆرینەی ڕەهای نووسەران و شاعیرانی کورد کە چوونە تاراوگە، هەر بە زمانی کوردی نووسییان و کتێبەکانیان بۆ خوێنەری ناوخۆی کوردستان دەهێنایەوە. ئەوان جەستەیان لە ئەورووپا بوو، بەڵام بیر و بەرهەمەکانیان هەر لەناو کێشە لۆکاڵییەکانی کوردستاندا دەسووڕایەوە، بۆیە نەیانتوانی دەنگێکی گەورە بۆ خوێنەری ئەوروپی و جیهانی دروست بکەن لەمەڕ تراژیدیا نەتەوەییەکانمان. نەنووسین بە زمانی ئەو وڵاتانە هۆکارێکی تر، بە پێچەوانەی ئەرمەنییەکان و جوولەکەکان کە زۆرجار بە زمانی وڵاتی میوان بە وێنەی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی دەنووسن. ئەو کەمە بەرهەمانەش کە لەسەر جینۆساید نووسیویانە، لە سنووری زمانی کوردیدا قەتیس ماون.

غیابی لۆبییی ڕۆشـــنبیری و پەڕتبوونی حزبی لە تاراوگە، لەبری ئەوەی نووسەران و ئەکادیمیستانی کورد یەکبگرن بۆ دروستکردنی لۆبییەکی فیکری و ئەدەبی بۆ ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجە و جینۆسایدەکانی تر، زۆرجار بەسەر ململانێ حزبی و پارچەییەکانی کوردستاندا دابەش بوون. ئەم پەرتی و پەرشـــییە وایکرد ئەدەبی تاراوگە نەبێتە خاوەنی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو لەم ڕووەوە.

بەشێکی زۆر لە نووسەرانی ئێمە لە تاراوگە و دیاسپۆرا، لەجیاتی ئەوەی ببنە پاڕێزەری یادەوەرییە تاڵەکانمان لەگەڵ جینۆســـایددا، زیاتر ئەڵوەدا و گیرۆدەی قەیرانی ناسنامەی خۆیان بوون لە غوربەتدا، باسیان لە تەنیایی و هەڵکورمانی خۆیان و ساردوسڕییی شارەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و کێشـــەی نامۆبوون دەکرد و بەشـــێک لە ئەرکە گەورەکەیان فەرامۆش کرد.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە دەســـت بخەینە ســـەری ئەوەیە هێشتا تاکی کورد بەگشتی و نووسەرانی کورد بەتایبەتی بەراورد بە تاکی میلەتانی تر کە جینۆســـایدیان بەســـەردا هاتووە، زیاتر باس لە دۆخی بەرگری و شـــەڕی مانەوە و ئازایەتی و شـــکۆ و قارەمانێتییەکانمان دەکەین. فرۆید واتەنی وەک میکانیزمێکی بەرگری پاســـاو دەهێنینەوە و باســـی زەلیلی و بێدەســـەڵاتیی خۆمان و قوربانییەکانمان

ناکەین، باسی کەمتەرخەمی سیاسی و کەسی و بێپلانییەکانمان ناکەین، باسی خیانەت و هەڵکەوتنی جاش و مستەشار تێماندا ناکەین. لە کاتێکدا لە ئەدەبیاتی گەلانی تردا وەک ئەدەبیاتی هۆڵۆکۆست یان ئەرمەنەکان و ڕواندا تیشکیان خستووەتە سەر ڕەهەندە ئەخلاقی و دەروونییەکانیان و باسی بێدەسەڵاتی و ئازاری دەروونی بێفلتەری خۆیان و باسی خەڵکە خیانەتکار و درواسێ خراپەکانی خۆیانیان کردووە، وەک کەرەستەیەک بۆ بێدارکردنەوەی ویژدانی خۆیان و جیهان .

من هەمیشە ئەوە دەڵێمەوە، دەبوو تێمای باڵکێشی ئەدەبی ئێمە تاوانەکانی جینۆساید بوایە، ئەم کورتهێنانە لەدەستدانی گەورەترین دەرفەت بوو بۆ گۆڕینی ئازارەکانمان بۆ هۆشیارییەکی جیهانیی نەمر، کە تیایدا ئەدەب ببێتە تەنیا زمانحاڵی ڕاستەقینەی مێژوویەکی خوێناوی. هۆشیاریی ئەوەشمان هەیە و هیوابڕ نین و نابێت دەستەوەستان بین و هێشتا نەچووە بچێت، چون ئەدەب و هونەر و سینەمای باڵای ئەو گەل و نەتەوانەی کە بەر جینۆساید کەوتوون، زۆر دوای ڕووداوەکان کاریان کرد و هەیانە چل ساڵ دوای ئەوە بەچڕی کاریان لەو بوارانەدا کرد، کە ناوبردەم کردن.

جینۆسایدو ڕەنگدانەوەی لەناو کایەی ئەدەب و ژانرەکانیدا

تەها سلێمان: بۆچی گرنگە تاوانی جینۆساید ڕەنگدانەوەی لەناو کایەی ئەدەب و ژانرەکانیدا هەبێت؟

هەژار فەقێ سلێمان: ئەم پرسیارە یەکیکە لەو پرسیارە گرنگانەی کە پێویستە هەمیشە لە خۆمانی بکەین، تا لە ئەرک و ئامانجی ئەدەب تێبگەین، کە دەتوانێت چی ببەخشێتە تێما و بابەتەکانی ناوی و زیندوو ڕایانبگرێت و بیانهێڵێتەوە. سا لێرەدا پرسیارێکی تر و ڕیشاژۆ و ساکێنەر دێتە ناوەوە، داخۆ ئەدەب دەرەقەتی گێڕانەوەی ئازارەکانی جینۆساید دێت؟

بۆ چوونە نێو ئەم باسە سوود لە پەرەگرافێکی نووسینێکی بڵاونەکراوە (تا ئەم ساتە)ی مامۆستا سەیوان محەمەدی هاوڕێم وەردەگرم، بە ناوی (گێڕانەوە و بێدەنگی). تێیدا بەنموونەوە بەراوردێک لە نێوان بێدەنگی و توانای نووسینەوەی ئازار لە ئەنفال و هۆڵۆکۆستدا، لای ئێلی ڤیزێڵ و فەرەجی تۆپخانە دەکات و ئەنجامێک بە دەستەوە دەدات، کە تێیدا هەردووکیان ڕووبەڕووی قەیرانی زمان و

سـنووره‌كـانی ده‌ربڕین ده‌بنه‌وه له ئاسـت گه‌وره‌یی تراژیدیاكانیاندا. مۆشـێی مجێوری كاره‌كته‌ری ڕۆمانه‌كه‌ی ژیزێل (یه‌كه‌م كه‌س له كتێبه‌كه‌ی ژیزێڵدا بدوێت مۆشـێی مجێوره، پیاوێک كه له كۆمه‌ڵگوڕی ڕزگاری ده‌بێت، كه ده‌گه‌ڕێته‌وه هه‌موو گیـانی ده‌له‌رزێ و غه‌رقی خوێنه، جۆرێک ده‌دوێت كه خه‌ڵكی شاره‌كه‌ی لێی تێناگه‌ن. تكایان لێده‌كات و پێیان ده‌ڵێت من ده‌مویسـت بێمه‌وه تا باسـی مه‌رگی خۆمتان بۆ بكه‌م بۆ ئه‌وه‌ی هه‌تا كاتتان له‌به‌رده‌سته فریـای خۆتـان بكه‌ون. به‌ڵام كه‌س گوێ نـاگرێـت، كه‌س نـاتوانێـت گوێ بگرێـت) و فه‌ره‌جی تۆپخـانه (یه‌كێكه له ڕزگاربووانی گۆڕه‌به‌كۆمه‌ڵه‌كان، له چاوپێكه‌وتنێكیدا ده‌ڵێت ئه‌وه‌ی من بینیم و به‌سـه‌رمانا هات، هیی گێڕانه‌وه نییه. فه‌ره‌ج به چ مه‌به‌سـتێک ئه‌و قسـه‌یه‌ی كردبێت، هێشـتا ده‌چێته خزمه‌تی ئه‌و ئایدیایه‌وه كه زمان هه‌ندێجار له‌وه ده‌كه‌وێـت هه‌ڕێمێكی بێ تخووب بێـت)، هه‌ردووكیـان نـوێـنه‌رایه‌تـی ئه‌و ڕزگـاربـووانه ده‌كه‌ن كه هـاواری گه‌واهیدانیان پێش كاره‌سـاته‌كه یان له دوایدا، له‌لایه‌ن كۆمه‌ڵگه‌وه به‌هۆی نه‌بوونی زمانێكی هاوبه‌ش یان لێبڕانی وشـه له ئاسـت توندوتیژییه‌كاندا، به ته‌واوی ده‌رک پێ نـاكرێـت و نـاچن به‌هـانـایـانه‌وه. له‌گه‌ڵ ئه‌م به‌ربه‌سـته زمانه‌وانی و ده‌روونییه‌شـدا، هێشـتا نووسـین و گێڕانه‌وه وه‌ک ئه‌ركێكی ئه‌خلاقی و تـاكه ڕێگـا بۆ ڕێگریگرتن له

فەرامۆشی و (مردن بۆ جاری دووەم)ی قوربانییان سەیر دەکرێت.

دیارە ئەدەب لە هەمبەر تاوان و کۆمەڵکوژییەکاندا، دەبێتە پرسێکی ویژدانی و مرۆیی، ئەدیبان بەرپرسیار و ئەرکدار دەکات لە ئاستی ئەو ئازارە بەکۆمەڵانەدا. ئەدەب وەک ئاماژەمان پێدا یەکێکە لەو ئامرازە پڕ بایەخانەی کە دەتوانێت هاوسۆزییەکی هاوبەشی مرۆڤایەتی دروست بکات. جوولاندنی سۆز ئەرکێکی دیاری ئەدەبە. دەبینین خوێنەرانی ئەدەب لە چاو ئەوانی تردا، هاوسۆزییەکی قوواڵتریان هەیە بۆ ئازارەکانی مرۆڤایەتی و لە هەناویشیدا بۆ جینۆساید و تراژیدیاکانی گەلانی تر. بۆ نموونە لە ڕێگەی وەرگێڕانی شاکارەکانی بەختیار عەلی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و شێرکۆ بێکەس (دەربەندی پەپوولە و گۆڕستانی چراکان) و ڕەفیق سابیر (لاوکی هەڵەبجە) و ڕێبوار سیوەیلی (زمانی عەشق و زەمەنی ئەنفال)ەوە، خوێنەرانی ئەدەبیی ئەڵمانیزمان و ئینگلیزیزمان و فارسیزمان و عەرەبیزمان ئاشنا و هاوسۆز بوونە بە تراژیدیای ئەنفال و هەڵەبجە، خوێنەرانی ئەو زمانانە لە زۆر جێگەدا وتوویانە پێش وەرگێڕانی ئەو دەقە ئەدەبییانە ئاگاییمان نەبووە بەو تراژیدیایانە بەو ڕادەیە کە بەسەر کورددا هێنراوە. لاشیان بووەتە هەوێنی بەدواگەڕانی

زیاتر. ئەمەش دەتوانێت و چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا دەنگ و دەنگدانەوەی زیاتر دروست بکات لەو وڵاتانەدا. هاوکاتیش ببێتە هۆی گۆڕانکاریی لە یاسا و سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان .

یەکێکی تر لەو ئەرک و کاریگەرییانەی ئەدەب ئەوەیە دەتوانێت وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی کار بکات و ڕووداوەکان دۆکیومێنت و تۆمار بکات و چیرۆکی قوربانیان و شایەتحاڵەکان بپارێزرێت بۆ نەوەکانی داهاتوو، دەشبێتە هۆکارێک بۆ لەبیرنەکردن و مانەوەی. بۆ نموونە جینۆساید و کۆمەڵکوژی و ڕەشەکوژییەکەی دێرسیم، کە بەر لە هەشتا و نۆ ساڵ ڕوویداوە، هێشتا لای ئەدەبخوێنان و مێژووخوێنان ڕووداوێکی قسەلەسەرکراو و جێی کارلەسەرکردن و یادهێنانەوەیە.

شاعیران و چیرۆکنووسان و ڕۆمانووسان بەو پاشخانە مەعریفییەی کە هەیانە وردتر و قوواڵتر لە هۆکار و تایبەتمەندیی ئایدۆلۆژی و سیاسی و کەسی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی پشت جینۆسایدە دەکۆڵنەوە و بەر ڕەخنەیان دەدەن. بۆ نموونە ڕۆمانی (زۆڵەکەی ئەستەمبووڵ)ی (ئەلیف شەفەق)، کە بەرەنگاریی ئەوانە دەبێتەوە کە نکۆڵی لە جینۆسایدی ئەرمەن دەکەن.

هەروەها ڕۆمانی (کتێبدز)ی (مارکووس زووساک)، کە ئاماژەمان پێدا، ڕەخنەی ڕووبەڕوو لە ئایدۆلۆژیای نازی دەگرێت.

ئەدەب لە دنیادا ڕێگەیەکی ئاسۆیی و خێرا و بەربڵاو و باوە بۆ هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بە تراژیدیا و کۆژانەکان. تاکە دەریچە و دەلاقەیەکە ڕاستەوخۆ خوێنەر دەخاتە ناو دۆخی قوربانییەکانەوە و ئەمەش یارمەتییان دەدات لە کەمکردنەوەی دووبەرەکی و ڕەگەزپەرستی.

هەردووک ژانرەکەی ئەدەب، ئەدەبی گێڕانەوە و ئەدەبی شیعریی دەتوانێت دژی چەواشەکاری و زانیاری هەڵە بوەستێتەوە و بەرەنگاری پڕوپاگەندەکان ببێتەوە، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ڕاستییەکان و گێڕانەوەی چیرۆکەکانەوە.

ئەرکێکی تری بنەڕەتیی ئەدەب ئەوەیە بایەخ و ئومێد و ژیانەوە دەداتە ڕزگاربوانی جینۆساید و تراژیدیاکان، یارمەتییان دەدات کە مانا بۆ ژیانیان بدۆزنەوە- دۆزینەوەی واتا لە ژیاندا لە سەختترین بارودۆخدا لە ڕێگەی هەڵوێست لە بەرامبەر ئازار و بیرکردنەوە لە خۆشەویستیمان بۆ ئەوانی تر و بە پێچەوانەشەوە

(لۆگۆتێراپی)، گرنگترین تێزی دەروونناسی نەمساوی (د.ڤیکتۆر فرانکڵ)ە، کە خۆی ڕزگاربووی کەمپی نازییەکانە-، لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی چیرۆکەکانیانەوە هەستی تەنیانەبوون و پەیوەندییان دەداتێ. تێگەیشتن لە ئازار و ناسۆرەکانیان دەبێتە ڕەوێنەرەوەی خەمەکانیان.

ئەدەب لە ڕێگەی زمانەوە ڕووداوەکان دروست دەکاتەوە و تراژیدیا و کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکان بەرجەستە دەکات و هەوڵی دروستکردنی کاریگەری دەدات. کە کارەسات ڕوو دەدات زمان ناتوانێت ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێ بکات. لە کاتی کارەساتدا زمان توانای گوزارشتی نییە، بەڵکوو تەنیا دەتوانێت هاوار بکات و بپاڕێتەوە و بگری. لەو چرکەساتەدا زمان کاری خۆی ناکات، بۆیە شاعیر یان ئەدیب و هونەرمەند دوای کارەساتەکان لە کاری ئەدەبی و هونەریدا دەتوانن گوزارشت لە کارەساتەکە بکەن. زمان لە کاتی کارەساتدا تەنها دەتوانێت ببێتە کەناڵی کۆکردنەوەی گرتە و ڕووداو و ساتەکانی، ئەگەر بتوانێت بە تەنها ئەرشیفیان دەکات. تا دواتر لە کاری هونەری و ئەدەبی و هەر کارێکی تردا داهێنانی تیا بکات و بە شێوەیەکی کاریگەر و جێکەوتتدار بەرجەستەیان بکاتەوە و بیاننوێنیتەوە.

گەر بەراوردێک بکەین لە نێوان ئەدەب و مێژوودا، دەبینین مێژوو پێمان دەڵێت سەت ساڵ لەمەوبەر چی ڕووی داوە، لێ ئەدەب پێمان دەڵێت ئەو مرۆڤەی سەت ساڵ لەمەوبەر لە ناو کارەساتەکەدا بوو هەستی بە چی دەکرد. مێژوو ڕووداوەکان دەخاتە سەر ڕەفەکانی مێژوو. ئەدەب دێت غەمگینی دایکێک کە لە ڕۆژێکدا دوو منداڵی لەدەست داوە، ترسولەرز و کڕووزانەوەی منداڵێک، یان هەناسەساردی و بێهیوایی لە سنگ و چاوی باوکێکدا با سی یان چل یان هەشتا ساڵێک بەر لە ئێستاش بێت لە دەقێکی ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات، ئەو ئازارە ئیتر کات تێدەپەڕێنیت و تا هەتایە دەزرنگێتەوە و دەنگدەداتەوە.

لە لایەکی ترەوە، لە ئەدەبدا فرەچەشنی لە پاشخان و لە نەوە و لە خەیاڵی گێڕەرەوەکان لە سەردەمە جیاوازەکاندا دەبینرێت، ئەدەب بە ئەدیبێک و دوان دەستبەرداری ئازارە دەستەجەمعییەکان نابێت و داناساکێت. نەوە لە دوای نەوە و لە دەقەری جیاوازەوە دێن و بە شێوازی نوێ و لەژێر باندۆر و کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا حیکایەتەکان دەگێڕنەوە.

ئەدەب خوانی کۆکەرەوەی مرۆڤایەتییە، خوانێکە تێیدا مرۆڤ لە ئازاری یەکتر دەگات، لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەوپەڕی ڕۆژئاوا، بێ جیاوازی ئاین و ڕەنگ و ڕەگەز و ئیتنیکی ئەوانی تر.

قیژەی ڕەش و سپیی دایکم

لە ئاســـتی ژانرەکانیشـــدا، هەر ژانرەو ڕۆڵ و بایەخی خۆی هەیە، ئەو وەختەی کە تێیدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە شـــیعر وەک ژانرێک لە وێناکردنی جینۆســـایددا تایبەتمەندییەکی ڕاستەوخۆ و باڵای هەیە، چون توانای چڕکردنەوەی هەستەکان و وێنەی ســـاتەوەختی کارەســـاتی هەیە لە ڕێگەی کورتترین وشە و دەربڕینەوە. شیعر بە پشتبەستن بە زمانێکی مێتافۆری و هێمایی و ئیســـتاتیکی، وا دەکات بریتی کارەســـاتەکە لە ئاستێکی باڵای سۆزداریدا بگوازرێتەوە و لایەنە دەروونییەکانی قوربانی وێنا بکات. ئەم ژانرە نایەوێت هەموو ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو دەیەوێت ڕۆح و گوشـــراوی کارەســـاتەکە و کاریگەریی کتوپڕ و وێرانکەری ژەهر و مردنی بە کۆمەڵ لە چەند دێڕێکدا بتوێنێتەوە، بەمەش دەبێتە قیژەیەکی زیندوو کە لەنێو بێـــدەنگیی مێژوودا دەزرنگێتەوە. بۆ وێنە ئەم پـــارچە شـــیعری شـــێرکۆ بێکەس لە دەربەنـــدی پەپوولەدا، کە بۆ هەڵەبجەی نووسیوە:

ئەوە.. پەڕەسێلکەیە وا ئەفڕێ؟
یاخود قیژەی ڕەش و سپیی دایکم؟!
((ئەمە قســـەی منداڵێکی هەڵەبجەیە، بە نیو دەقیقە پێش ئەوەی کەڕ و کوێر بێ.))

یان لە گۆڕســـتانی چراکاندا، لە پارچە شـــیعرێکی کورتدا، پـانۆرامەیەکی چڕوپڕی تـاوانی ئەنفـال دەگێڕێتەوە، کە هێز و چڕیی شیعر پیشاندەدات و دەبێژێت:

من ژنێکی خەڵکی (زینانە)م، ناوم (کاڵێ)یە
سەرگوزوشتەی دۆزەخ و دۆزەخەوان و
بەیتی حەشر و قیامەت و حیکایەتی دابڕان و هەڵقرچان و
هاتنەوە لەو دنیاوە لە لای منە!
ئەوەی کە ئـاو پێی ئەزانێ و ئەوەی کە داری ســـەرەڕێ و باڵندەکان پێی ئەزانن،
کورتەی خەمە و ئێجگار کەمە.
من بۆ خۆم قیژەی ناو چاڵ و من ڕەنگی شەوی دڕەندە و
من بۆنی جەستەی پاسفندەی بەردەم سەگەڕەشی ئەوێ و
ئافاتەکەی سیاسـاڵ بووم!
من بۆ خۆم چوومە پێخەفی مردنەوە، من خۆڵەمێشـــی ئەوێ بووم
من لەوێوە هاتوومەوە.
لە هەزاران هەزار گوڵ و لە هەزاران هەزار کانی و لە هەزاران هەزار قومری و شەنگەبێری و ئەسپی پیر و جوانووی شاخ و
لە سمۆرە و لە کەرووێشک و لە پەپوولە
هەر سێ چواری گەڕانەوە!

کۆمەڵێ پیاو لە ترومی هێلکەی پیس

هەرچەندە ژانری شـــیعر لە ئێســـتادا ئاوێتەی ژانری گێڕانەوە بووە و بەرهەمەکەشـــیان چیرۆکەشـــیعر و ڕۆمـانەشـــیعرە بەگشـــتی، تـایبەتمەندی شـــیعری و گێڕانەوەییشـــیان لەخۆدا هەڵگرتووە و لەم ڕووەوە و لە وێناکردنی جینۆســـاید و تراژیدیاکاندا کاریگەرترە. بۆ نموونە هەردوو دەقی والا و ڕۆمانە شـیعری (گۆڕسـتانی چراکان و دەربەندی پەپوولە)ی شـــێرکۆ بێکەس، کە ئەو نموونانەمان لێیان هێنایەوە.

دەمەوێت ناســـاندنێکی خێرا بۆ هەریەک لەو شـــاکارانە بخەمە ڕوو، لە دەقی والای (گۆڕســـتـانی چراکـان)دا، سەربوردەی کەسەر و ئازارەکانی ئەنفال دەگێڕێڕدرێتەوە، یەکێکە لەو بەرهەمە تاکانە و دانسـقانەی شـێرکۆ بێکەس، کە تاوانی ئەنفالی بە شـــێوەیەکی هونەری و پڕ لە وێنەی شـیعری و هەروەها وێنەی هێمایی بە تایبەتی، بەرجەستە کـردووە و بـووەتە هـۆی مـۆمـیـاکـردنـی ئەو غەم و بەســـەرهاتانەی ئەنفال لە دەقی والای هونەری شـــیعر و گێڕانەوەدا، تـا خۆی وتەنی نەوەکـانی دواتر ئەم ئـازارە بەســـوێیە دڵبرژێنەیان بیر نەچێتەوە. شـــێرکۆ بێکەس لەم دەقەوالایەدا وەک حەمـاســـەیەکی شـــیعری مۆدێرن،

ڕێکاوڕێک کۆنەســـت و کۆهەســـت و کۆئازار و کۆژان و کۆیاد و ... هتدی کوردی لە شـــێوەی گورزێکی وشـــەیی هەڵدەداتەوە نـاو دنیـا. هەڵدانەوەی هەبوونی مرۆڤـانەی کوردیی بۆ ناو پانتایی زمان، شۆکێکە، ئاگاییەکە، ڕاچەنین و ڕاچڵەکینێکە دژ بە جیهان و چەپۆکســـالاریی ڕاســـەری ئەم هەبوونە، ڕاپەڕین و سپەرێکی مەعنەوییە بۆ پاراستنی هەبوونمان لە نێو ئەدەب و زماندا.

گۆڕســـتانی چراکان، گۆڕســـتانی قوربانیانی ئەنفالە، (چرا) هێمـــای قوربـــانییە، هێمـــای ســـــووتـــانە لە پێنـــاو ڕووونـــاککردنەوەی ژیـــانی ئەوانی دیـــدا، ئەم هێمـــایە ڕیشەیەکی دێرینی لە ئاینەکاندا هەیە، بۆ نموونە فێستیڤاڵی (حانوکا- ڕووناکی- چرا) لە ئایـــــــنی جوودا. هاوکات لێکچوونێکی ناوەکیشـی تێدایە بە چواندنی قوربانییەکان بە چرا، لێرەدا چرا وەک هێمای پاکی و بێگوناهی و مندااڵی هەژار دەکەوێـــتەوە، وەک خـــۆی لەم دەقە والاێەدا دەنووسێت:

کۆمەڵێ پیاو، دەوالی مانگی عاشقان
بە نەهێنیی دوای نیوەشەو!
دەوالی (چرا)ی هەژاران
وەختێ (چرا) تازە چاوی چووبێتەوە خەو!
کۆمەڵێ پیاو، دژی زەردەخەنەی ئاو و

دژی خونچه و دژی ڕەنگی سپی و هەتاو
کۆمەڵێ پیاو لە ترومی هێلکەی پیس و
لە نەژادی بەربەریەکان!
کۆمەڵێ پیاو، هەموو لە قوڕی ئەمەوی
کۆمەڵێ سەر، هەموو لە دوورگەی تاریکی
کۆمەڵێ دەس، هەمووی لە شمشێری حەجاج
کۆمەڵێ ڕەنگ، هەمووی لە ڕەنگی ئافات و
کۆمەڵێ دەنگ، هەمووی لە دەنگی نەهات و
کۆمەڵێ بۆن، هەمووی لە بۆنی شانزەی سێ و
پەیامێکی مەنجەنیقی و
پەیامێکی بێ پرسیار و
مێژوویەکیش لە منارەی کەللەسەر و
سەروەرییەک لە جۆگە خوێنی ئەبەدیی!
(دەربەندی پەپوولە)ش یەکێکە لەو دەقە والاّیانەی شێرکۆ بێکەس، کە تێما و بابەتی سەرەکی تراژیدیا و ئازارەکانی هەڵەبجەیە. هەڵەبجە و بوار و وێنە لێکسیکییەکانی دەوروبەری هەڵەبجە چەقی ئیشکردنی ئەم تێکستە والاّیەیە. ئاشکرایە لە ئەدەبیاتدا شوێن و هێمای شوێنەکان گرنگی خۆیانیان هەیە، هەڵبژاردنی (دەربەند) لێرەدا دەلالەتی فراوانی هەیە، دەربەند وەک شوێنێکی سرووشت، هێمای گەورەیی و فراوانی و جوانی و ئاڵووالاّیی، وەک چۆن هێمای بەرزونزمی و سامناکی و چاڵوچۆڵی و

تەنگەبەریی ژیانیشــە، لەم کۆنتێکســتەدا مســۆگەر بە هەردوو بــارەکەدا دەخوێنرێنەوە. لە یەکەمیــانــدا، هێمــا بۆ شـــوێنی قوربانییەکان دەکات، کە شـــاری هەڵەبجەیە، وەک شـــوێنێکی ســەوز و دڵگیر و فێنک و پڕ لە مرۆڤی بێتاوان و پەپوولەئاســا. لە دووەمیاندا، دوای ڕووداتی تاوانی کیمیاباران، ئیتر هەڵەبجە دەبێتە شـــوێنێکی تەنــگ و تــاریــک و پڕترس و پڕقیژە و دووکەڵاویی.

هونەری چیرۆکیش لە گێڕانەوەی جینۆســـایددا، ســـەکۆیەکی گونجاوە بۆ تیشــکخســتنە ســەر یەک یان چەند چرکەســاتێکی دیاریکراو و بڕیاردەر لە ژیانی تاکەکاندا. ئەم ژانرە بە گشـــتی دەتوانێت سەرنج بخاتە سەر یەک کارەکتەر یانخود گرووپێکی بچووک و بە شـــێوەیەکی چڕ و خێرا گۆڕانی لەناکاوی ژیانی ئاســـایی بۆ دۆخێکی کارەســـاتبار نیشـــان دەدات. لەڕێی چیرۆکەوە، دەتوانرێت بە وردی وێنەی دیمەنێکی تایبەت وەک: مااڵێک کە ســـەروەختی نانخواردن کیمیاباران دەکرێت، یان تاکێک لە بەر دووڕیانی مردن و ژیــانــدا، یــانژی کچێک یــان کوڕێک لە چاوەڕوانیی هاوســـەرگیرییەکەیاندان و لە پڕێکدا ئەنفال دێتە ســەردا، بکێشــێت، بەمەش کاریگەریی کارەســاتەکە لە ئاســتێکی تاکەکەســی و ســۆزداریی نزیکدا دەخاتە ڕوو و خوێنەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوبەشی ئەو ئەزموونە تیژ و بڕندە دەکات.

ڕۆمانی جینۆساید

ڕۆمان، وەک پانوپۆڕترین و باڵکێشترین ژانری ئەدەبی گێڕانەوە، توانایەکی بێهاوتا و تاکانەی هەیە بۆ تۆمارکردنی ئەزموونی جینۆساید بە شێوەیەکی فرەڕەهەندی و مێژوویی. ڕۆمان دەکاریەت نزیکەی سەرپاکی لایەنەکانی ژیان لە پێش و لە کات و دوای کارەساتەکەدا پێکەوە گرێ بدات. توانای وێنای تۆڕێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی هەیە. ئەم ژانرە مەودای ئەوەی هەیە کە گەلێ کەسایەتی، لە قوربانییەوە تا جەللاد، بێنێتە کایەوە و بەهێزێتە دەنگ و کاریگەرییە درێژخایەنەکانی کارەساتەکە لەسەر نەوەکانی دواتر شی بکاتەوە. بەم پێیە، ڕۆمان نەک تەنها دیمەنەکان دەگێڕێتەوە، بەڵکو میکانیزمە قوواڵەکانی لەناوچوونی کۆمەڵایەتی و هەوڵی مرۆڤیش بۆ مانەوە، شرۆڤە دەکات.

دەمەوێت ئاماژە بەوەش بدەم لە ئێستادا یەکێک لەو جۆرانەی ڕۆمان لە ئەدەبی دنیادا هەیە، ڕۆمانی

جینۆســـایـده، که ســـتراتیژگەلێکی تـایبەتمەنـد و لەویترنەچووی هەیە. لە تایبەتترین ئەو ستراتیژیانەش بـۆ ئەم جـۆرەی ڕۆمـان دانـراون، ئەمـانەن: (فرەگۆشـــەنیگـایی، شـــەپۆلی هۆش، ســـتراتیژی گێڕانەوەی تێهـــەڵکـێش، دەقئاویزان و ئاماژەدان بە تراژیدیا و تاوان، زمانی وەســـفی، وێنەی شـــیعری و هێما(ڕەمز) و پرســـیاری ئاکاریی و وجوودی)ن. ئەم ســـتراتیژیـانەش زیـاتر لە دەمی ئەو قوربـانیـانەوە وەرگیراون، کە جینۆســـایدەکانیان گێڕاوەتەوە. بۆ نمـوونە ڕۆمـانی (بەهـاری ڕەش)ی نـووســـەر و وەرگێڕ(ئەحمەد محەمەد ئیســـماعیل)، پانۆراما یەکی وردودرشـــتی تراژیـدیـای ئەنفـال لە ســـەرەتـای ڕاگواســـتنەوە تا مەینەتیی کەمپەکان و لەوێشـــەوە بۆ ژیانی کولەمەرگی نێو قەڵای نوگرەســـەلمان و تا لە دەستدان و مردن و زیندەبەچاڵکرن، دەگێڕێتەوە.

ژانری یـاداشـــت و بیرەوەرییش، تـایبەتمەندییەکەی لەوەدایە کە ڕاســـتەوخۆ دەبێتە دەنگی شـــایەتحاڵی زیـنـدوو و بەڵگەنـامەیەکـی مـرۆیـی یەکـلاکەرەوە. ڕاســـتگۆیی و ڕەســـەنـایەتی ڕووداوەکـان دەکـاتە ســەرمایەی ســەرەکی خۆی. نووســینی بیرەوەری، بە

زمانێکی ئەدەبی و باڵای گێڕانەوەوە ئازاری تاکەکەسی دەکاتە بەشــێک لە میژووی گشــتی و هەوڵی قوربانی بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی دەنگ و ناسنامەی خۆی دەخاتە ڕوو، کە لە کاتی جینۆسایددا لێی زەوت کراوە. ئەم ژانرە نەک تەنها وێنای ڕووداوەکان دەکێشــــێت، بەڵکوو دەتوانرێت وەک دەقێکی یاسایی و ئەخلاقییش، تەماشــا بکرێت و کاریش بۆ ئیدانەکردنی تاوانکاران و ڕێگریکردن لە لەبیرچوونەوەی میژووش، بکات.

وەستاوین یان بەردەوامین؟

تەها سلێمان: تۆ پێت وایە لە ڕێگەی وەرگێڕانی شاکارەکانی بەختیار عەلی (شاری مۆسیقارە سپیەکان) و شێرکۆ بێکەس (دەربەندی پەپوولە و گۆڕستانی چراکان) و ڕەفیق سابیر (لاوکی هەڵەبجە) و ڕێبوار سیوەیلی (زمانی عەشق و زەمەنی ئەنفال)ەوە، خوێنەرانی ئەدەبیی ئەڵمانیزمان و ئینگلیزیزمان و فارسیزمان و عەرەبیزمان ئاشنا و هاوسۆز بوونە بە تراژیدیای ئەنفال و هەڵەبجە، خوێنەرانی ئەو زمانانە لە زۆر جێگەدا وتوویانە پێش وەرگێڕانی ئەو دەقە ئەدەبییانە ئاگاییمان نەبووە بەو تراژیدیایانە بەو ڕادەیە کە بەسەر کورددا هێنراوە. پرسیار ئەوەیە ئایا لەدوای ئەو دەقانەوە وەستاوین یان بەردەوامین؟ ئەگەر بەردەوامین چۆن و ئەگەر وەستاوین بۆ؟

هەژار فەقێ سلێمان: دەتوانین بێژین نە وەستانی تەواوەتی هەیە و نەش بەردەوامییەکی ڕێکوپێک و بەخەم و ستراتیژدارمان هەیە .دۆخەکە لە نێوان هەوڵی تاکەکەسی

بەئاگا و کەمیی هۆشیاریمان بەم پرسە لە ئەدەبدا دەسووڕێتەوە و جەوەلان دەکات.

بێگومان، وەرگێڕانی ئەو شاکارە ئەدەبییانە بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان، هەنگاوێکی مەزن و مێژوویی بوو. ئەدەبەکەمان توانی لەو شوێنەی کە سیاسی و یاساییەکانمان کەمتەرخەمبوون یان بێدەنگبوون، وەک ناوەند و پردێک کاربکات و ژان و ئازاری نەتەوەکەمان بگەیەنێتە بەشێکی خوێنەرانی دنیا.

بە ڕوانین لە پرسیارەکە بەر نووسەری باش و تێکستی باش دەکەوین، هەڵبەت پێودانگ و ناسەرەوەی نووسەری باش تێکستی باشە، دیارە ڕۆڵی خوێنەری باش و وەرگێڕی باشیش هەمیشە ئامادەیی هەیە. مارسێل پرووست لەسەر ڕۆڵ و باندۆری خوێنەر لەسەر نووسەران وتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت خوێنەری باش نیوەی کتێبەکان دەنووسنەوە و زۆرجار هاوبەشی نووسەرانن.

ئەو ناوانە لە دنیای نووسینی ئێمەدا جێکەوتیان هەیە و خودان خوێنەری تایبەت و زۆری خۆیانن، خاوەن هزر و پاشخانی مەعریفی و ئەدەبی و زمانی گەورەی خۆیانن، ماخۆی پەیامی مرۆڤینی و نەتەوەیی بااڵن، قەزیە مرۆیی

و نەتەوەیی و خودییەکانی خۆیانیان لە تێکستەکانیاندا مەزراندووە.

وەختایەک کە دەقەکانیان لەم ڕووەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانانی جیهان، وەک باسم کرد هۆشیاری وەرگێڕەکان بە هەڵبژاردنی ئەو دەقانە ئامادەیی هەیە، وەرگێڕ ڕێزێک پێوەر و پێودانگی خۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنی هەر تێکستێکی باش، بە وێنەی تێمای دەقەکە و ڕادەی کاریگەری و جێکەوتەکانی و خوێندنەوە و خوێنەری باش و بەها و شێواز و کوالێتیی دەق و هاوکات چێژ و چەشەی خودی و ئاگایی وەرگێڕیش بۆ تێکستەکە و نووسەرەکەش.

بێگومان جگە لەوانەی ناودێرمان کردن، هێشتا لێرە و لەوێ هەوڵ هەیە لەم پرسەدا، من لە نزیکەوە ئاگاداری زۆرینەیانم، هەڵبەت جگە لەوەی لە هەندێ ئاستدا سەرنج و ڕەخنەم لەسەریان هەیە، بۆ نموونە لەم دواییانەدا ڕۆمانی (خەمی مەستوورە)ی میران ئەبراهام و ڕۆمانی (بوومەلێڵ)ی هیوا قادر و ڕۆمانی (ناوی خۆیان بیر نەماوە)ی ئارام محەمەد و دەقی شانۆیی (دادگاییکردن)ی دانا ڕەوف و چەند شاعیر و چیرۆکنووسێکی وەک یونس ڕەزایی و د.کۆسار

ڕەشـــید و ســـەبا ئەحمەد و شـــادمان حەمەســـاڵەح پرۆژەگەلێکی شـــیعری و چیرۆکی ناوازەیان هەیە لە بواری جینۆسایددا، شایەنی ئەوەن وەربگێڕدرێنە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان.

ئەدەب لە ناو جەرگەی کۆمەڵگوژیدا

تەها سـلێمان: بەگشـتی ئەدەب کایەیەکی مرۆییەو جینۆسـایدیش کردەیەکی دژەمرۆیی، ئایا هەر لەبەر ئەمەیە زۆرجار ئەدەب لەناو ئەم کردە نامرۆییە بەدیوە مرۆییەکەی دەبینینەوە؟

هەژار فەقێ سـلێمان: دیارە ئەدەب وەک داهێنراوێکی زمانی و مرۆیی، هەر لە مێژەوە گرێدراو و تێکەڵاوی ژین و مەینەتی و چەرمەسـەریی و کردەڕەهاتەکانی ئادەمیزاد بووە. مرۆ لە ڕێی ئەدەبەوە، هاوار و هەست و هۆش و ئێش و ئازارەکانی ناخی خۆی دەردەبڕێت، تـا لەم گێژەنی ژیـانەدا مـانـایەک بۆ ڕووداوەکـان بدۆزێتەوە.

کۆمەڵکوژی و جینۆسـایدیش، وەک بەربڵاوترین و دزێوترین کردەی دژەمرۆیی، هەوڵی تیـابردن و تیاچوونی ئەو نرخ و بەهـا بـاڵا مرووییانەیە دەدات وا

کۆمەڵگای لەســـەر ڕاوەســـتاوە. بۆیە ئەدەب، زۆرجار تیشـــک دەهاوێتە ناو ئازار و زەبوونی و کلۆڵییەکانی مرۆڤ، هەتا دەنگی مروڤایەتی لە فەوتان ڕزگار بکات.

زۆربەی نووســـەران و ڕەخنەگرانی ئەم بواڕە، ڕایان وایە ئەدەب لە ناو جەرگەی کۆمەڵکوژیدا هێشتا ڕووی لە دیوە مرۆڤینییەکەی مرۆڤە. لەپـاڵیشـــیـدا ئەدەب بەردەوام پـرســـیـارگەلـێـکـی بـنەڕەتـی لە دەمـی قوربانییەکانەوە دەوروووژێنێت و ئاراســـتەی دڵڕەقیی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات. بەنموونەی: بۆچی وایان لێ دەکرێـت؟ لەبەرچی؟ بۆ کوێیـان دەبەن؟ چییـان لێدەکرێت؟ چارەنووســـیان چی دەبێت؟ ئایا ئەمانەش مرۆڤن؟ هەســـتیان هەیە؟ ئایا ئەمانیش کەســـوکار و منداڵیان نییە؟ و چەندین پرسیاری ئاکاری و وجوودی تر.

ئەدەب تەنـانەت لە نـاو جینۆســـایـددا مرۆڤـایەتی دەبینێتەوە و بەدوایـدا دەگەڕێـت، چونکە لەوپەڕی دڵڕەقی و دارمانی مرۆڤایەتیشـــدا، هێشـــتا هەســـتە مرۆییە باشـــەکانی وەک وەفا و خۆشـــەویســـتی و هاوکاری و هاوبەشـــی و بیرکردنەوە و ئارەزووی

ژیـان و بەرگریکردن لەیەکتر دەبینرێـت. بۆ نموونە منالّ و کچان و ژنان و پیاوانی ئەنفالکراو بووکەڵە و موتومورووی ڕەنگاوڕەنگ و کاتژمێر یان تـەنانـەت تەســـبیحی باوکیان یان دیاریی هاوســـەرەکانیان لە جلەکانیاندا شـــاردووەتەوە. پاش دەیان ســـاڵ بینیمان کـاتێـک گۆڕە بەکۆمەڵەکـان هەڵـدرانەوە، ئەم پـارچە قوماشـــە ڕەنگاوڕەنگانە و ملوانکە و موروانە لەگەڵ ڕووفاتی پیرۆزیاندا دۆزرانەوە. ئەدەب لێرەدا ئەوەمان پێدەڵێت: ئەوان عەشق و یادەوەرییەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیـانـدا بردووەتە ژێر خۆڵ و لم، ڕێگەیـان نەداوە جەلادەکە مێژوو و خۆشـــەویســـتییەکانی نێو دڵیان بســـڕێتەوە. یـان بۆ نموونە وێنە ســـیمبۆڵیکییەکەی عومەری خاوەر کە کۆرپەکەی گرتووە بە باوەشـــەوە، گەورەترین بەڵگەی ئەو هەســـتی پاکی باوکایەتی و مرۆڤایەتییەیە، لەبری ئەوەی ڕابکات بۆ ڕزگارکردنی خۆی، جەســـتەی خۆی دەکاتە قەڵغان بۆ کۆرپەکەی. یـانژی وەک لە یـاداشـــتەکـانی ئـان فرانکدا لە کـاتی خۆشـــاردنەوەیدا لە ترســـی نازییەکان، لە دەفتەری یاداشتەکەیدا هێشتا باسی خۆشەویستی و سروشت و باوەڕی خۆی بە چاکە و باشـــییەکانی مرۆڤ، دەکات.

ئەدەب هەوڵی مانەوە و ڕەتنەکردنەوەی بیر و ئایدیای مرۆڤ دەدات، لە ئەدەبدا هەمیشـــــە یـاد و چیرۆکی مرۆڤ دەتوانێت بەردەوام بێت.

لە کاتی جینۆسایددا، قوربانییەکان دەبنە ژمارە (شەش ملیۆن، ســـەت و هەشـــتا و دوو هەزار، پێنج هەزار)، گەورەترین کـاری ئەدەب لەم نێوەنـدەدا، گۆڕینی ئەم ژمارە بێدەنگانەیە بۆ چیرۆکی زیندوو، بۆ دەموچاو و ڕووخســـــاری زیـندوو، بۆ خەون و بۆ عیشـــق و پێشـکەشـی ئەو کەسـانەی دەکاتەوە، کە وایان زانیوە مردوون و بێدەنگکراون. ئەدەب دەچێتە ناو ئەو ناوچە تـاریکانەی مێژوو کە بەڵگەنـامە فەرمییەکـان نـایگەنێ، بەمەش ڕەهەندە دەروونی و مرۆییەکە دەپارێزێت.

جینۆسـاید هەمیشـە بە زمانێکی وشـک و سـیستماتیک ئەنجام دەدرێت وەک چەمکەکانی پاکتاو و ئەنفال و چارەسەری کۆتایی. نووسەری گەورە (جۆرج ئۆرووێڵ) هەمیشە هۆشداری دەدا لە گەندەڵبوونی زمان لەلایەن دەســـــەڵاتی دیکتـاتۆرەوە. ئەدەب دێـت ئەم زمـانە تێکدەشـکێنێت و زمانێکی پڕ لە هەسـت، هاوسـۆزی و جوانی دەهێنێتە کـایەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیـدا

یاخیبوونێکی مرۆییە دژی زمانە بکوژەکەی دەسەڵاتی خراپ.

ڕۆماننووسی چیکی (میلان کۆندێرا) دەڵێت زۆرجار ململانێی مرۆڤ دژی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر، ململانێی یادەوەرییە دژی فەرامۆشی. ئەدەبی جینۆساید یادەوەرییەکان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. ئەم پاراستنی یادەوەرییە گەورەترین خزمەتە بە دیوە مرۆییەکەی مرۆڤایەتی.

کاری ئەدەب گۆڕینی ژمارە بێدەنگەکانە

تەها سلێمان: قسەی ناو کەوانەکە هیی ئێوەیە (لە کاتی جینۆسایددا، قوربانییەکان دەبنە ژمارە شەش ملیۆن، سەت و هەشتا و دوو هەزار، پێنج هەزار، گەورەترین کاری ئەدەب لەم نێوەندەدا، گۆڕینی ئەم ژمارە بێدەنگانەیە بۆ چیرۆکی زیندوو، بۆ دەموچاو و ڕووخساری زیندوو، بۆ خەون و بۆ عیشق و پێشکەشی ئەو کەسانەی دەکاتەوە، کە وایان زانیوە مردوون و بێدەنگکراون) ئەدەب چۆن ژمارە بێدەنگەکان دەگۆڕێ بۆ چیرۆکی زیندوو؟ ئایا ئێمە توانیمانە ئەوە بکەین؟

هەژار فەقێ سلێمان: با من نموونەیەک بهێنمەوە بۆ ئەمە، لە هۆڵۆکۆستدا کە یەکێکە لە گەورەترین جینۆسایدەکانی مێژوو لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کە تێیدا زیاتر لە شەش ملیۆن جوولەکە لەسەر دەستی ڕژێمی نازی ئەڵمانی و هاوپەیمانەکانیان ڕووبەڕووی ڕاگواستن و بێمااڵی و کوشتن و سووتان بوونەوە و ژیانیان لێسەندرایەوە. لەو شەش ملیۆن مرۆڤەدا لە ئەدەبدا نزیکەی سەت چیرۆکیان جێی کراوەتەوە و بە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و دەنگی داوەتەوە و هاوسۆزییان

بۆ دەردەبڕدرێت. من بۆ خۆم ئاگاداری نزیکەی دە کەسیانم و لام ناسراون، لەوانە: ئان فرانک و پریمۆ لیڤی و ئێلی ڤیزڵ و ڤیکتۆر فرانکڵ و ئیساک سینگرە و بۆرۆفسکی و ئێرینا سیندلەر و لەیل سۆکۆلۆڤ، ئەمانە قوربانین و هاوکات چیرۆکی ئۆسکار شیندلەر کە بازرگانێکی ئەڵمانی و ئەندامی پارتی نازی بوو. لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارگەکانی و بەخشینی بەرتیل، زیاتر لە ١٢٠٠ جوولەکەی لە فڕێدانیان بۆ کامپەکانی مەرگ ڕزگار کرد، کراویشەتە فیلم بە ناوی (لیستەکەی شیندلەر)، لە نێو ڕیزبەندیی دە لە باشترین فیلمەکانی مێژووی سینەمای جیهانیدایە.

ئێمە لەو ڕووەوە زۆر کەمتەرخەم بووین، نەمانتوانی چیرۆکی قوربانییەکانمان بکەینە ئایکۆنی گەورەی ئەدەبی و پیشانی خۆمان و دنیای بدەین، بۆنموونە عومەری خاوەر و تەیموورى ئەنفال و دایکانی بارزانی و نادیە موراد و فەرەج و عوزێر و ڕەمەزان و واحید و حەمەعەلی عەلیان و ئەنوەر تەیار و مەریەم و دایە نێرگز و هەموو ئەوانەی لە چاڵەکانی مەرگ و نوگرە سەلمان و تۆپزاوە و کەمپەکانی تر گەڕانەوە. ڕاستە وەک گفتوگۆی شایەتحاڵەکان کاری زۆر گەورە و گران کراوە، وەک کارەکانی (عارف قوربانی و هۆمەر محەمەد و عەلی

مەحموود و سمکۆ سابیر و عەدالەت عومەر و عەبدوڵا کەریم مەحموود و دلێر کەریم و هێمن حەسیب و سەلام عەلی وپرۆژەکەی هیومان ڕایس وۆچ کە محەمەد حەمەساڵەح تۆفیق وەری گێڕاوە و کار و پرۆژەکانی هەموو ئەوانی تر)، کە جێی دەستخۆشی و ڕێز و پێزانینی گەورەن و هەرگیز کارەکانیان لەبیر ناکرێن.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژەیەک بە خاڵێک بکەم کە ئێمە نەشمانتوانی هاوکاریی شایەتحاڵەکان بین تا خودی خۆیان یاداشت و بیرەوەرییەکانیان بە وردی و هەستێکی خودی و تایبەتییەوە بە زمانێکی ئەدەبی بنووسنەوە، کە لە ئێستادا بەشێکیان خوێندەوارن و بڕوانامەی باڵاشیان هەیە. جێی دەستخۆشییە کە ئەوەی من ئاگادارم لە ئێستادا مامۆستا ڕێباز غالب کە لە نوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە، دەیەوێت خۆی یاداشتەکانی خۆی بنووسێتەوە، بەهیوام بێتە بەرهەم.

نەک چیرۆکی قوربانییەکانمان، تەنانەت وەختایەک ئەڵێین چوار هەزار و پێنج سەت گوندمان خاپوور کراون، تەنها بە ژمارە لامانە، یەک گوندمان لە نێو ئەدەب و ژانرەکانیدا هونەریانە جێ نەکردووەتەوە و بیناسینەوە، بۆ نموونە گوندێکی وەک جەلەمۆرد، کە تەنها لەم گوندەدا زیاتر لە چوارسەت کەس ئەنفال کراون.

ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە ڕۆشنایی دەخاتە سەر بابەتگەلێک و کاری تێدا دەکات، بۆ نموونە خەون و خەیاڵ و ئازار و ئارەزووی مرۆڤەکانی پێش و ناو و پاش جینۆساید بەرباس دەدات، چیرۆکە بچووکەکان دەهێنێتە سەرەوە و چیرۆکی نوێ بارگاوی بە ڕەمز و کولتوور و شوناس و میژوومان دەخوڵقێنێت، کە گومان لەوەدا نییە ئێمە هەزاران هەزار مەرگی تراژیدی و چیرۆکی تێژمان هەیە لە جینۆسایددا، بۆ نموونە چۆن لە زیندانی بەدناوی نوگرە سەلمان مندااڵێک لە برساندا دەمرێت و بە نیو مەتریکیش لەتەنیشتییەوە دوو سەموون شاردراوەتەوە، لە ترسی جەلادەکان ناوێرن پێ بدەن. چۆن لە تۆپزاوا دایکێک لە نیوەشەودا مندااڵەکەی لێ دەسێنن و دایکێکی تر لە ژێر کەواکەیدا مندااڵەکەی شاردووەتەوە. یان هەر لە نوگرە سەلماندا بە سەعات باوەشێنی ئاوی گەرمیان کردووە تا سارد ببێتەوە، یانخود دایکێکی هەڵەبجەیی ئەنفالکراو چۆن بە دزییەوە پارچەی لە کراسەکەی کردووەتەوە تا لە قوتوویەکی ژەنگاویدا چایەک نیوەکوڵ بکات. یان دایکێکی بارزانی لە یەک کاتدا و لە سپێدەیەکی ڕەشدا هەشت کوڕ و هاوسەرەکەی لە دەست دەدات. یان کچێکی شەنگالی بۆ ماوەی سێ ساڵ وەک کۆیلە مامەڵەی پێ کراوە، ماوەیەک براکەی وەک کوڕی خۆی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی بڵێ ژنم، بەڵام کە دەسدرێژی کراوەتە

سەری و زانیویانە کچە، ئیتر بەردەوام براکەیان بە ئاسن داخ کردوە، تا دواجاریش لە پێش چاوی کوشتوویانە، ئەم کچە تەنیا لە یەک مەقەڕدا حەوت جار فرۆشـــراوە، هەر جـارێـک بە دۆلارێـک، هەر چەکـدارێکی داعشـــیش کە دەڕۆیشـت بۆ شـــەڕ دەیان فرۆشـتەوە بە چەکدارێکی تر. ئەزانن کورد هەیە لە قەڵادزێ تۆپبـاران کراوە و لەژێر داروپەردوودا بە نیوەمردووی دەرهێنراوە لە هەڵەبجەش بەر ژەهری کیمیـایی کەوتووە و براویشـــەتە دۆزەخی نوگرە ســـەلمـان و ئەنفـالیشـــکراوە. ئەمە گەر بکرێتە چیرۆکێکی هونەریی بـاڵا، چۆن کپســـــە و چزە لە دڵ و هەناوی مرۆڤ نادات و چۆن ناشـــبێتە ئایکۆنێکی ئەدەبیی کورد و و ناوچەکە و جیهان .

بە تەنیا جێی مەهێڵن

تەها سلێمان: مێژووی کورد بەشێکە لە جینۆساید وەک ستەملێکراو، چۆن ئەو مێژووە لە ڕەنگدانەوەی ئەدەبیدا پۆلێن بکەین؟

هەژار فەقێ سلێمان: دروو ستە، مێژووی ئێمەی کورد پڕە لە لاپەڕەی خوێناوی و تراژیدیای جینۆساید. کاتێک ئەم مێژووە دەچێتە ناو ژانرەکانی ئەدەبەوە لە دیارترینیان(شیعر و چیرۆک و ڕۆمان)ن، دەتوانین لە سێ قۆناغ و کرۆنۆلۆژیانە پۆلێنبەندی بکەین، بەو مانایەی خودی مێژووی ڕووداوەکان بکەیەنە مێژووی ئەدەبی جینۆسایدمان، هەڵبەت ئەمەی دەیڵێین ئەوەیە ئێمە درکمان پێکردووە و لەم جوگرافیایەشدایە، هێشتا لە تموحی ئەدەبخوێنان و توێژەرانی ئەدەبیدا نییە، بەراورد بە قەبارەی جینۆساید و هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنە یەک لە دوای یەکەکانمان، بەڵام هێشتا ئومێد هەیە کە دەقی باڵا و شایستە بنووسرێت. دەمەوێت ئەوەش بێژم هیچ کات بۆ ئیشکردن لەسەر ئەدەبی جینۆساید درەنگ نییە، وەک چۆن لە ئەدەبی تری گەلانی جینۆسایدکراودا دەیبین، کە درەنگانێ شاکارە ئەدەبییەکان و تەنانەت فیلمەکانیشیان خستە پێشچاوی خوێنەران و بینەرانی دنیا.

قۆناغی یەکەمی پۆلێنبەندییەکەمان، قۆناغی هاوکاتی و نزیک ڕووداوی جینۆسایدەکانە، کە تێکستە ئەدەبییەکان لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی شۆکەکەدا بوون. ئەدەب بە تایبەتی شیعرەکانمان لە فۆرمی هاوار و گریان و تۆمارکردنێکی سەرەتایی تاوانەکاندا بوون. دیارترین نموونەش قەسیدە دریژە بەناوبانگەکەی (لاوکی هەڵەبجە)ی (ڕەفیق سابیر)، کە زیاتر لە سی لاپەرەیە و سااڵێک دوای کیمیابارانی هەڵەبجە نووسراوە و دەستپێکەکەی بەم شێوەیە:

بە تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو زریان دەیچێنێت
تەمومژ دایدەپۆشێ
مانگەشەو دەیڕفێنێ
گەرووی بە گزنگ تەڕکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی دایپۆشن
یا بە سەوزی دارستان...

بۆ نموونە دەقێکی تری وەک ئەم دەقەی خوارەوەی (زاهیر محەمەد)، کە دەوترێت بە حەفتەیەک دوای تراژیدیاکە نووسراوە:

ئەی هەڵەبجەی خۆشەویست، شارە دڵسووتاوەکەم

خوێن ئەبارینێ لە بۆت جەرگ و دڵ و چاوەکەم

تا پێشی ڕۆژی نەورۆز، بووکێکی ڕازاوە بووی

لە گەرمەی جەژنی پیرۆز تووشی ئەم زووخاوە بووی

ئەی هەڵەبجەی خۆشەویست... ئەی هەڵەبجەی خۆشەویست...

ڕۆژی تۆڵە نزیکە، ڕۆژی دوژمن تاریکە

باخۆمان ئامادەکەین، ناپاکان ئیبادەکەین

تاکو گیانی شەهیدان، هەڵەبجەکەی کوردستان

دڵنیا و ڕازی بن لێمان...

دووەم قۆناغیش قۆناغی گێڕانەوەی ڕووداو و شایەتحاڵەکان و دەستخستنی ئەرشیف و بەڵگەنامەکانن، لەم قۆناغەدا شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و یاداشتنامە سەریان هەڵدا. زمانی ئەم قۆناغە زیاتر واقیعییە، ئامانجی سەرەکی دۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکە و ناساندنی بووە بە خۆمان و جیهان.

کۆتا قۆناغییش، قۆناغی سەرەتای تێڕامان و بەجیهانیکردنی ئەدەبی جینۆسایدی کوردییە، کە بەداخەوە

هێشـــتا مۆڵەمێیە و پایەکانی دانەکوتاوە. لە چەند ســـاڵی ڕابردوودا لە ئاستی ژانرە جیاوازەکاندا، ئەدەبیاتی کوردی تـا ڕادەیەک هەوڵی داوە لەو بـازنە تەســـکە عـاتیفی و گێڕانەوە ســادەیەی پێشـــوو بێتە دەرەوە. نووســـەرانمان هەوڵیـان داوە جینۆســـایدەکـان لە ئەدەبـدا ئـاوێزان بە فەلســەفە و دنیابینی نوێ و دەروونناســـی بکەن. هاوکات وەرگێڕانی هەنـدێـک لەو بەرهەمـانەی کە لەم بوارەدا نووســـراون، بۆ زمانە جیهانییەکان وەربگێڕدرێن. وەک ئاماژەمان پێدا هێشـــتا لە ئاســـتی تەمووحی ئێمەدا نییە و ئەدەبیاتی ئێمە لەم ڕووەوە هێشـــتا نەبووەتە خاوەنی ئەو شـــاکارە گەورە و گشـــتگیرانەی کە ســـەرنجی ناوەندە ئەدەبییە گەورەکـانی جیهـان و خەڵاتە نێودەوڵەتییەکـان ڕابکێشـــێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارگەلێک، وەک دانەچڵەکین و خۆلێنەبـانکردنی حکوومەت لەم ڕووەوە، هۆشـیاریی و ئاگایی قوواڵی نووســەرانمان ســەبارەت بە جینۆســـایدەکـانمـان، نەبوونی دەزگـا و دامەزراوەی وەرگێڕان و پرۆژەی زنجیرە کتێـب و ڕەخنەی جـدی و کۆنفرانســـی نێودەوڵەتیی ئەدەبی و کۆڕ و ســـیمینار و پانێڵی بەردەوام، چەقبەســـتن لە ناوخۆدا و زۆر کەلێن و کەموکوڕیی تر.

دیارە ئومێد و هیوابڕاویش نین. لە ئێستادا نەوەیەکی نوێ لە نووسەر و ڕەخنەگر و وەرگێڕی کورد لە کایەکەدان کە بە زمانە جیهانییەکان و تێڕوانینە نوێیەکان ئاشنان. ئەم کرانەوە ڕۆشنبیرییە هیوایەکی گەورە دەبەخشێت کە لە داهاتوودا، ئەدەبی جینۆسایدی کوردی بتوانێت مانا مرۆییە قوولەکانی ئازاری مرۆڤی کورد بە جۆرێک دابڕێژێتەوە کە ببێتە بەشێک لە ویژدانی هاوبەشی مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهاندا.

هاوتەریب بە پرسیارەکە، لێرەدا دەمەوێت پۆلێنێکی بەرهەمە ئەدەبییەکانمان لە بواری جینۆسایددا لە ئاستی بەرهەم و کوالێتیاندا بخەمە پێش چاو، کە بە دوو شێوازی تەواو جیاواز مەزرێنراوە و کاری لەسەر کراوە، بەداخەوە ئەوەی یەکەمیان لە ڕووی چەندێتییەوە لەبەرترە و زیاترە، کە هەڵبەت ئەم تایپەش خەمی هەبووە، کە دەقێک بەرهەم بهێنێت و بەشدار بێت لە نووسینەوەی ئەدەبی جینۆسایدی کوردیدا، یەکەمیان شێوازێکی سادە و ڕووت، دووەمیان شێوازێکی داهێنەرانە و کاریگەر و هونەرییە.

هەوڵدەدەین ئەم دوو پۆلینبەندییە و تایبەتمەندییەکانی هەر یەکێکیان بخەینە ڕوو و بشبێتە وەبیرهێنانەوە و پێشنیازێک بۆ ئەو شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسانەی، دەیانەوێت لە بارەی ئازارە

دەستەجەمعییەکانمانەوە بنووسن، تایبەتتر بۆ نووسەر و ئەدیبە گەنجەکانمان.

لە یەکەمیاندا، تەنها وەک ئاوێنەیەک واقیعە تراژیدییەکە کۆپی دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بییەرژێتە سەر خەلقی چیرۆکی نوێ و دروستکردنی زمان و بابەت و تێمای نوێ و کاریگەر. دەقەکان زیاتر لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی یان بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دەچن، نەک دەقێکی ئەدەبی خاوەن بەها و چێژ. لەم جۆرە دەقانەدا زیاتر پشت بە هاندانی سۆزی کاتی و گریاناوی دەبەستێت، لەبری ئەوەی خوێنەر بخاتە بەردەم پرسیاری گەورەی مرۆیی و بیرکردنەوە لە تاوان و تراژیدیاکە. زۆرجاران لە گواستنەوەی ناوی شوێنەکان و ڕووداوەکان و ژمارەی قوربانییەکان بە شێوەیەکی دەقاودەق و بێ دەستکارییەکی هونەریانە دەیخاتە ڕوو. زمانی دەقەکان خاڵیین لە هونەرەکانی میتافۆر و هێما هەموو شتێک ڕاستەوخۆ دەوترێت. کارەکتەرەکانی نێو ئەم دەقانە یەکڕوو پیشان دراون، یان باش یان خراپ، نەچووەتە نێو ململانێ و ئاڵۆزییە دەروونییاکانی کارەکتەرەکانەوە. تەکنیکی یەکدەنگی زۆر باڵادەستە (تەنها دەنگی نووسەر یان قوربانییەکەیە)، دەرفەت نەدراوەتە دەنگ و گۆشەنیگا جیاوازەکان. ئەم تایپە لە دەقی ئەدەبی زۆرجار وەک

دروشم نووسراون و بۆ بەهای مرۆیی هەمیشەیی و سەرمەدی نەنووسراون.

تایبەتمەندییەکی تر کە زۆر گرنگە و لە زۆرینەی دەقی ئەدەبی کوردی تایبەت بە جینۆساید نابینرێت، ئەویش ئەوەیە دەقەکە ناچێتە سەر پرسیارە گەورەکانی وەک: بۆچی مرۆڤ دەبێتە جەلاد یان مانای دادپەروەری چییە لە دوای جینۆساید و شیتەڵ و ڕاڤەیان ناکات .

لە دووەمیاندا کە دەقێکی ئەدەبی داهێنەرانە و زەمەنبڕە، تاڕادەیەک کاریان لەو ئاستەدا کردووە، کە تراژیدیا و جینۆسایدەکانمان لە چوارچێوە خۆمالّییەکەیەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستی مرۆیی گشتی.

لە دیارترین ئەدگارەکانی ئەم دەقانەش، گۆڕینی واقیعە بۆ ڕەمز، بۆ نموونە شاخ و بیابیان دوێنراون و هێنراوەتە قسە، جەلاد وەک تاریکی و ڕەشایی پیشان دراوە، هەرچەندە هێشتا ئەوە نەکراوە دایکێکی ئەنفالکراو و کیمیابارانکراو و بارزانییەکان بکرێتە پاڵەوان و ڕەمزێکی گەردوونی و تایبەتمەندیی زیاتری بەرگری و سۆزی دایکایەتی پێ بدرێت و لە دنیای ئەدەبیاتدا بناسرێتەوە. ئاوێتەکردنی مێژوو و ڕووداوەکانی نێو جینۆسایدەکانمان لەگەڵ چیرۆک و ڕەمزە فۆلکلۆرییەکانی کورد و خورافە و

ئەفسانە و داستانەکانمان، کە لەم ڕووەوە ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراوی کورد زۆر ڕەنگین و زەنگینە، تایبەتتر ئەمە لە ڕیالیزمی جادوویدا ئەم تێکەڵکردنە بکرێت. پشکنین و چوونە نێو قوواڵایی نەست و دەروونی قوربانیانەوە، وەک ترس و داچڵەکینەکانی و گرێی ڕزگارنەبوون و شۆک و تراوما تاک و دەستەجەمعییەکان کە ناوبەناو لەهەندێک شیعر و ڕۆمانی ئەم دواییانەدا کراون. بەکاربردنی تەکنیکی جیاوازی گێڕانەوە وەک تێکەڵکردنی کاتەکان (فلاشباک) و فرەگۆشەنیگایی و هێنانی دەنگی جەلاد و تەنانەت بێدەنگەکانیش بۆ ناو دەقەکە. ئێمە تۆێژینەوەیەکمان لەم بارەیەوە هەیە لەسەر ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی مامۆستا (ئەحمەد ئیسماعیل) و لە دووەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی جینۆساید لە ئەدەب و هونەردا، بڵاو کردووەتەوە، بەراوردمان کردووە بە دیارترین تەکنیکەکانی ڕۆمانی جینۆساید لە دنیادا. کە کۆمەڵێک ستراتیژی گێڕانەوەی هاوبەشیان هەیە، وەک ئاماژەمان پێدا پێشووتر، لەوانە (فرەگۆشەنیگایی، شەپۆلی هۆش، ستراتیژی گێڕانەوەی تێهەڵکێش، دەقئاویزان و ئاماژەدان بە تراژیدیا و تاوان، زمانی وەسفی، وێنەی شیعری و هێما(ڕەمز) و پرسیاری ئاکاریی و وجوودی).

خاڵێکی تری ناســـەرەوەی ئەم فۆرمە لە دەقی داهێنەرانە، زمانی شـــیعرییە، وەک ئاماژەم پێدا زمان لێرەدا ئامراز نییە، بەڵکوو خۆی بەشـــێکە لە داهێنـانەکە، بۆ نموونە بەهێماکردنی زمان لە ناو خۆیدا و تێکشـکان و شـێواندنی ڕستەسـازیی باو بۆ پیشـاندانی جیهانە شـێواوەکەی دوای جینۆســاید. ئەم هەوڵانە لای شـــێرکۆ بێکەســـی شـــاعیر دەبینرێـت، گەر دوو نموونە بهێنمەوە، کە لە تێزی دکتۆراکەمدا بەوردی لەسـەری وەستاوم. شـێرکۆ بێکەس هێماکانی نەک لە دەرەوە دەهێنا، بەڵکوو بە خودی زمان ڕەمزییەتی زمانیشی دەئافراند. لای شێرکۆ بێکەس زۆرێک لە هێماکان لە سمەسای زمانەوە خۆیان دەنوێنن، لە دەقی والای دەربەندی پەپوولەدا، لە پێناســـی غەمناکیی بێشـــەی کوردسـتاندا و درێژی لە مێژییەی دووکەڵ و فرمێسـک و کڕووزە و برین و هاوار و ئازار و غەریبی لەم مەملەکەتەدا بە هێمای درێژبوونەوە و کێشـــهێنانی زمان دەنوێنێت و دەڵێت:

درێژە دووکەڵی ئەم بێشە غەمناکە
وەک بەژنی نەخشەکەم.
درێژە فرمێسکی ئەم شاخ و داخانە
لە دیجلە و فوراتیش درێژتر.
درێژە کڕووزەی پەلکەگیا
تا چاوی بڕینم بڕ ئەکا.

دریژه هاواری کۆلان و شەقامی ئەم لەشە تا لای خوا.
دریژه ئازاری ئەلفوبێم
لێرەوە هەتاکوو لای خانی.
دریژه، دریژه، دریژه.. غەریبیم
لە هێڵی ئاسنی ئەورووپا دریژتر.
نازانم ئەز چیتان بۆ باس کەم؟
نازانم ئەزچیتان
نازانم ئەز
نازانم
نا ...

سەرەڕای دریژبوونەوەی ئەو ئازارانە بە هێمای زمانی و بەرجەستەکردنی لە وێنەی (دریژیی بەژنی نەخشە، دریژیی دیجلە و فوورات، مەودای تاچاوبڕکردن، دریژی زەمەن لە ئێستاوە تا لای خانی و دریژیی هێڵی ئاسنی ئەورووپا)، هێمای ئەوەش بەرباس دەدات کە زمانیش دەرەقەتی ئەو برینانە نایەت و کۆتایی دێت و پەرت دەبێت، هەروەها وەک جۆرێک لە هێمای دەروونی و تووڕبوونیشی تێدا دەبینرێت بە جەختکردنەوە و نەرێکردن (نازانم ئەز چیتان بۆ باس کەم؟/ نازانم ئەز چیتان/ نازانم ئەز/ نازانم /نا...). کۆتایی شیعرەکە (نازانم، ئەز، نازانم، نا...) وەک بڵێی دۆخێکی هیستری و لاڵێتی و تراوما، هەر

ئەم جۆرەیە لە زمان (زمانی هێمادار) لە ئاست کارەساتدا، زمانێکە بتوانێت ئەدەبیاتی جینۆساید بنوێنێتەوە.

لە هەمان دەقی والادا ئەم جۆرە لە ڕەمزێتیی زمان و لە هێمای ئازار و سووتان و تێکەڵبوونی مرۆڤ و سروشت و لێکجیانەکردنەوەیان بە ئەستەم-کە لە ڕەخنەی ئیکۆلۆژیشدا ئەم پرۆسەیە هەیە-، شاعیر ئەم جۆرە لە هێما بە زمان دووبارە و چەندبارە و جەختی لێدەکاتەوە، کە زمان لە ئازاردا و ئازاریش لە زماندا دەنووسرێتەوە، سەرنجمان بۆ نموونەی تر کێش دەکات و دەنووسێت:

ئەمە پرچی بەجێماوی قەسیدەیە؟
یان کاکۆڵی خەونی گوندێ؟
ئەمە ئاوێنەی شکاوی هەتاوێکە، یان هی کچێ؟
ئەی ئەم ڕووبارە کوژراوە، یاری دەشت بوو یان هی کوڕێ؟
ئەی ئەم قیژە هەڵوەریوە، قیژەی دایکمە یان درەختێ؟
ئەی ئەمەیان گۆی مەمکە یان دەنکەگێلاس؟
ئەمە پشیلەی سووتاوە یان ساواکەم؟
ئەی ئەمەیان سەری باوکمە یان گوڵبێنەی تەندوورەکە؟
ئەمانە باڵی وەریوی پەرییەکانن یان کۆترەکان؟
ئەی ئەمانە گلێنەمن یان دەنکەزەیتوون و ترێ؟
نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر جیاوە کەم؟

نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر
نازانم ئەز چۆنیان..
نازانم ئەز..
نازانم..
نا...
بابەتێکی تری دیاری نێو ئەم دەقانە ئەوەیە، کە کارەکتەرەکان تەنها شیوەن ناکەن، بەڵکو بەرگری دەکەن و بیردەکەنەوە و توانا مرۆییەکانی خۆیان لەناو ئازار و ئەشکەنجە و برسێتی و تینوێتی و تەنانەت مەرگیشدا دەدۆزنەوە.

خاڵێکی تر هەیە کە لە ئەدەبیاتی دنیادا زۆر بەرچاوە و لە ئەدەبی کوردیدا لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. هێنانەوەی گۆشەنیگا و ئایدۆلۆژیای جەلاد و تاوانکارە بۆ نێو دەقەکان، وەک لە لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی (بەختیار عەلی) دا دەیبینین، کەسایەتی (نەقیب سامیری بابلی)، یەکێکە لە گرنگترین و ئاڵۆزترین کارەکتەرەکان بۆ بەرجەستەکردنی سیمای جەلاد، هەڵبەت جەلادێک لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە. گۆشەنیگای نەقیب سامیر تاڕادەیەک تیشک دەخاتە سەر ململانێی نێوان ئەرکی سەربازیی (وەک لای ئایشمان دەبینرێت لە

ڕوانگەی هانا ئاریێنتەوە) و دۆخی دەروونی و مۆرالّی ئەو مرۆڤانەی دەبنە بەشێک لە مەکینەی جینۆساید.

هێندەی ئێمە ئاگادار بین لە نێو کورددا زۆر شـــاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانناووسمان هەن، هەریەکەیان لەو دوو ئـاســـتەی ئـامـاژەم پێـدان (داهێنەرانە و ســـادە- کە هەوڵەکـانیـان هەرگیز نـادیـدە نـاکرێت) و بەپێی توانـا و پاشـــخانی ئەدەبی و زمانی و هونەری و دنیابینیی خۆیان بە ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ، نواندنەوەی جینۆســاید لە ئەدەبدا خســـتووەتە گەڕ. گەر دەرفەت هەبوو بە وردی لەسەر هەندێکیان دەوەستین و سەرنج و ڕەخنەی زانستی و بـابەتیبوونی خۆمـان لەمەڕ بەرهەمەکـانیـانەوە دەخەینە ڕوو، جگە لەوانەی ناوم هێنان، ئەم نووســەرانەش بەرهەم و پرۆژەیان هەیە: کاروان عومەر کاکەســـوور و جەمال غەمبار و ئەحمەد محەمەد ئیســماعیل و حســێن عارف و ڕەوف بێگەرد و میران ئەبراهـام و هیوا قـادر و عەتـا محەمەد و جەبـار جەمـال غەریـب و مـاردین ئیبراهیم و یوسف عیزەدین و بەیان سەلمان و حەسیب قەرەداخی و فەرهاد مسـتەفا و فەرهاد شـاکەلی و دلاوەر قەرەداخی و لەتیف فاتیح فەرەج و تەها ســلێمان و قوبادی جەلیزادە و مـارف عومەرگوڵ و محەمەد فەریق حەســـەن و فـاتیح ســـەلام و حەســـەن جاف و دانا فایەق و ســـەلاح عومەر و

سالّەح هەلاج و بەکر پشدەری و محەمەد ڕەشید فەتاح و سەمەد ئەحمەد و سەباح ڕەنجدەر و ئیبراهیم هەورامانی و ئیسماعیل خورمالّی و دلێر کەریم و حەمە کاکەڕەش و ئەحمەد عارف و کەژاڵ ئەحمەد و ئارام محەمەد و عەلی نارێنی و حسێن سۆران و عومەر سەید و عەبدولقادر سەعید و نەژاد ڕەشید پشدەری و زۆری تر...هتد.

نەتوانراوە سنووری لۆکاڵی تێپەڕێنن

تەها سلێمان: کۆمەڵێک ناوت هێنا، بەشێکیان پێشووتریش باســـت کردن و تەنانەت نموونەت لە دەقەکانیشـــیان هێنایەوە. بەڵام ئەوانی تر چی ئیزافەیەکیان کردووە لەم بوارەو هـۆکـارەکەی بـۆ چـی دەگەڕێتەوە نەتـوانـراوە ســـنووری لۆکاڵی تێپەڕێنن؟ یان بۆچی نەیانتوانیوە بگەنە ئەوانەی پێش خۆیان؟

هەژار فەقێ ســـلێمـان: بۆ ئەوەی مەبەســـتەکەم ڕوون بکەمەوە، چەند پێوەرێک ئاماژە پێدەدەم بۆ ناســـینەوەی بەرهەمی ئەدەبیی باڵا و جێکەوتدار، کە شـــوێنی خۆییان دەکەنەوە لە هەر ناوەندێکی ڕۆشـــنبیری و ئەدەبیی دنیادا بێت، تا بەشێکی گەورەی وەڵامەکەمان دەستگیر ببێت.

بۆ نموونە لە ئەدەبی شـــیعریی و گێڕانەوەدا ،گرنگە نووســـەر تاڕادەیەکی باش، ســـەرەتا هیچ نەبێت ئاگاداری میژووی ئەدەبی خۆی و میژووی جینۆســـایدەکانی بێت، دواتر ئەدەبی ناوچەکە و ئەدەبی جیهانی و جینۆســـاید و ئەدەبی جینۆسایدەکانی تر، بەومانایەی خاوەن پاشخانێکی

مەعریفی قوولْ و دنیـابینییەکی فراوان بێـت. بۆ نموونە شـــاعیر هۆشـــیار بێت بە تەکنیکە نوێیەکانی شـــیعر، لە تەکنیکی میتافۆر و پارادۆکس و هێماســـازی و هاوکات خاوەن فەرهەنگێکی زمانی و دەربڕینە جیاوازەکانی زمانی خۆی بێت. چیرۆکنووس و ڕۆمانناووســیش هۆشـیارییان هەبێت بە توخم و تەکنیکەکانی گێڕانەوە و گێڕانەوەناسـی، بۆ نموونە فەزاسـازی و کارەکتەرسـازی و تێماسـازی و پلۆت و وەسف و دیالۆگ و فرەدەنگی و شەپۆلی هۆش و مۆنۆلۆگ (ئەم سیانەی دوایی بۆ ئەم پرسە زۆر گرنگن و تەواو دەروونین) و ناونیشان و دەستپێک و کات و شوێن و تەکنیکەکانی تر.

دیارە هیچ پرۆژە و هەوڵێک نادیدە ناکرێت، هەریەکەیان بە پێی توانا و پاشـــخانی ئەدەبی و دنیابینیان ئیزافەیان هەبووە لە ئاستی بەئەدەبکردنی جینۆسایددا. بەشێکیان بۆ قۆناغێک و بۆ بەشـێک لە خوێنەران بەرهەمەکانینا گرنگیی خۆیانیان هەیە. بەڵام ڕووبەڕووی فاکتەرگەلێک و تووشی ئـاســـتەنگگەلێکی ئەدەبی و هونەری بوونەتەوە، کە ڕێگربووە لە هاتنەپێشەوەیان بەراورد بەوانی تر.

ئەوانەی نەگەیشـــتوونەتەوە ئەوانی تر، زیاتر بە زمانێکی ســـــادە پـانۆرامـایەکی گشـــتگیر و بەڵگەنـامەییی جینۆسایدەکانیان باس کردووە، شـێوازی ڕۆژنامەنووسـی

زاڵە بەسەر شێوازی هونەریدا و کەمتر لایان لەو تەکنیکانە کردووەتەوە کە ناودێرم کردن، کەمتر پرسیارە وجوودی و فەلسەفیی و مرۆییەکانیان بەرباسداوە، وەک سرووشتی ستەمکاری و بێدەنگیی جیهان و یان ململانێی ڕۆحی و دەروونیی مرۆڤ لەگەڵ مەرگدا وەک ئەوەی لە ئەدەبیاتی هۆڵۆکۆستدا کرا. نەشچوونەتە نێو قوواڵایی هەست و نەستی قوربانیان لە ساتەوەختی ترس و ئازاردا، مۆتیڤ و پاڵنەرەکانی جەلادیان باس نەکردووە. هاوسەنگیان لەنێوان خەیاڵ و ڕاستیدا ڕانەگرتووە .

ئەکرێ ئەدەبی کوردی بەخوێنسارد دەست نیشان کەین

تەها سلێمان: ئەگەر ڕاست بێت (ئەکرێ ئەدەبی کوردی بەخوێنسارد دەست نیشان کەین لەکارکردن لەسەر ڕەهەندو کاریگەرییەکانی تاوانی جینۆساید لەدژی کۆمەڵگەی کوردەواری) ئەگەر وانییە، ڕۆڵی ئەدەب لەناساندنی تاوانەکە بەدەرەوە و دنیابینی خۆی.

هەژار فەقێ سلێمان: گەر پرسیارەکە گشتگیر بکەیەنەوە، ئایا ئەدەبی کوردی لە چ ئاستێکدا بووە بۆ ناساندنی دۆز و بیرکردنەوە و مێژووی خۆی و مێژووی ئەدەبەکەی بەگشتی و کولتوورە دەوڵەمەند و ڕەنگاوڕەنگەکەی بەتایبەتی، بۆ دنیای دەرەوە و لە هەناویشیدا و پەیوەست پێیانەوە ڕۆڵەکەی لە ناساندنی تاوانی جینۆسایدا.

دیارە ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەک زووم و ئاوێنەی ڕۆحی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەیەتی، ئەوە تەنیا ئەدەبە کە دەتوانێت مانا بە ژیان و ژانی مرۆڤەکان ببەخشێت و کولتوورە چەشناوچەشنەکانیان لە فەوتان بپارێزێت.

ئەرکی سەرەکیی ئەدەب لە ناساندنی دۆزی گەلاندا، گواستنەوەی دەنگ و ڕەنگ و بنەما نەتەوەییەکان و ئازاری نەتەوەکەیە بۆ زمانێکی گەردوونی کە هەموو مرۆڤایەتی بتوانێت لێی تێبگات.

بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد، کە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی سڕینەوە بووەتەوە، ئەدەب و زمانەکەی هەمیشە وەک چەکێکی مانەوە و کۆڵەکەیەکی گرنگی نەتەوە و ناسنامە بووە، کاری کردووە بۆ گواستنەوەی ڕەسەنایەتی و فەلسەفەی ژیان و بیرکردنەوەی و پرسە ڕەواکەی بۆ دنیای دەرەوە.

گەر نموونەیەک وەربگرین لە ڕووی مێژوویییەوە، ئەدەبی کلاسیکی کوردی (لە باباتاهیر و مەلای پەرێشانەوە بۆ مەلای جزیری و خانی و مەولەوی و نالی و مەحوی و حاجی و شاعیرانی تر)، خاوەن دنیابینییەکی خودی و کوردانەی قووڵ و دەوڵەمەند بووە لە بارەی تەسەوف و عیشق و ژیان و بەرگری و ناسنامەوە، لێ بەداخەوە ئەم سەرمایە گەورەیە بۆ ماوەیەکی درێژ لەژێر سایەی چەوساندنەوەی سیاسی و دابەشکاریی جوگرافیاکەیدا بە دیلی مایەوە. دنیای دەرەوە بە ئێستاشەوە بۆ کاتێکی درێژ لێی بێئاگایە، چونکە کورد دامەزراوەیەکی نیشتمانیی

نەبوو، کە پەرە بەم میرات کولتوورییە بدات و ئامادەی بکات بۆ سەر مێز و خوانی گفتوگۆی ئەدەبیاتی جیهانی.

ئەگەر سەیری ئاستی ناساندنی دۆزی کوردی بکەین لە رێگەی ئەدەبەوە، دەبینین ئەدەبیاتی هاوچەرخ (بەتایبەت شیعر و ڕۆمان) لەم بەشەی کوردستان و لە دوای ڕاپەڕین و گۆڕانکارییە سیاسییەکانەوە هەنگاوێکی بڕیوە. بە تایبەت لەم دواییانەدا بەشێک لە شاعیران و ڕۆمانووسان بە وەرگێڕانی کارەکانیان بۆ چەندین زمانی زیندوو، وەک بالۆزی دەنگی مەزڵومیەتی کورد و تراژیدیای جینۆساید تاڕادەیەک ناسران. ئەدەب لێرەدا توانی کێشەی سیاسیی کورد لە هاوکێشە وشکەکان دەربهێنێت و بیخاتە ناو هۆشیاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، بە شێوەیەک کە دەرەوە کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو ببینێت، کە لە ناو و دوای خۆڵەمێشی جەنگەوە دەقی ئەدەبی بالا دەنووسێت .بەتایبەتی لەم پرسەدا و تایبەت بە جینۆساید وەرگێڕانەکانی وەرگێڕە دیارەکانی وەک مەریوان هەڵەبجەیی و ڕاوێژ سەلیم و و چۆمان هەردی و پێشەوا فەتاح، بەرهەمەکانی بەختیار عەلی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و شێرکۆ بێکەس(دەربەندی پەپوولە)یان بۆ فارسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی وەرگێڕاوە.

جێی ئاماژەشـــە لە ڕووی کولتووری و ڕەنگاوڕەنگییەوە، مێژووی ئەدەبیاتی کوردی (فۆلکلۆر و میللی و کلاسیک و نوێ و هاوچەرخ) تەنیا باسی جەنگ و شەڕوشۆڕ ناکات، بەڵکوو دەوڵەمەنـدە بە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و خۆشەویستیی ڕەگاژۆ و دەوڵەمەندیی ڕوانین لە سروشت و بوونی فرەیی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردســـتاندا، کە ئەمەش دەتوانێت ســەرنجی خوێنەری بیانی ڕادەکێشـــێت. کاتێک ڕۆماننووســـانی کورد ژیانی گوندەکان و خورافە و چیرۆکە ئەفســـانەییە کۆنەکان و پەیوەندیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و جوانیی چیاکان دەگێڕنەوە، وەربگێڕدرێن، ئەوا وێنای باوی کورد تەنیا قوربانییە یان شـــەڕکەرە لای خـۆمـــان و بـیـــانـیـیەکـــان دەگـۆڕن. ئەم جـۆرە ئەدەبە دەیســـــەلمێنێت کە کۆمەڵگەی کوردی خـاوەن میراتێکی کولتووریی ئێســـتاتیکی و مرۆیی قوولە، کە شـــایســـتەی تێڕامان و ناسینە.

بەڵام هێشتا ئاستی ئامادەیی ئەدەبی کوردی لە جیهاندا لە ئاســتی پێویســتدا نییە و بەشـێکی زۆری لە ڕووی تێما و تەکنیکی شـــــیعری و گێڕانەوەوە خۆی لە قەیرانـدایە و هێشـــتاش کێشـــەی گەورەی لە بەردەمدایە، دیارترینیان وەک باســمان کرد کێشــەی وەرگێڕانە. وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ زمـــانە جیهـــانییەکـــان، پشـــــتی بە پرۆژەی

دامەزراوەیی و فەرمی نەبەستووە، بەهۆی خەم و درک و حەز و هەوڵی تاکەکەسیی وەرگێڕان یان پەیوەندیی دەگمەنی نووسەران خۆیانەوە بووە. ئەمەش وایکردووە کە زۆرێک لە شاکارە گەورەکانی ئەدەبی ئێمە، کە دەتوانن لەگەڵ شیعر و قەسیدە و ڕۆمانە جیهانییەکاندا کێبڕکێ بکەن، تەنیا لە چوارچێوەی زمانی کوردیدا بمێننەوە و دەنگیان نەگاتە ناوەندە ئەدەبییە گەورەکانی وەک نۆبڵ و پوکەر و پێن و ئەوانی تر.

لە سااڵنی دواییدا، نەوەیەکی نوێ لە وەرگێڕی کورد دەرکەوتوون کە بە زمانەکانی وەک ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و سویدی و عەرەبی و فارسی و تورکی وەردەگێڕن. دەتوانن و ئومێد هەیە مێژووی پڕ لە ئازاری کورد و تێڕامانی مرۆڤی کورد لەسەر بوون و دەسەاڵت و عەشق و ئازار بگەیەننە خوێنەری دەرەکی.

بۆیە دەتوانین بێژین ئەدەبی کوردی لە ئێستادا لە قۆناغی گواستنەوەدایە، خەریکە لە ئەدەبێکی ناوخۆیی و ناوچەییەوە بەرەو کرانەوەی جیهانی هەنگاو دەنێت، بەاڵم گەیشتن بە ئاستێکی جێگیر پێویستی بەدامەزراوەی نیشتمانی هەیە. بۆئەوەی مێژوو و کولتوورە دەوڵەمەندەکەی کورد بە دروستی جێگەی خۆی لە دنیای دەرەوەدا بکاتەوە. دەشبێت ئەدەبەکەمان لە بازنەی

نـاوخۆیی و سـۆزداریی ڕووت و خەم بۆ ڕابردوو دەربچێت و زیـاتر کـار لەسـەر بەجیهـانیکردنی دۆز و جینۆسـایدمان بکات. تەنیا لە ڕێگەی بونیادنانی ناوەندی بەهێزی وەرگێڕان و پشـتگیریکردنی داهێنانەوە، ئەدەبی کوردی دەتوانێت وەک شـوناسـێکی زیندوو، پێگەی شـایستەی خۆی لە نەخشـەی ئەدەبیاتی جیهاندا مسـۆگەر بکات.

بەرەو کرانەوەی جیهانی

تەها سـلێمان: (بۆیە دەتوانین بێژین ئەدەبی کوردی لە ئێستادا لە قۆناغی گواستنەوەدایە، خەریکە لە ئەدەبێکی ناوخۆیی و ناوچەییەوە بەرەو کرانەوەی جیهانی هەنگاو دەنێت، بەڵام گەیشتن بە ئاستێکی جێگیر پێویستی بەدامەزراوەی نیشتمانی هەیە) ئەمە بۆچوونی ئێوەیە، لە ڕاستیدا چاوەڕوانی وەڵامێکی وام دەکردو دەمەوێ بپرسم ئەو کرانەوەیە چۆنەو ڕۆڵی ئەو دامەزراوە نیشتمانییە چییە لەبەردەوامبوونی ئەو کرانەوەیەدا؟

هەژار فەقێ سلێمان: کرانەوەی هەر ئەدەبێکی ناوچەیی بە ڕووی دنیادا لەسەر کۆمەڵێک فاکتەر بەندە و ئەدەبیش کوردی لەم ڕووەوە خەریکە هەنگاو هەڵدەگرێت و ئاسۆی ناساندنی ڕوون دەبێتەوە.

هۆکاری یەکەم وەرگێڕانە، دیارە وەرگێڕان ڕایەڵێکی گرنگی ئاشنابوونی فەرهەنگە جیاوازەکانە بەیەکتر، ئەوەی لەسەرووی هەموویانەوە ئەم کردەیە گەورەتر و خێراتر ئەکات، وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکانە. وەرگێڕان، گەر بۆ

زمانەکانی دنیا جارێک گرنگ بێت، بۆ ئێمەی کورد زیاد لە جارێک گرنگترە و دەبێت کاری لە پێشینەمان بێت، بۆ نموونە ناساندنی جینۆساید و ئازار و کردەڕەهاتەکانمان بە دنیا جارێک، جارێکیتریش قوربانیەکانمان و خۆشمان لە نائومێدی و بێدەنگیی بەردەوام ڕزگار دەکات. لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی دیاری ئێمە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە (وەرگێڕانی پێچەوانە) بۆ زمانانە دیارەکانی دنیا وەرگێڕدران، لە دیارترین وەرگێڕەکانیش وەکوو ڕاوێژ سەلیم و کەریم عەبدوڵڕەحمان و مەریوان هەڵەبجەیی و چۆمان هەردی و سالار تاوگۆزی و ئەوانی تر. کە بەرهەمی نووسەر و شاعیرە دیارەکانی کوردیان وەرگێڕاوە وەک شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن و لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیر و فەرهاد پیربااڵ و هیواقادر و دلاوەر قەرەداخی و ڕێبوار سیوەیلی. هەر لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە شێرکۆ بێکەس خەاڵتی تۆخۆلسکی و بەختیار عەلی خەاڵتەکانی نیلی زاکس و هێلدا دۆمین وەردەگرن.

دەمەوێت ئاماژەش بەوە بدەم لە ناو وەرگێڕەکاندا، بۆ نموونە مەریوان هەڵەبجەیی وەرگێڕ کە خۆی بەرکەوتووی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجەیە، لە گرنگی وەرگێڕان

لەم پرسەدا تێگەیشتوو و قوولّ و قاڵە. مەریوان هەر لە تەمەنێکی کەمەوە ئاوارەی ئێران دەبێت، پاش گەشتێکی پڕ لەنەهامەتی و سەخت، دەردەسەرییەکانی دەگۆڕێت بە کۆمەڵێک پڕۆژەی فەرهەنگیی گەورە، یەکێکە لە ئایکۆنە دیارەکانی نێو دنیای وەرگێڕانی ئێمە، ناکرێت قسە لەبارەی کایەی وەرگێڕانی کوردی بکرێت و مەریوان هەڵەبجەیی نادیدە بکرێت. زیاد لە بیست و پێنج ساڵی تەمەنی خۆی بۆ ئەم بوارە تەرخان کردووە .

هۆکارەکانی تری کرانەوەکە بەشداریی بەشێک لە کتێب و نووسەرانمانە لە ڤێستیڤاڵ و ناوەندە ئەدەبییەکانی جیهان و ڕۆڵی ڕەوەندانی تاراوگە و بڵاوبوونەوەی ڕۆمان و شیعری کوردی لەلایەن دەزگا بەناوبانگەکانی چاپ و پەخش لە ئەورووپا و ئەمریکا، هاوکات لەگەڵ بەردەستبوونی بەرهەمەکان بە شێوەی دیجیتاڵی.

سەبارەت بە نەبوون و گرنگیی دامەزراوەی نیشتمانی بۆ بڵاوکردنەوە و وەرگێڕان لە پرسی جینۆسایددا، هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە بەهۆی کەمی هۆشیاری و شەڕ و قەیرانی یەک لە دوای یەک لەم بەشەی کوردستاندا، پەرتەوازە و بێسەروبەرەیەکی زۆرمان ڕووبەروو بووەوە، دیارە نەک هەر لەم بوارەدا لە کۆی بواری فەرهەنگسازی و ناسنامە و زمان و کۆی بوارەکانی تر ئیفلیج بووین. نە

حکوومەت و نە وەزارەتی تایبەتمەند و نەش ڕێکخراوەکانی ئەم پرسە ستراتیژییەکی وەهایان نەبووە لەم پرسەدا، جگە لە هەوڵ و خەم و لێبڕاوییە تاکەکەسییەکان نەبێت.

سەبارەت بە دامەزراوەی نیشتمانی بۆ بواری جینۆسایدیش کە بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە تا ئێستا نیمانە. دیارە بە ڕوانین لە دەزگا و دامەزراوە نیشتمانییەکانی دنیا بۆ پرسی جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتییەکان، تایبەتمەندی و ئەدگارەکانی بە کورتی دەخەمە ڕوو، بەو ئومێدەی بتوانین لە داهاتوودا بنیاتی بنێین و لەگەڵ ئێوە و خەمخۆران و دڵسۆزانی ئەم بوارەدا، پێشنیاز و پرۆپۆزەڵێکی پانوپۆڕی بۆ ئامادە بکەین .

دامەزراوەی نیشتمانی لە بواری جینۆسایددا دەبێت دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و ئەکادیمی و یاسایی و پلاندار بێت، کە بە شێوەیەکی زانستی سەرپەرشتی کەیسەکانی جینۆساید و تاوان و کۆمەڵکوژییەکان بکات، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی ململانێ حیزبی و سیاسییەکانەوە. ئەمەی دوایی زۆر گرنگ و پێویستە، بۆ ئەوەی لایەنە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکان وەک ناوەندێکی بێلایەن و باوەڕپێکراوی ئەکادیمی بیناسن و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

دامەزراوەی نیشتمانی دەبێت لە تۆڕێک لە ئەکادیمیست و شارەزایانی یاسا و یاسای نێودەوڵەتی و مێژوونووس و بەڵگەکۆکەرە و پزیشک و تۆێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و پسپۆری ڕاگەیاندن و وەرگێڕ و ئەکادیمیستی ئەدەبی و هونەری و ژینگەیی و ...هتد پێکبێت.

بوونی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و و مۆزەخانە و مۆنۆمێنت و ناوەندە گەورەکانی جیهان لەم پرسەدا.

ڕۆڵ و ئەرکی دامەزراوەکەش بریتی دەبێت لە ئەرشیڤسازیی زانستی و دیجیتاڵی و کۆکردنەوە و پاراستنی هەموو بەڵگەنامە و فیلم و وێنە و کەرەستە مادییەکان و گواستنەوەی زارەکیی شایەتحاڵەکان لەسەر بنەمای ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بۆ نووسین.

ئەرکی بەدواداچوونی یاسایی و دیپلۆماسی و ئامادەکردنی دۆسیەی یاسایی تۆکمە بۆ دادگا نێودەوڵەتییەکان و کارکردن لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتان بۆ بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدەکان، هاوکاتیش بەدواداچوون بۆ بەدەستهێنانی ماف و قەرەبووی یاسایی و ماددی بۆ ڕزگاربوان.

وەرگێڕانی کۆی بەڵگەنامە و تێکستە گرنگ و بەردەستەکانی کۆی بوارەکان بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیسپانی و عەرەبی و فارسی و تورکی و ئیسپانی و زمانە دیارەکانی تر، بەمەبەستی کاریگەریی خستنەسەر ڕای گشتی و ناوەندە ئەکادیمییە جیهانییەکان. یانخود بە پێچەوانەوە وەرگێڕانی کتێب و توێژینەوە گرنگەکان لەو زمانانەدا کە لەم پرسەدا هەن.

دەرکردنی زنجیرە کتێب و گۆڤاری ئەکادیمی ئاستبەرز و خاوەن ئیمپاکت فاکتەر و ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەکادیمیی بەردەوام، لەگەڵ دارشتنی پڕۆگرامی پەروەردەیی تۆکمە بۆ قوتابخانە و خوێندنگە و زانکۆکان، تا مێژووی تراژیدیاکە ببێتە هۆشیارییەکی گشتی بۆ ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی. بەداخەوە ئێمە تا ئێستا بیبلۆگرافیای کتێب و توێژینەوەکانمان لەم پرسەدا نییە و پەرتین لەو ڕووەوە. ئێمە دەبوو لە هەر کتێبخانە و کتێبفرۆشییەکی شارەکان و تەنانەت کتێبخانەی مالاّنیش، بەشێک و ڕەفەگەلێکی گەورەمان تەرخان بکردایە بۆ جینۆسایدەکانی خۆمان و هیی دنیاش.

پشتیوانیکردنی ڕزگاربووان و قوربانیان لە ڕووی تەندروستی و ڕۆحی و ئابووریییەوە و دابینکردنی بنکەی

دەروونی و کۆمەڵایەتیی پێشـــکەوتوو بۆ هاوکاریکردنی قوربانییان و خێزانەکانیان .

دروستکردنی مۆزەخانە و مۆنۆمێنتی سەردەمیانە لەسەر ئاستی جیهانی، بە شـێوازێک کە ڕێبواران و گەشـتیارانی بیانی ئاشنا بکات بە قەبارەی جینۆسایدەکانمان.

مامەڵەکردن لەگەڵ کاریگەرییەکان

تەها سلێمان: تۆ لە ژینگەیەکی بەرکەوتووی جینۆساید پەروەردەو گەورە بوویت، دەمەوێت بزانم ئەزموونتان لەم بارەوە چییە؟ چۆن مامەڵەتان لەگەڵ کاریگەرییەکانی تاوانەکە کردووە لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە؟

هەژار فەقێ سلێمان: هەر لە قۆناغی مێردمندالّیمەوە، ئەوەی درکم پێکردبێت لە تەمەنی یازدە و دوازدەسالّییەوە، بە ئێستاشەوە کە مالّمان لە ناحیەی (سمووود)ی ئەوسا و قەزای (ڕزگاری)ی ئێستای سەر بە ئیدارەی گەرمیانە، ڕۆژانە و تا هەنووکەش ئەزموون و بەرکەوتن و تێکەڵاویی و وابەستەیەکی ڕۆحیم هەبووە لەگەڵ کەسوکار و قوربانیانی سەربەرزی ئەنفالدا. چونکە ئەوکات گەڕەکەکەی ئێمە نزیک لە گەڕەکی (ئەنفالەکان)ی سالّانی نەوەتەکان بوو، بۆیە جگە لە یادکردنەوەی سالّانەی قوتابخانەکان، لەو قۆناغەمدا بەردەوام و ڕاستەوخۆ بەر چیرۆکە تراژیدیا و بڕەرەکانی ئەنفال دەکەوتم.

یەکێک لەو ڕووداوە یەکەمینانە هەرگیز بیرم ناچێت، ساڵی نەوەت و پێنج بوو، ڕۆژێک من و دایکم لە حزوور و خزمەتی دایکێکی ڕەشپۆش و جەرگسووتاودا لەبەر دەرگا دانیشتبووین، باسی سێ کوڕی ئەنفالکراوی خۆی بۆ دەکردین، کە چۆن پێش ئەنفال یەکێکیان ماتۆڕی پێبووە و تا ئێستاش هەر شەوێک دەنگی ماتۆڕ بێت دادەچڵەکێت، وا دەزانێت ئەوە و گەڕاوەتەوە. لە کاتی گێڕانەوەکەیدا زۆر کاریگەرانە و بە سۆزێکی قوواڵەوە دەیلاواندنەوە و باسی باڵابەرزیی کوڕە جوانەمەرگەکانی دەکرد و دروست لەو کات و دەمەدا پرسیاری چەندێتی باڵایانم کرد، بە تەشبیهێکی کوردانەی خۆیەوە دەستی بۆ دارتێل-ستوون(عەمووود)ە کارەباییەکەی تەنیشتمان درێژ و باڵا کرد.

وەختایەکیش کە چوومە قوتابخانەی ناوەندی، بەهۆی گێڕانەوەی چیرۆکی ئازاراوی و خەمهێنی نەوە و کەسوکاری ئەنفالکراواندا زیاتر ئاشنابووم بەم کەیسە، لەوانە هەریەک لە پشتیوان نەسرەدین و فریاد هیدایەت و ئەحمەد شێخ عوسمان و شۆڕش ڕۆستەم و ڕێباز غالب کە لە نوگرە سەلمان گەڕابووەوە.

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە قووڵتر ڕۆچووە دەروونمەوە و جێکەوتی گەورەی هەبوو گفتوگۆی تەلەفزیۆنی

شـــــایەتحـاڵەکـانی ئەنفـال و کیمیـابـاران و وێنە کارەسـاتبارەکانی هەڵەبجە و هاوکات ئەو شـیعرانەش کە دەخوێنرانەوە لە یادەکاندا.

دەمێکیش کە چوومە زانکۆ و کرامەوە بەســـەر شـــار و کتێب و کتێبخـانەی تر و دنیـای قوولّتری خوێندنەوەدا، باســـی جینۆســـاید زیاتر پەلکێشـــی کردم، بە تایبەتی ڕووداوێک کە دەتوانم ناوی بنێم ڕووداوی وەرچەرخانی دنیـابینم بۆ جینۆســـاید و کۆمەڵکوژییەکـانمـان، ئەویش خوێندنەوەی ڕۆمانەشـیعری (گۆڕسـتانی چراکان)بوو لە لایەن خودی مامۆسـتا شـێرکۆ بێکەس خۆیەوە، لە هۆڵی ڕاپەڕینی زانکۆی ســـلێمـانی لە مـانگی دوازدەی ٢٠٠٤. هۆڵەکە بە جۆرێک قەرەباڵغ و ئاپۆڕادار و بێدەنگ بوو، وای کردبوو لە دواتردا و بەهۆی بینینی ڤیدیۆی ئەو کۆڕە و کۆڕی شـاعیرانی تردەوە، (د.ماریانا لابرۆس) مامۆسـتای زانکۆی ئەمریکی و دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ســـەنتەری کەشکۆڵ بلّێت دلّبەند و سەرسام بووم بەو هەموو ڕێز و خۆشـەویسـتیەی کورد هەیەتی بۆ گوێگرتن لە شـاعیرانی، کە لە دنیادا وێنەی کەمە.

لە دوای کۆڕە شـــیعرییەکە گفتوگۆیەکی کورتیشـــم لەگەڵ شـاعیردا کرد لە بارەی ســەروەختی تاوانەکە و دواتریش لە بـارەی وردەکـاری و ئـاوێزانبوونی بە ڕووداوەکـانی

ئەنفال و جێکەوتەکانییەوە لەسەر دەروونی دوا، کە چۆن ئاگاداری زۆرێک لە گفتوگۆی شایەتحاڵەکان بووە لە گۆڤار و کتێبەکاندا و چۆنچۆنی چەندین کاتژمێر بە دیار شایەتحاڵ و قوربانیانەوە لە بەردەم تەلەڤزیۆندا دانیشتووە. هەر ئەو ساتەش وێنەیەکی یادگارییم لەگەڵیاندا گرت، تا ئێستاش یەکێکە لە وێنە خۆشەویست و پارێزراوەکانم، هەڵبەت دوای ئەوەش لە زۆر بۆنە و یاد و سەرداندا شێرکۆ بێکەسم بینیەوە و گفتوگۆی چڕتر و وێنەی تریشم لەگەڵیدا هەن. هەر لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆماندا، سااڵنەش بە چااڵکیی جۆراوجۆر یادی ئەنفالمان لەگەڵ هاوڕێیانماندا بۆ خوێندکاران دەکردەوە، بەتایبەتی لەبەردەم کۆلێجی زماندا.

دوای تەواوکردنی قۆناغی بەکاڵۆریۆس و بوون بە مامۆستا، بەهۆی جۆرێک لە دارایی سەربەخۆوە، دەستم گەیشتە زۆربەی ئەو کتێب و وەرگێڕان و توێژینەوە و گۆڤار و تێکستی ئەدەبی و گفتۆگۆی شایەتحاڵانەی بەرکەوتووی جینۆسایدەکانمان، بەتایبەتی جینۆسایدی ئەنفال و هەڵەبجە. بە نموونە و بەتایبەتتر پرۆژەکانی هیومان ڕایس وۆچ و ئێوە و کاک عارف قوربانی و مامۆستا هۆمەر محەمەد و عەبدوڵا کەریم مەحموود و عەلی مەحموود و د.جەبار قادر و لەتیف فاتیح فەرەج و

سالار مەحموود و سمکۆ سابیر و عەدالەت عومەر و گوڵاڵەی گەرمیان و شەمزین جیهانی و ئەوانی تر. لەوێوە خەم و ئاسۆ و دنیابینمان بۆ ئەم کەیسە فراوانتر بوو.

وردەوردە لەو ڕووەوە و دەستم کرد بە نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەت لە فۆرمی وتاردا لە زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، بە نموونەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ئاسۆ و چاودێر و پرس و گۆڤاری زانکۆی گەرمیان بۆ پرسی جینۆساید و گۆڤاری تۆپزاوە و زۆری تر. زیاتر لەسەر پرسی ئەدەب و جینۆساید و گرنگی و بایەخی ئەدەب لە ناساندنی جینۆسایددا کارم کرد. چون وەک پێشووتر ئاماژەمان پێدا، درکمان بە گرنگی و مەکانەتی ئەدەب کردبوو لە پرسی جینۆسایددا.

لە دیارترین هەوڵ و پرۆژە ئەکادیمییەکانیشمان لەم بوارەدا، ئەمانە بوون: دوو توێژینەوەی زانستی لەبارەی ڕۆمانە شیعری گۆڕستانی چراکانەوە، یەکەمیان بە ناونیشانی (ژن وەک ڕەمزی قارەمان و قوربانی) لە ڕۆمانەکەدا لە کۆنفرانسی زانستی جینۆسایددا، کە سالانە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێکی دەخات. دووەمیشیان توانا میتافۆرییەکانی شێرکۆ بێکەس لەم ڕۆمانە شیعرەدا، کە تایبەتە بە ئەنفال.

توێژینەوەیەکی ترمان بە ناونیشانی تراتیژەکانی گێڕانەوە لە ئەدەبی جینۆسایددا، ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) بە نموونە بوو، ئەمیش هەر لە هەمان کۆنفراسدا بوو.

لە نامەی دکتۆراکەشمدا، کە لەسەر هێما بوو لە دەقەوالاکانی شێرکۆ بێکەسدا، کە دەزگای سەردەم چاپی کردووە، تێیدا زۆرترین ئەو دەق و شیعرانەم هێناوەتەوە و ڕاڤە کردووە، کە بۆ جینۆسایدەکانی گەلی کوردی نووسیوە، بەتایبەت ئەنفال و هەڵەبجە.

لە دووەمین کۆنفرانسی یەکێتیی نووسەرانی بواری جینۆسایدیشدا، وەک دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتییەکە هەڵبژێردرام و هەر لەوێ کارنامەی ئیشکردنی خۆمم پێشکەش کرد، لە ناویشیدا ئەنجامدانی فێستیڤاڵی ئەدەبی جینۆساید بوو بۆ شیعر و چیرۆک.

فێستیڤاڵی ئەدەبی جینۆساید بۆ شیعر و چیرۆک، بەهەماهەنگی ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی، ساڵانە لە قەزای ڕزگاری مەڵبەندی کۆژان و جینۆسایدی ئەنفال ئەنجام دەدرێت و لەگەڵ هاوڕێیانی ئازیزدا بەتایبەتی مامۆستایان دلێر کەریم و زیاد نارێنی و سەیوان موحەمەد و لاوان ئەحمەد و سیروان سلێمان و کاک دیار

عەلی و کاک ئەکرەم سالّەح و هاوڕێیانی تر، تا ئێستا دوو خولمان ئەنجام داوە و سەرقالّی ڕاگەیاندنی سێیەم خولیشین. فیستیڤالّەکە لە پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەلّاتی نیشتیمان و ئەوروپاوە بەشداربووی هەبووە. بۆ داهاتوویش خەونی گەورەتر و بەنێودەولّەتیکردنی و زیادکردنی بڕگەی تریشیمان هەیە.

لە ئێستاشدا کۆی شیعر و چیرۆکەکانی هەردوو فێستیڤالّەکە لە دیزاینەو لە کەمترین ماوەدا لە پرۆژەی کتێبێکدا بە ناوی (دەنگدانەوەی برین و بیرەوەری) بلّاودەبێتەوە.

وەک ئەرکێکیش هەمیشە لە نزیکەی هەموو یاد و هەلّوێست و چالاکیی و گفتوگۆی ڕادیۆی و تەلەفزیۆنی سەبارەت بە جینۆساید بەشدار و ئامادە دەبین.

سەرەڕای ئەوانە دوو پرۆژەی ترم هەن، یەکێکیان تەواو بووە و ئەویتر سەرقالّی دارشتنی پلان و پلۆت و چیرۆکەکەیم، بەهیوام دوای ئەم گفتوگۆیە ڕۆشنایی چاپ ببینن.

یەکەمیان لە دوای سەردانیمان بۆ قەلّا و زیندانی بەدناوی نوگرەسەلمان نووسیومە، یاداشتێکی ورد و دوور و

دریژی ئەو ســـەفەرەمـانە، پێم خۆشـــە لێرەدا چەنـد پەرەگرافێکی وەپێش چاوی خوێنەران بدەم :

لە کاتژمێر حەوتی ئیوارە بەپێی پلانی دانراو بە ڕێکەوتین بۆ ســـەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان، گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە نێوان شـاری ســەماوە و قەزای ســەلماندا بوون. دوای زیاتر لە کاتژمێرێک زیاتر لە ســەماوەوە لە جادەی قیر لاماندا. کپی و ســـەرســـامییەک هەموانی داگرت. (هاوڕێ ئەحمەد) لە تەنیشـــتمەوە بوو، ســـەری نابووە جامی پاســـەکەوە و ئازارێکی زۆر گینگڵی ئەدا، کە ئازیزەکانی بیرەدا تێپەڕیون بۆ چاڵەکانی مەرگ، پێم وت من چەندین جار بەم ڕێگەیەدا هاتووم و ئازاری ئەم ڕێگەیەم چەشـــتووە. گفتوگۆکەی تەیموری تاقانەی ئەنفال وشـــە بە وشـــە لێلما بوو، ئەو دەمەی کە دەڵێت لە قیر لاماندا و ئۆتۆمبیلەکەمان کەوتە هەڵبەز و دابەز، ئۆتۆمبێلێک بوو لە هیچ ئۆتۆمبێلێکی دنیا نەدەچوو و هەرگیزیش نەمبینیونەتەوە لە هیچ شـــارێکی دنیا، وەک ئیســـعافێک کە نزیکەی ســـی بۆ ســـی و پێنج کەســـی تێدا بوو، دەشـــڵێت بـاوەڕم وایە کە لەگەڵ قوربـانییەکـانـدا ڕژێمی بەعس ئۆتۆمبیلەکـانی ژێر خـاک کردووە. تەیموور دەشـڵێت نزیکەی نیو ســەعات بەســەر خۆڵدا ڕۆیشـــتین تا گەیشـــتینە چاڵەکان، دڕووســـت ئەو شەوە کاتم بۆ گرتەوە، نیو سەعات بوو.

گەیشتینە سەر یەکەم شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، باوەڕ ناکەم هیچ کەسێک لەو حەشاماتە دوسەت کەسییە خەیاڵ و وێنەیەکی لا ما بێتەوە کە چۆن دابەزین و چۆنچۆنی گەیشتنە سەر ئارامگا بەزۆرهێنراوەکانی قوربانییەکان. لە چرکەساتێکدا هەموان پێکڕا دابەزین و بەنگەڵە و بازنەمان دا. دەبێت بە ئەسپایی پێ دانێیت، بە هێواشی هەنگاو بنێیت بەسەر لم و خۆڵەکەیدا. خۆڵێک بوو لە هیچ خۆڵێکی دنیا نەدەچوو، نامۆ وەلێ ئاشنا، خۆڵ و لمی سەر گۆڕی ئازیزەکانمان، ئازیزی بێ گوناە، ئازیزی ئازارچەشتوو، مرۆڤ گەر هەزار دڵی هەبێت هەر هەزارەکەی سەررێژ ئەبێت لە خەم. خەمیش دەبێتە هەزار جۆگەلەی ئاو و بە دوو چاوا عوبوور ئەکات.

مۆم داگیرسا و هەر یەکەمان بە بوتڵێکەوە خۆڵ و لمی کۆدەکردەوە، تا بۆ یادگار، تا بۆ ئەوەی بۆنەکەی لە بوتڵ نێن، ئەم عەترە وشکە لە شووشە نێن، سێیەمین و نوێترین پۆلێنی ناو عەتری وجوود، عەتری خۆڵی شەهیدانی ئەنفال و عەتری مۆدێرن و عەتری کلاسیک. فرمێسکپەرژێن و ئاوپەرژێنی گۆڕەکانمان بە ئاوی چاو و ئاوی ئاوەسپی، کرد، تا تینوێتیی قوربانییەکان بڕەوێتەوە. جارێک بە گریان و نااڵە و فوغانەوە پێکڕا سەر بەرز دەکرایەوە ڕووە و ئاسمانی بێوەڵام و جارێکی دی

هەموان سەر دادەنەوێننەوە و پاڵ دەدەنە یەکەوە و ئاشنا ئاشـــنا ڕووەو زەوی کـپ ڕادەمێنن و هـاوارەکـانیـان دەخەنەوە نـاو بیرکردنەوە نـاو ڕۆحیـان، ئەمەیە ژەنینی ستوونی و ئاسۆیی خەم و هاوار و زایەڵەی لە وێنەنەچوو.

مام دارا کە تەمەنی لە هەشـــتا ســـاڵی نزیک دەبێتەوە، دانیشـتووە و دەسـت بە ناو خۆڵەکەدا دەگێڕێت، تا بەڵکوو هەوریی ســـەری خوشـــکە ئەنفالکراوەکەی بدۆزێتەوە، سەیوانیش دەستی لەسەر شانییەتی و دڵنەوایی دەداتەوە، سا ئەی کێ دڵنەوایی خودی سەیوانیش و هەموان بداتەوە. ئەوە چ خەمێکە وا خەرمانەی بە دەوری دڵی مـام دارادا داوە، تـا بەو تەمەنەوە ئەو هەموو ڕێگە ببڕێـت، ئەمەیە خەمی چڵچڵی و گرنجگرنج و دۆرنجداری بێ ناونیشـان و لەزمانبەدەر، خەمێک کە خودی وشـــەی خەم کورتە بە بەری.

دووەمیشیان پرۆژەی نووسینی کورتە ڕۆمان (نۆڤڵێت)کە، کە بۆ یەکەمجارە لێرەوە ئەم بابەتە ڕادەگەیەنم. لە ئێستادا سەرقاڵیم، لە بارەی یاداشتەکانی گەنجێکی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمـانیی بەڕەگەز جوولەکەیەوەیە لەنـاو نێو پەلامـار و ڕووداوەکانی ئەنفالدا. دەســـتپێکی نۆڤڵێتەکە، کە هێشـــتا ئیدیتی ماوە، بەم شێوەیە دەبێت:

دره‌نگـانێکی ئێواره‌ی دووه‌م ڕۆژی شـــه‌مه‌ی مـانگی دیســـه‌مبه‌ری هه‌شـــتا و حه‌وت، نیوکاتژمێرێک ده‌بوو هه‌وڕێکی تاڵ و تاریکی ماخۆلانکه‌ر، خۆرنشـــینی دابووه پشتی خۆی. له که‌شێکی باراناوی و ته‌ڕوتووشی ساڕددا، دانیـاڵ مـایه‌ر به‌ته‌نهـا و به‌په‌نهـان، به خۆی و جـانتـا قاوه‌ییه‌که‌یه‌وه، که ده‌نگتۆمارکه‌رێکی ســۆنیی ڕووشـــاو و کامێرایه‌کی کانوونی ڕه‌شـــی لێنزســـپی و ده‌فته‌رچه‌یه‌کی چه‌رمینی یاداشـــته‌کان و هه‌ندێ جلوبه‌رگی شـــێدار و یه‌ک دوو پسکیت و بوتڵێک ئاوی تێدا بوو. له بنی جانتاکه و له گیرفانێکی شـــاردراوه‌شـــدا، که‌مێک تۆزی ئۆرشـــه‌لیم و ته‌وراتێکی بچووکی کۆن، وه‌ک دوا بۆنێکی غه‌مگین و یادگاریی پیرۆزی خێزانه ســـه‌رگه‌ردانه‌ی که له باپیرییه‌وه بۆی مابوونه‌وه، هه‌ڵگرتبوو. دوای بڕینی یه‌کێک له شـــاخه ســـه‌خت و پڕ مه‌ترســـییه‌کانی نێوان ئێران و عێراق، به‌شـــه‌که‌تی به دیوی گه‌رمیاندا گه‌یشـــته ســـه‌ر ڕووباری سیروان.

دیاره نووسین یان خوێندنه‌وه له‌م باره‌یه‌وه، ڕه‌نگدانه‌وه‌ی هـاوســـۆزییه‌کی بـاڵای مرۆڤـانه‌یه. ئه‌رکێکی ویژدانی و نه‌ته‌وه‌یی هه‌ر تاکێکه برین و زام و ئازاری ئه‌وانی تر به هیی خۆی بزانێت، چجای که‌س و هاوڕۆح و هاوزمان و هاوخوێن و هاوشـــار و هاوماڵت بن، وه‌ک خودی خۆم

هەرگیز ئەوە بە مێشک و خەیاڵمدا نەهاتووە، کە قوربانیانی جینۆسایدی کورد بەگشتی و ئەنفال تایبەتتر کەسی من نین و هەمیشە لە ڕۆح و دڵیانەوە نزیکبوومە و لەگەڵیاندام. باوەڕیش ناکەم هیچکاتێک ئەوانیش مذیان وەک کەس و پەرۆشی خۆیان نەبینبێت.

هەر لەم ساڵدا کۆمەڵەی داکۆکی لە پرسی ئەنفال خەڵاتێکی ڕێزلێنانیان پێ بەخشیم، لە سەروو هەموو ئەو ڕێزلێنانانەی کە لە ژیانمدا پێمبەخشراوە دامناوە و تاهەتایە ئەرکم پێ دەبەخشێت و شانازیشی پێوە ئەکەم.

دەنگدانەوەی برین و بیرەوەری

تەها سلێمان: وەک دەڵێی (دەنگدانەوەی برین و بیرەوەری)، کۆکراوەی بەرهەمەکانی دوو فێستیڤاڵی جینۆساید و ئەدەبە، دەمەوێ ناکلاسیکیانە لەسەر (دەنگدانەوەی برین و بیرەوەری) ڕاوەستین و پەیامی پشت ئەم ناونیشانە شیبکرێتەوە؟

هەژار فەقێ سلێمان: بۆ من وەک خوێنەرێک و وەک ئەکادیمییەک لە بواری ئەدەبدا، ناونیشان زۆر جێی بایەخە و دنیایەک دەلالەت و ڕایەڵەی هەیە و دەچێتە خانەی زانستیبوونی نووسینەوە، بەتایبەتی لە ئەدەبدا بابەتێکی زۆر قسەلەسەرکراوە و پرۆژەی سەبەخۆ و لاوەکیی زۆرم خوێندووەتەوە لەبارەی ناونیشانەوە. لە زانکۆ لە بەشی تەکنیکی گێڕانەوە لە بابەتی گێڕانەوەناسی و هونەری پەخشاندا، هەمیشە وانەیەکی تایبەتم بۆ تەرخان دەکرد و لەگەڵ خوێندکارەکانمدا گەنگەشەمان دەکرد و نموونەمان بۆ دەهێنایەوە.

ناونیشان دەروازە و دەلاقە و ڕووخساری دەقە، یەکەمین بەشێکە چاو و تەفرنجەی خوێنەری دەکەوێتە سەر. یەکەم بەرکەوتن لە نێوان خوێنەر و دەقدا لە ناونیشانەوە دەست پێدەکات.

لە دەقی ئەدەبیدا ناونیشان یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی تێما و بابەتی دەقەکە، لە ئاستی دەربڕینیشدا پێکهاتەیەکی زمانەوانییە و لە سەرەوەی دەقەوەیە و ڕۆڵی لە خەملاندنی ناوەڕۆکەکە وە ئەستۆ دەگرێت. ناونیشان یارمەتیی خوێنەریش دەدات لە کردنەوەی بەشێک لە کۆد و هێماکانی کتێبەکان و دەقەکان.

جاک دریدا ناونیشان دەچوێنێت بە چراخان و دەڵێت ناونیشان سورەیا و ڕۆشنکەرەوەی دەقە، چونکە دەتوانێت ڕێگە و کەلەبەرە تاریکەکان و خوێندنەوەی دەقمان بۆ ڕوناک بکاتەوە، لە دەستپێکەوە تیشکێک دەهاوێژێتە سەر بەشێکی زۆری ڕووبەری مەتن و ناوەڕۆک .

ناونیشان پێویستە چەند تایبەتمەندیەکی تێدابێت لەوانە: نوێ بێت و وروژێنەر و سەرنجبەری خوێنەر بێت، لە دەقی ئەدەبیدا پێویستە تارادەیەک شیعریەتی تێدا بێت و لەگەڵ ناوەڕۆکدا زۆر دوور و فاسیلەدار نەبێت، تا خوێنەر

هەســـت نەکات کە فێڵی لێکراوە و ســـەرچیخ چووە لە هەڵبژاردنی کتێبەکەدا.

هەڵبژاردنی ناونیشـــانی (دەنگدانەوەی برین و بیرەوەری)، هێما بۆ هەمان ئەو کارە دەکات کە بەدرێژایی گفتوگۆکە لەبارەی ڕۆڵ و هەوڵی ئەدەبەوە بۆ جینۆســـاید جەختمان لـێـدەکـردەوە، جـێـکـردنەوەی ئـازار لە ئەدەبـدا و بەرەنگاربوونەوەی فەرامۆشـــکردن دوو هەوڵی ئەدەبن. دەنگـدانەوەی برین و بیرەوەری هەم میتـافۆری تێـدایە، هەمیش مۆســـیقاشـــی تێدایە دەنگدان(هوە)ی (بری)ن و (بـیـر)(هوە)ری، کە ئەمە هـونەری دووبـارەبـوونەوە و نزیکایەتیی پێدەڵێن لە زانســـتی دەنگ و ئاوازدا. میتافۆر بەو مانایەی ئەم کتێبە مەبەستێتی بیرەوەری وەک زەنگێک هەمیشـــە دەنگبداتەوە و بەرگوێمان بکەوێت و برین و ئازارەکان لە ناو بێدەنگیدا دەربهێنین. هەمیشـە لە وشـەی دەنگدانەوەدا بڵاوبوونەوە و درێژبوونەوە و زۆربوون و ئاگاداری ئامادەیی هەیە. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار موکریانیدا، دەنگدانەوە بۆ گەڕانەوە و هاتنەوەی دەنگێکە کە لە شـــاخ و چیادا بڵاو دەبێتەوە، شـــاعیران و نووســـەرانی نێو ئەم کتێبە ئەو شـــاخ و چیا و ڕەمزی کوردانەن کە ئازار و تێگەیشـــتنیان بۆ جینۆســـایدیان

بەرکەوتووە و لە نێو هەســـت و نەســـت و دەقەکەیاندا نواندوویانەتەوە.

دیارە ویستوومانە بێژین بریتی جینۆسایدە بە کۆتاییهاتنی تاوانەکە داخرانی بەخۆیەوە نەدیوە و هێشــتا دەمکراوەیە، ســـەرەڕای بریتە جەســـتەییەکە، درزێکی دەروونیشـــە لە نەست و هەستی مرۆیی و کولتووریماندا. وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا بریتن و ئازاریش مۆتیڤ و ســـــەرچاوەی وزەی گەورەشـــــن بۆ خولقاندن و چێکردنی ئەدەب، نەک تەنها هۆکاری ئازار و تلانەوە پێوەی بەبێدەنگی، بێت.

ســـەبارەت بە بیرەوەریش، هەمیشـــە ئەو ڕەخنە گەورەیە ڕووبەڕووی کورد دەکرێتەوە کە زاکیرە و بیرەوەیی لاوازە، بـــوونـــێـــکە زوو مـــێـــژوو و مـــێـــژووی ئـــازارە دەســـتەجەمعییەکانی بیر دەچێت، لەم کتێبەدا ویســتوومانە وەڵامی بەشێک لەو ڕەخنەیە بدەینەوە، ئەوەتا نووسەرانی کورد لەم ڕووە و دوای ئەو هەموو ســـــاڵە لە ئەدەبدا بیرەوەرییان لە دەســـت نەداوە. ســـا بیرەوەری لە ئەدەبدا هەم تیژترە و هەمیش باڵاترە، لە ئەدەبدا بۆنی ســـــێو و بۆنی خۆڵ و بۆنی شـــــەوی بیـــابـــان لە بیرەوەریـــدا دەمەزرێنرێت و دەهێڵرێتەوە و زەمەنبڕ و شوێنبڕە.

کەرەستەی خاممان زۆرن

تەها سـلێمان: چیرۆک و کەرەستەی خاممان زۆرن، زۆریشمان لەدەست چوون، چیبکرێ بۆ تەوزیفکردنیان لە کایەی ئەدەبدا؟

هەژار فەقێ سلێمان: تەواو هاوڕاتم، ئێمە لە سێ ئاستدا ئاستدا خاوەنی کەرەستەی زۆرین، ئاستێکی کەرەستەی زارەکی و گێڕانەوەی ڕزگاربووان و قوربانیان و شایەتحاڵەکانن (بە جەلادەکانیشەوە)، کە تەواو مرۆیین. ئاستەکەی تر بەڵگە هەواڵگری و ئەمنی و نامەکان و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانی و میدیاییەکانی سەروەخت و دوای جینۆسایدەکانن. کۆتا ئاستیش بەڵگە و کەرەستە شوێنەوارییەکانی وەک کەمپەکان و زیندانەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان و کەلوپەلەکانی ناویانن.

بە داخەوە ئەو کەرەستانە هێشتا پەرت و پەرشوبڵاون و زانستی و ئەکادیمیانە کۆنەکراونەتەوە، جگە لە چەند هەوڵێکی ئەرشیفکردنی تاکەکەسی و ئەرشیفکردنی بە شێوازی دیجیتاڵی، ئێمە وەک ئاماژەم پێدا هێشتا نەمانتوانیوە لە ئاستی دامەزراوەیەکی گەورەی حکوومیدا

یان له مۆنۆمێنتێکی سەرتاپاگیردا، ئەو کەرەستانە یەک بخەین و بیگەیەنینە دەست کەس و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی ئەدیبان و کار لەسەر وردەکارییەکانی بکەن.

لێرەدا لایەنێکی پەیوەندیدار پەیوەست بە جینۆسایدکردنی گەلی کورد، شاعیران و چیرۆنووسان و ڕۆماننووسان و توێژەرە ئەدەبییەکانمانن، گەر هەر یەک لەوانە بیەوێت هەر کەرەستەیەک ببینێت و ببیستێت و بخوێنێتەوە، هەوڵ و گەڕان و کات و ماندووبوونی دەوێت.

من دەپرسم ئەدیبان چەنێک کاتیان پێویستە تا بگەڕێن و ئاگاداری تاوان و جینۆساید و پەلاماری یەک لە دوای یەک و زۆرەکانی سەر گەلەکەی ناس بکات و لە ئەدەبدا تەوزیفی بکاتەوە، بۆ نموونە تەنها ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی حزبی بەعس (١٩٦٨ - ٢٠٠٣) ئاماژە پێبدەین، دەبینین هەر سەرەتا بە تاوانی گوندی سۆریا لە دهۆک، ئەشکەوتی دەکان و ڕاگواستن و لەسێدارەدانی فەیلییەکان لە بەغدا (١٩٦٨-١٩٦٩) دەستی پێکرد. دوابەدوای شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥، بۆردومانکردنی قەڵادزێ و هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ڕاگواستن و کوشتنی بەکۆمەڵ ڕوویان داوە، دواتر لە ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠) هەمدیس قۆناغی جینۆسایدکردنی فەیلییەکان و بێسەروشوێنکردنی بەکۆمەڵی گەنجان دووبارەبووەوە. لە ساڵی (١٩٨٣)شدا

به جینۆســـایدکردنی ٨ هەزار بـارزانی بەردەوام بوو. ڕژێمی بەعس لە ســـاڵی (١٩٨٥)دا ئۆردوگـای زێوەی پەنابەرانی کوردی لە ئێران بۆمبباران کرد و کۆمەڵکوژی کانی عاشـــقانی ئەنجامدا، تا لە ســـاڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) گەورەترین جینۆســـاید و تاوانەکانی مێژووی لە ڕێگەی پەلامار و شاڵاوەکانی ئەنفال (لە ٨ قۆناغدا) و جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە هێنایە ئاراوە. هاوشـــانی ئەمانە، لە ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٩) پرۆسەی ڕووخاندنی تەواوی شار و شارۆچکەکان و ڕاگوێزانی زۆرەملێی خەڵکی ناوچەکانی وەک ســـەیدســـادق و پشـــدەر جێبەجێ کرا. تا دوای ڕاپەڕینیش پرۆســـەی پـاکتـاوی ڕەگەزی (تەعریـب)، ڕەشـبگیری و بێسـەروشـوێنکردنی تاکەکەسـی بەدرێژایی تەواوی ئەو سێ دەیەی دەسەڵاتە بەردەوام بوو.

بەتەنیشـت لەگەڵ ئەم تاوانانەی باشـووری کوردسـتان، ڕژێمی بەعس لە ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) و لە کاتی شەڕی عێراق-ئێراندا، هێرشـــە دڕندەکانی گواســـتنەوە بۆ ســـەر ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوانیشی کیمیاباران کرد. ئەم دڕندەییە لە (٢٨ی حوزەیرانی ١٩٨٧) بە کیمیاباران شـــاری ســـەردەشـــت دەســـتی پێکرد، و لە (ئازار و نیسانی ١٩٨٨)دا گوندەکانی دەوروبەری مەریوان (نژمار، باڵک، نێ)، ناوچەی هەورامان (نۆدشـــە) و چەندین

گوندی پاریزگای سنەی گرتەوە. لە کۆتاییدا و لە (تەممووزی ١٩٨٨)دا، ئەم هێرشە کیمیاییانە ئۆردوگای هەوارەخۆڵ لە بانە (کە ئاوەرەکانی ئەنفالی یەکەمی تێدا نیشتەجێ بوو) و گوندی زەردەی لە ناوچەی دالاهۆی سەر بە پاریزگای کرماشان کردە ئامانج و کارەساتی مرۆیی گەورەی لێ کەوتەوە. ئەمە سەرەڕای جینۆسایدکردنمان لە باکوور و ڕۆژئاوای نیشتمان.

بێگومان لە نەبوونی ئەو دامەزراوەیەدا ئەرکی ئەدیبان قورستر دەبێت، تا کۆی ئەو کەرەستە خاوانە و ئەو هەزاران هەزار بەسەرهاتانە لە ئەرشیفدا دەربهێنێت و لە دەقی ئەدەبیدا بیمەزرێنێتەوە و هونەریانە دایبڕێژێتەوە.

بەڵام نابێت دەستەوستان بین و دەکرێت لە ڕێگەی ناوەند و دامەزراوە کولتوورییەکانەوە لە شارەکاندا، پرۆژەی هاوبەش لە نێوان ئەرشیفسازان و نووسەرانی ئەم بوارە و ئەدیباندا پێشکەش بکرێت و لێکنزیک ببنەوە. کۆڕ و سیمینار و پانێڵ و فێستیڤاڵی ئەدەبی بەردەوام لەسەر ئەم پرسە ئەنجام بدەن. هاوکات خەڵاتێکی نیشتیمانی و نێودەوڵەتیی سااڵنە بۆ باشترین بەرهەمە ئەدەبییە نووسراو وەرگێڕاوەکانی ئەم بوارە تەرخان بکرێت. دەقە خۆماڵییەکان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان

وەربگێڕدرێن، تـا مێژووی ئـازارەکـانی کورد لە بـازنەی ناوخۆیی دەربچێت و ڕەهەندێکی جیهانی بەخۆوە ببینێت.

خوێندن و دانانی ئەم ئەدەبیاتە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالآدا، لە ڕێگەی چیرۆک و شـیعرەوە کە دەبێتە هۆی دروسـتکردنی هۆشـیارییەکی گشـــتی بەردەوام و بنەڕەتیی بۆ پاراســـتنی یادەوەریی بەکۆمەڵی نەتەوە و مانەوەی لای نەوەی نوێ.

وەک وتمان کە کەرەســتەکان لەو ســێ ئاســتەدا بەڕێکی کۆکرانەوە، ئیتر دەســتپێڕاگەیشــتنیان ئاســان دەبێت و ئەرکی ئەدەب و ئەدیبان بۆ تەوزیفکردنی لێرەوە دەســت پێدەکات .

ئەرکی ئەدەب جیـاوازە لە ئەرکەکـانی تر، بۆ نموونە لە دەقی ئەدەبیدا ناوتریت جینۆسـاید پرۆسـەیەکی قێزەون و دڵڕەقانە و هۆڤیانە و درندانەیە، کەسـەکان لە نێو کەمپەکان و لە نێو زیلەکاندا ژیانیان ســـەخت و پڕ ماندوویێتی بووە، یان فڕۆکەکان بۆمبی زۆریان بەســـەر شـــار و لادێکاندا باراند و خەڵکەکە هەموو دابوویانە دەشت و دەر .

لە ئەدەبدا ڕووداوەکان و بەتایبەتیش ڕووداوە بچووکەکان هونەریـانە و بە وردەکـارییەوە پیشـــانـدەدرێـت. گەر نموونەیەک بهێنمەوە لەســەر ئەو ســایەق شـۆفڵەی کە لە

گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا ئیشـــی دەکرد، ئەوەی کە کاک عارف قوربانی گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە (عەبدولحەسەن موحان موراد) لە کتێبی (لە ئوم ڕێعـــانەوە بۆ تۆپزاوا)، وەک کەرەستەیەکی خام وەری بگرین لە ئەدەبدا و لە چیرۆکدا، نابێت بڵێین شۆفێری شۆفڵەکە کەسێکی بێبەزەیی و دڵڕەق بوو. بەبێ هیچ هەســـتکردن بە تاوان یان بەزەیی، گۆڕی بەکۆمەڵی بۆ خەڵکەکە لێدەدا و بە زیندوویی خۆڵپۆش و لمپۆشـــی دەکردن. لە ئەدەبدا بەم شـــێوەیە و هەزاران شـــێوەی تر دەمەزرێنرێت و تەوزیف دەکرێت و ئامێتەی خەیاڵیش دەکرێت، بۆ نموونە بڵێین شـۆفێری شـۆفڵەکە بۆ ئەوەی گوێی لە دەنگی شـــکانی ئیســـکەکان و هاڕینی کەلەســـەرەکان نەبێت، دەنگی تەســـجیلەکەی ئاخر ســـەوت کردبوو. یان بووکڵەیەکی زەردی منداڵێک لە نووکێکی قەپە شـــۆفڵەکەی گیربووبوو، کە تەواو بوو بە پۆســـتاڵەکەی شەقێکی توندی لێدا و تووڕ هەڵی دا. وەختێکیش گەڕایەوە مـــاڵ، بینی کچەکەی بە هەمـــان بووکەڵە و ڕەنگەوە کە نابووی بە سنگیەوە، بە پیرییەوە هات.

بیرۆکەی دامەزراوەی نیشتمانی

تەها ســـلێمان: تۆ دەڵێیت (بێگومان ئەرکی ئەدیبانە کۆی ئەو کەرەستە خاوانە و ئەو هەزاران هەزار بەسەرهاتانە لە ئەرشیفدا دەربهێنێت و لە دەقی ئەدەبیدا بیمەزرێنێتەوە و هونەریانە دایبڕێژێتەوە)، مەبەستت ئیشکردنە لەسەر کەرەستە خامەکانی تاوانەکانە، بەڵام ئەمە بە تاک دەکرێ یان دیسانەوە دەبێ بچینەوە بۆ لای بیرۆکەی دامەزراوەی نیشـــتمانی و فراوانتر قســـە لەســـەر ڕۆڵ و ئەرکەکەی بکەین؟

هەژار فەقێ سلێمان: بە دیدی ئێمە پرۆسەکە دوولایەنەیە و یەکتری تەواو دەکەن، تاکی زرنگ دامەزراوەی زەنگین دروســـت دەکات ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بوونی دامەزراوەی نیشـــتمانیی ســـەرتاپاگیر و باڵکێش دەبێتە ژێرخان و کەرەســـتەیەکی گرنگ بۆ تاکی هۆشـــیار کە لێرەدا مەبەستمان لە خوێنەر و ئەدیبی جدییە.

نەبوونی دامەزراوە و ناوەندێکی گەورە و یەکپارچە تا ئەم چرکەســـاتە، زەربەیەکی گەورەی لێداوین لەم ڕووەوە و

زۆر خەمەهێنە. ئەمەش بە پلەی یەکەم پەرلەمان و حکوومەت بەرپرسیارن، دواتر ناوەندە ئەکادیمییەکان و ڕیکخراو و نووسەر و چالاکانی ئەم بواره. بێگومان بەبێ ئیرادەی حکومەت و بودجەیەکی تەرخانکراو، دامەزراوەیەکی وا درووست نابێت، کە ئامانجەکەی بپێکێت .

لە ئاستی تاکیشدا، پرسیارێک دێتە ئاراوە کە هەمیشە ئامادەیی هەیە، بۆچی تاک بە گشتی و خوێنەران و نووسەرانی بەتایبەتی ئێمە کەمتر ئاگاداری جینۆسایدەکانیانن و نەبووەتە جێی بایەخیان، دیارە ئەمەش ڕیزێک فاکتەری هەیە، کە قوولّ و ڕەگاژۆن و لێنەبڕاوین و پلانی دوور مەودامان بۆی نەبووە و هەموومان بەشی خۆمان کەمتەرخەمیمان بەردەکەوێت، لە دیارترینیان، نەبوونی کولتووری خوێندنەوەیە، کە ئاستەنگ و لەمپەرێکی ئێجگار گەورەیە لە بەردەم دروستبوونی تاکێکی هۆشیار لە هەمبەر پرسی جینۆسایددا. بەداخەوە پێشووتر نووزەیەک لەم بوار و ئاستەدا هەبوو، لەگەڵ هاتنی سۆشیال میدیا و زاڵبوونی سەکۆ دیجیتاڵییەکان، سەرنجی ئەو بەشە کەمەی خوێنەری کورد لە کتێبەوە گوازراوەتەوە بۆ بەکاربردنی زانیاریی خێرا و کورت و ڕووکەش. دیارە تێگەیشتن لە

ئاڵۆزییە مێژوویی و دەروونی و یاساییەکانی جینۆسایدپێویستی بە ئارامگری و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و تەرخانکردنی کاتێکی زۆر هەیە، بەڵام ژینگەی ئێستا تاکی کوردی فێری ناوەڕۆکی سەرپێیی و تەنک کردووە، ئەمە لە هیچ کوێی دنیادا نابینرێت لێرەدا نەبێت. لێرە و لەوێش گوێمان لەوە دەبێت بێ ئاگایانە دەوترێت، کە کتێب و خوێندنەوەی کتێب هیچ لە ژیان ناگۆڕێت و خەریکە بەسەر دەچن، وەڵامێکی کورت بۆ ئەوانەی وا دەڵێن ئەوەیە لەمڕۆدا و لەدنیادا ئەو وڵاتانەی کە پێشکەوتوون لە ژیان و خۆشگوزەرانی و تەکنۆلۆجیادا، ئەو وڵاتانەن کە بەرزترین پلەبەندی و ڕانکیان هەیە لە خوێندنەوەدا.

سا پاشەکشەی خوێندنەوەش ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر خولیای نووسەران و بازاڕی کتێبیش. وەختایەک نووسەر یان توێژەرێک دەبینێت دەقێکی چڕ و ئەکادیمی لەسەر جینۆساید خوێنەری نییە، ئیتر ئارەزووی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی گەورە و گران لەلا کەم دەبێتەوە. لە ئەنجامیشدا، وەک دەیبینین پرسی جینۆساید کوردت دەبێتەوە لە بیرەوەری ڕۆژێکدا.

هۆکارەکانی تری وەک هەژموونی حزبی بەسەر جینۆسایدەکانەوە و لاوازیی پرۆگرامی جینۆساید و سەرقاڵیی بەردەوامی تاک بە قەیرانی ڕۆژانە و کەرتبوونی

جوگرافیای سیاسیی جینۆسایدەکان و کەمیی چالاکی و کۆنفرانس و دیداری زانستی و ئەدەبی و کەمیی گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەتمەند و زۆر هۆکاری تر، وایان کردووە کۆی ئەو کەرەستە خاوانە و ئەو هەزاران ئازار و بەسەرهاتانە کاریان لەسەر نەکرێت و بەبێدەنگی تێپەڕن و نەکرێنە نووسین بە گشتی و نەشخرێنە دەقی ئەدەبییەوە بەتایبەتی.

ئەدەبیات و پەروەردەو خوێندن

تەها سلێمان: (خوێندن و دانانی ئەم ئەدەبیاتە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالآدا، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی هۆشیارییەکی گشتی و بەردەوام و بنەڕەتیی بۆ پاراستنی یادەوەریی بەکۆمەڵی نەتەوە لە لەبیرچوونەوە). ئایا مەبەستت ئەو پرۆگرامەیە کە ئێستا هەیەو لە بەشێک لە قۆناغەکاندا دەخوێندرێ؟ ئەوەی هەیە لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە چۆن هەڵی دەسەنگێنن و چی بکرێ لەم بارەوە؟

هەژار فەقێ سلێمان: وەک زۆربەی بوارەکانی تر هەردوو بواری پەروەردە و خوێندنی بالآ، وەک دوو دامەزراوەی بنەڕەتی کە زۆرترین کەس بۆ دریژترین ماوە تێیدا بەشدارن و هەر ماڵ و خێزانێک بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕایەڵە و پەیوەندیی لە گەڵیاندا هەیە، کەمتەرخەم بوونە و تا ئاستێکی زۆر هۆشیارییان لاواز بووە بەرامبەر پرسی جینۆساید.

بۆ نموونە لە پەروەردەدا تەنها لە یەک قۆناغ (قۆناغی دەی ئامادەیی) و یەک کۆرسدا پرۆگرامی (جینۆسایدی گەلی کورد) دانراوە، کە دەبێت لە هەموو قۆناغەکاندا هەبێت و پسپۆری تایبەتی بۆ دابنرێت بۆ وتنەوە و پرۆگرامێکی هەمەلایەنە لە ئاستی زمان و تێگەیشتن و گەشەی سۆزی قوتابیان و خوێندکاراندا بێت. ئەوەیشی کە هەیە جگە لەوەی مامۆستای لەسەر ڕانەهێناوە بۆ وتنەوەی و لەبەر کەمی کاتەکەشی دەرفەتی سەردانیکردنی مەیدانی خوێندکار نییە بۆ سەر مەزار و مۆنۆمێنتەکان. هاوکات پرۆگرامەکەکە لە خودی خۆیدا ڕیزێک کەموکورتی تێدایە، بۆ نموونە ناساندنی چەمکەکە و تیۆرییەکەی خراوەتە دوای دواوە، پڕە لە هەڵەی ڕێنووسی زەقوزۆپ. پرۆگرامەکە پشتی بە شێوازێکی مێژوویی ڕووت بەستووە و زیاتر وەک پەرتووکێکی مێژوویی و ژمارەیی نووسراوەتەوە و سەرنجی خستۆتە سەر ڕووداوە سەربازی و کارگێڕییەکان، لەبری ئەوەی سوود لە گێڕانەوەی ئەدەبی و دەروونی و کۆمەڵناسیی و مرۆیی وەربگرێت. ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە نزیکەی بە تەواوی تەرخانکراوە بۆ باشووری کوردستان (ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان و فەیلییەکان(، لای لە جینۆسایدی بەشەکانی تری کوردستان نەکردووەتەوە. ئەدەبیاتی شایەتحاڵ و بیرەوەری بە تەواوی پشتگوێ خستووە. هیچ

دەقێکی ئەدەبی کاریگەری تێدا نییە. کە ئەمەیان زۆر گرنگە و پێشووتر باسمان لە گرنگی دەقی ئەدەبی کردووە بۆ ناساندنی جینۆساید. پرسیارەکان لە نێوان پرسیاری سادە و ڕووت و پڕکردنەوەی بۆشاییدایە و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و تێڕامانی قوواڵی دروستکاری خوێندکار. زۆریی ناوی کەسەکان و گوندەکان و ساڵەکان و دەبێتە هۆی ماندووبوونی مێشکی خوێندکار لەبڕی تێگەیشتن لە فەلسەفەی تاوانەکە (بێگومان هەموو ئەوانە گرنگن، بەاڵم دەبوو قۆناغ بە قۆناغی خوێندن دابڕێژرایە). گرافیک و دیزاین و نەخشەسازی و وێنەکان ناتوانن بەتەواوەتی سەرنجی خوێندکاران ڕابکێشن.

لە خوێندنی باڵاشدا لە قۆناغی یەکەم و بابەتی (کوردۆلۆجی)دا، بەشێکی کەمی یەک حەفتەیی بۆ دانراوە. کە دەبوو خوێندنی باڵا کۆلێج و لانی کەم بەشی تایبەت بە جینۆسایدی هەبوایە، کادری ئەکادیمی تایبەتمەندی لە هەموو ڕووەکانەوە بۆ دروست بکردایە.

گەلانی بەرکەوتووی جینۆساید بۆ نموونە لە ئیسرائیل و ئەرمینیا هێندەی ئێمە ئاگاداربین، هەر لە پێنج ساڵی و لە قۆناغی باخچەوە تا قۆناغی دکتۆرا پرۆگرامی تۆکمە و تایبەتمەندیان هەیە، وەک وتم بە پێی توانای زمانی و دەروونی و تێگەیشتنیان پرۆگرام پرۆگرام بە زمانێکی

ئەدەبی و ســـــۆزداری داڕێژراوەتەوە و پەیمـــانگـــای تایبەتیشـیان هەیە لەو ڕووەوە وەک پەیمانگا و ســەنتەری (یاد ڤاشێم) لە ئیسرائیل و سالانەش لە زانکۆکاندا ڕێژەی نامەی ماســـتەر و دکتۆراش لەم پرســـەدا دیاری کراوە و وەک مەرج. دەبێت ئێمە چـاویـان لێ بکەین لەم ڕووەوە، پرۆژە و توێژینەوە و کارەکانییان لە نزیکەوە و مەیدانیانە ببینین.

دنیای ئەکادیمیی ئێمەو جینۆساید

تەها سلێمان: دەمەوێ ڕوانگەی ئێوە بزانم سەبارەت بەوەی دنیای ئەکادیمیی ئێمە چی بۆ ئەم بابەتە کردووە بۆ پرسی جینۆساید و ئەدەب بە تایبەتی ناوەندی زانکۆکان، کە ناوەندێکی گرنگە بۆ ئەم پرسە؟

هەژار فەقێ سلێمان: پەیوەست بە جینۆساید و بوارە چەشناوچەشنەکانی، هێشتا ئاوڕدانەوە و ئیشکردنی جدی لە ناوەندە ئەکادیمیی و زانکۆییەکانی ئێمەدا لە ئاستێ پێویست و داواکراودا نییە. پرسی جینۆساید لە جیاتی ئەوەی ببێتە ستراتیژێکی زانستیی بەردەوام و بونیاتنراو، زۆرتر وەک بابەتێکی لاوەکی یان وەرزیی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

گەورەترین کەلەبەرێک لە ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆییەکاندا هەیە، نەبوونی دامەزراوەی سەربەخۆ و تایبەتمەندە. هەتا ئێستا لە زانکۆکانی هەرێمدا هیچ کۆلێج یان پەیمانگا یان بەشێک بوونی نییە، کە تەرخان و تایبەتمەند بێت بە خوێندنی پرسی جینۆسایدسا لە هەر بوار و

ڕوانگەیەکەوە بێت. لە یەک دوو زانکۆ سەنتەری بۆ دانراوە، بەداخەوە کەمترین بودجە و کەمترین لای لێکراوەتەوە بەراورد بە سەنتەرەکانی تر.

لە لایەکی ترەوە، نەبوونی گۆڤاری زانستیی ئاستبەرز و نێودەوڵەتی و خاوەنی ئیمپاکت فاکتەر کە تەرخان کرابێت بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانی بواری جینۆساید، ئەمەش وای کردووە هەوڵە تاکەکەسییەکان لە پەراوێزدا بمێننەوە. گۆڤارێکی لەم جۆرە دەکرا ببێتە مەیدانێک بۆ ڕێکخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی میتۆدیی لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا.

ئەو بەرهەمە ئەکادیمییانەی ئێستا بەردەستن، لە توێژینەوە و نامەی ماستەر و تیزی دکتۆرا وەک وتم هەوڵی خەمخۆرانە و تاکەکەسین، کە لێرە و لەوێ لە بەشە جیاوازەکاندا بەرزیان دەکەنەوە. ئەم بەرهەمانە زۆر پەرتەوازەن و کۆنەکراونەتەوە لە کتێبخانەی گشتی زانکۆکاندا، تا ببنە هەوێنی قوتابخانەیەکی دیاری ئەکادیمی. هەندێکیان کە جێی دەستخۆشین بە هەوڵ و بودجەی خۆیان چاپیان کردووە (کە ئەمە مایەی شەرم و نەنگییە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەستەڵاتی کوردی) لە ناوەند و کتێبخانەکانی دەرەوەی زانکۆکاندا دەستی خوێنەران دەکەون. زۆربەشیان هێشتا ڕۆشنایی چاپیان نەبینیوە و

کەمتر لە دە نوسخەیان لێ چاپ کراوە، ئەویش بۆ کاروبارە کارگێڕییەکان و کتێبخانەی بەش و کۆلێج و زانکۆکانن.

جێی باس و دەستخۆشییە یەکێک و تاکانەترین تێزێکی پانوپۆڕ کە لەبارەی ئەنفال و ئەدەبەوە نووسرابێت، تێزی دکتۆراکەی (د.مەهدی فاتیح عومەر)ە بە ناونیشانی (پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەری کوردیدا).

هەرچەندە ڕووی دەممان لە هەموو زانکۆکانە، بەڵام هەندێکیان لە ڕووی جوگرافی و مێژوویەوە بەرپرسیارێتییەکی تایبەتیان لەسەر شان و ئەستۆیە، بە تایبەتی زانکۆی گەرمیان و زانکۆی هەڵەبجە و زانکۆی چەرموو .ئەم سێ ناوەندە ئەکادیمییە دەکەونە ناو جەرگەی ئەو ناوچانەی کە گەورەترین تاوانی جینۆسایدیان بەسەردا هاتووە، بۆیە دەبوو لە ڕیزی پێشەوەی ئیشکردنی زانستی و میتۆدیی ئەم بوارەدا بن. تەنانەت لە دید و پەیامەکەشیاندا ناوی جینۆسایدیان نەهاتووە، هێند هەیە لە نامەی سەرۆکی زانکۆی گەرمیاندا ئاماژەی زۆر و گرنگ بە گەرمیان وەک قوربانیی بەردەوام دراوە، ئەوەی گرنگە ئەو نامە و پەیامە بکرێتە هەوێنی کارکردن لەسەر ئەرزیی واقیع لەم پرسەدا.

دەبوو سالانە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بەردەوام و مانگانە دیدار و سمیناری زانستیی لەلایەن ئەم زانکۆیانەوە ڕێک بخرایە، تاوەکوو توێژەرانی ناوخۆ و دەرەوە و خوێندکاران کۆ ببنەوە، کە دەستکەوتی بەرچاوی دەبوو لە هێنانی تیۆرییە نوێیەکانی جینۆساید بە گشتی و ئەدەبی جینۆساید و ئەدەبی تراوما بەتایبەتی بۆ ناو کایەی ڕۆشنبیریی و ئەکادیمی ئێمە.

هاوکات هەر ئەرکی ناوەندە ئەکادیمییەکانە، کە بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکانی تایبەت بە جینۆساید وەربگێڕنە سەر زمانانی جیهان و بەپێچەوانەشەوە، چونکە لە ڕووی سەرچاوەی مرۆییەوە زانکۆکان زۆر دەوڵەمەندن بە زمانزان و وەرگێڕی باش .

مەسەلەیەکی دیکەی جەوهەری دروستنەکردنی کادری تایبەتمەندی ئەکادیمییە لە ڕێگەی نارد نەدەرەوەی توێژەران یان تەرخانکردنی بەرنامەی پێگەیاندن لەناوخۆدا. زانکۆکانمان لە ئامادەکردنی پسپۆری ورد، کە تەواوی ژیانی زانستیی خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندن و خوێندنەوە و توێژینەوەی جینۆساید، تارادەیەکی زۆر کەمتەرخەم بوونە.

گۆڕینی ئەم دۆخە سستە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا پێویستی بە داچڵەکین و پێداچوونەوەی ڕیشەیی و کارکردنی جدی هەیە. وەک ئاماژەمان پێدا هێشتا درەنگ نییە تا لە ڕێگەی دامەزراندنی بەشی تایبەت و دەرکردنی گۆڤاری تایبەتمەند و دروستکردنی ئەکادیمیستی تایبەتمەند و پڕۆژەی وەرگێڕانی بەردەوام، زانکۆکان سەنگ و قورسایی و کاریگەریی زانستیی ڕاستەقینەی خۆیان لە پرسی جینۆسایددا بەدەست بهێنن.

جینۆسایدی کولتووریی و ئەدەب

تەها سلێمان: بابەتێکی تری زۆر گرنگ حەزەکەم گفتوگۆی لەسەر بکەین مەسەلەی جینۆسایدی کولتوورییە، بەتایبەتی زمان و ئەو هەموو گۆڕانکارییانەو ئەو هەموو کۆگای وشانە بە تایبەتیش لە لادێکاندماندا، یەکێک لە سیاسەتەکانی حزبی بەعس ئەوە بووە کە خەڵکی ئێمە تەواو شاری بکاتەوە، چونکە دەیزانی کورد خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و کولتووریێکی دەوڵەمەندن و بەجینۆساید نامرێ، دیدگا و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

هەژار فەقێ سلێمان: جینۆساید بە پێی پێناسە و رێکەوتن و بەندەکانی جینۆساید و تایبەتتر لای (ڕافایل لیمکن)یش، تەنها جینۆسایدی جەستەیی ناگرێتەوە، چەند جۆر و فۆرمێکی تری هەیە، وەک جینۆسایدی بایۆلۆژی، کە

ڕێگری لەمنداڵخستنەوە و زۆربوون دەکات، لە ڕێگەی نەزۆککردن و لە باربردن و خەساندن و لێک جیاکردنەوەی ژن و پیاو و دابڕانی منداڵ لێیانەوە. وەک لە جینۆسایدەکانی ئەنفال و دەرسیم و بارزانییەکان و فەیلییەکان و ئێزیدییەکان و هەموو جینۆسایدەکانی ترماندا بینومانە و بەسەرماندا هاتووە .

هەروەها جینۆسایدی ئابووورییش، کە بێبەشکردنی ئەنقەستی گرووپێکە لە سەرچاوەکانی ژیان لە ڕێگەی وێرانکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و وشککردنی سەرچاوەکانی ئاو و تێکدانی بنەماکانی بەرهەمهێنان. ئەم سیاسەتە بە ڕوونی لە هەر چوار پارچەی کوردستان جێبەجێ کراوە و هەزاران گوندی بەرهەمهێنی لە بەرهەم خستووە، کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان تاوانی جینۆسایدە.

لەپاڵ ئەو سێ جینۆسایدەدا جەستەیی یان فیزیکی و بایەلۆژی و ئابووری، جینۆسایدی کولتووری یان فەرهەنگییش دەبینرێت. جینۆسایدی کولتووری پلان و هەوڵێکی بەئەنقەستە بۆ لە ناوبردنی شوناس و میژووی

گەلێک یان گرووپێک لە ڕێگەی قەدەغەکردنی زمانی دایکی و جلوبەرگ و گۆڕینی ناوی شـــوێنەکان و ڕووخاندنی شـوێنەوارەکان و پەرسـتگا و شـوێنە پیرۆزەکان و قەڵا و پەیکەرەکـانیـان و تێکـدانی بەڵگەنـامە مێژووییەکـان. ئەم تاوانە لەلایەن دەســـەڵاتە باڵادەســـتەکانەوە بە مەبەســـتی توانـدنەوەی کەمینەکـان و پـاکتـاوی نەتەوەیی ئەنجـام دەدرێـت، وەک ئەوەی دەرهەق بە کورد لە هەر چوار بەشەکەی و ئەمازیغەکان و دانیشتووانی دارفوور کراوە.

کورد نەک هەر لە ســـەروەختی پرۆســـەی جینۆســـایددا کولتوورەکەی بەر جینۆساید کەوتووە، بەڵکوو لە قوواڵایی مێژووی دوور و نزیکیشدا ئەم جۆرە لە جینۆساید بوونی هەبووە و بەردەوامیشـــی هەیە. بۆ ئەمە ســـەرنجتان بۆ توێژینەوەیەکی زانســـتیی و زرنگی (د.کازیوە ســـاڵەح) بە ناوی (جینۆسایدی کولتووریی کورد بەر لە دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە لە عێراقدا) ڕادەکێشـــم، کە بۆ ئێرە گرنگە. هەوڵ دەدەم تەنهـا دەرئەنجـامی توێژینەوەکە بە کورتی بهێنمەوە کە پێی گەیشـــتووە، تێیدا دەنووســـێت کورد کە باســـی جینۆســـایدەکانی خۆی دەکات، ئاماژە بە ســـاڵانی

هەشـــتاکان دەکات، ئەویش لەبەر ئەوەی زیاتر لە فۆرمی جینۆســـایدی جەســـتەیی تێدەگات. لە کاتێکدا کورد ڕووبەڕووی درێژخایەنترین جینۆســـایدی کولتووری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بووەتەوە. لەبەر ئەوەی شـــێوە و ڕێباز و هەژموونی داگیرکاری و جینۆســـاید هاوبەشـــن، لەگەڵ داگیرکاریدا جینۆســـایدیش ئامادەییی هەیە. گەر جینۆســـایدی جەســـتەیش نەبێت، هەمیشـــە جینۆســـایدی کولتووری بەشـــێکە لە ئامانجی داگیرکار. بۆیە کورد بە بەڵگەوە لە سەردەمی داگیرکاریی ئیسلامەوە، جینۆسایدی کولتووری ئەزموون ئەکات، گەرچی خۆشـــی پەســـەندی کردبێت، هەر ئەو ڕێباز و تەکنیکانەی ڕێبەرانی ئیســـلام بەکاریان هێناوە لە ســەپاندنی جینۆســایددا، ناســیۆنالیزمی عەرەبــی پەرەی پــێ داون و بەکــاری هــێنــاون بە ســەربارکردنی هەستی نەتەوەچییەتی بۆ ســەقامگیرکردنی جینۆسایدی کورد. بە تایبەت لە ژیر سایەی فەرمانڕەواییی عێراقدا لە یەکەم مانگی فەرمانڕەوایی عەرەب لە ســـاڵی ١٩٢١ و لە سەردەمی شانشینی و ناسیونالیزمی عەرەبیدا، بە فەرمی، لە نێو دەزگاکانی میریدا و لە لایەن (ســـاطع الحصـری) و فەیسـەڵی یەکەمەوە جینۆسـایدی کولتووریی

کورد داڕێژراوە. بەو نیازەی هەر نەتەوە و گرووپێک لە ڕووی سـایکۆلۆژی و کولتوورییەوە داگیرکرا، ئیتر داگیرکردنی گشـتی و جینۆسـایدی هەمیشـەیی ئاسـان و مسۆگەرە.

سـیاسـەتی شـاریکردنەوەی زۆرەملێ و ڕاگواسـتنی گوندنشینانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، یەکێک بوو لە مەترسـیدارترین تەکنیکەکـانی جینۆسـایدی کەلتووری و زمانی، (بەختیار عەلی) لە وتارێکدا بە ناوی (لە ئارەزووی کوشـتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشـکردن)، کە لە ژمـارە حەوتی گۆڤـاری ڕەهەندا، تـایبەت بووە بە ئەنفال لە سـاڵی ١٩٩٩دا بڵاوبووەتەوە، باس لەوە دەکات لە قۆناغی یەکەمدا، ئامانجی سـەرەکیی ڕژێمی بەعس خۆی لەناوبردنی جەسـتەیی و فیزیکیدا دەبینییەوە، بەڵام دەسـەڵات زوو درکی بەوە کرد کە قڕکردنی جەستەیی بە تەنیا ناتوانێت بەتەواوی کۆتایی بە شـوناس و هۆشـیاریی نەتەوەیی بهێنێـت. لەم ڕووەوە سـتراتیژی ڕژێم لە ئـارەزووی کوشـتنەوە بۆ ئـارەزووی فەرامۆشـکردن وەرچەرخا، تا تاوانەکە لە مەودای فیزیکییەوە بگوازێتەوە

بۆ کـایەی دەروونی و کولتووری. لەم قۆنـاغە نوێیەدا، پرۆسەی شاریبوونی زۆرەملێ لە ڕێگەی ڕاگوێزانی خەڵک بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکـان و پەراوێزی شـــارەکـان، وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ دابڕاندنی مرۆڤی کورد لە خاکەکەی بەکـار هـات، کە کۆگـای ســـەرەکیی یـادەوەری و فەرهەنگەکەی بوو.

دیارە لادێکان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و دووربوونیان لە ناوەندەکانی ســـەرکوتکاری و پرۆســـەی تەعریبەوە، گەنجینەی وشـــەی کوردییان بەزیندوویی هێشـــتبووەوە. ڕووخان و تێکدانی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و گواســـتنەوەی خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکـان، ئـامـانجی بڕینی پەیوەنـدیی مرۆڤی کورد بوو لەگەڵ خـاک و ژینگەکەی، چونکە کاتێک ژینگەی سروشتیی ژیان دەسڕدرێتەوە، ئەو زمان و فەرهەنگەشـی کە لەســەر ئەو ژینگەیە چێ کراوە، بەرەو فەوتان و پووکانەوە دەچێت.

هەزاران وشـــە و زاراوە هەبوون کە تەنیا لە کاتی کار و بژێویی ڕۆژانەی لادێکـانـدا مـانـا و بوونیـان هەبووە. بۆ نموونە هێش و قووڕەمە و هەوجارِ و تەیکە و گورگیلە و

شـەن و سـێلک و جەنجەڕ و هۆڕ و هەمبانە و بارەبەر و بـارگیر و کۆز و هەزارەهـا وشـــەی تر، هـاوکـات نـاوی سـەدان جۆر گیاوگوڵە و ئامرازی کەلوپەلی ناوماڵ، لەگەڵ ڕاگواسـتن بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکاندا هەزاران وشـە لە کار کەوتن و وردە وردە لە بیری نەوەکـانی دواتر چوونەوە. بەمەش زمانی کوردی پانتاییەکی گەورەی لە دەســـتەواژە و دەربڕین و ئیدیەم و پەندی کـارا لەدەســـت دا. چون زمانی کوردی بەشێکی زۆری فەرهەنگەکەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە و هاتووەتە ناو زمانی نووســـینەوە و واتای تری لەسەر بارکراوە، وەک گێرەوکێشە و شەنوکەو و پســـپۆر و گێرەشـــێوێن و لەباربردن و کەڵەکەبوون و سـینکردن و دەوڵەتداری و کۆسـتکەوتن و مۆڵگە و ژوان و پێدرێژی و جڵەو و...هتد.

لادێکان ناوەندی شـــەوچەرە و یارییە فۆلکلۆرییەکان و پەندەکانی پێشـینان و چیرۆک و بەیت و لاوژە و سـترانە ڕەســـەنەکانی ئەدەبی زارەکی وەک جۆرەکانی گۆرانی و مەقامات و هۆرە و لاوک و حەیران و بەســـتە و بەزمی چەپڵە بووە. لادێکـان نـاوەنـدی جلوبەرگی کوردیی

ڕەنگاوڕەنگ بوون، نەک جلوبەرگ، تەنانەت پێخەف و ڕاخەر و گوڵەنگی بێشکەکان و تابلۆی یەغان و باوەڵ و بۆفێ و ڕەشمەی ئاژەڵانیش ڕەنگاوڕەنگ بووە. دەستەڵاتدارانی بەعس چاک دەیانزانی کە خۆڕاگریی سیاسی و بەردەوامیی کورد لە قوڵایی ئەو فەرهەنگە زەنگین و ئاڵووالاداڕەی گوند و لادێکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

لادێ بەشێکی گەورەی سەرچاوەی زمان و کولتووره

تەها ســـلێمان :بۆچوونێک هەیە کە هەمیشـــە دەوترێرێ لادێ بەشـــێکی گەورەی ســـەرچاوەی زمان و کولتووره، بەعس ویســـتی ئەمە تێک بشـــکێنێت، ئایا ئامانجەکەی بۆ چووە ســـەر یـان نـا؟ یـاخوود جـارێکی تر کولتوور و ســـەرچاوەی زمان و زار و بنزار پێشـــی بەم ئامانجەی بەعس گرت، یان ئایا ئێمە توانیومانە لەم ئاســـتە وەک پێویســـت کاری لەســـەر بکەین و بەئێســـتاشـــەوە پێش بەئامانجەکانی فیکری بەعســیزم و فاشـیزم بۆ لەناوبردنی زمان و کولتووره‌کەمان بگرین؟

هەژار فەقێ سـلێمان: ڕستەیەکی باو هەیە دەڵێت زمان لە لادێدا دروســـت دەبێت و لە شـــاردا تیا دەچێت. ژیان و ژیواری لادێ پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆ و یەکانگیری بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ڕووەکناسی و سروشتناسییەوە

هەیە. کورد لە لادێکاندا بۆ ناو و جۆری باران و با و بەفر و تەمەن و دەنگی گیانداران و باڵندەکان و زەوی و شـــاخ و کاتەکانی ڕۆژ و کەرەســـتە و ئامێرەکانی و ...هتد، ناوی تایبەتی هەیە، کە ســـرووشـــتی دەوڵەمەندیی زمانەکەمان پیشان دەدات.

زمان و کولتووری کوردی لە ئاســـتی مانەوە و بەرگریدا جێی تێڕامان و توێژینەوە و شانازییە. با لە نموونەیەکەوە دەســـت پێ بکەم، بەدرێژایی مێژوو بەشـــێکی زۆری ئەو ڕۆژهەڵاتناسـانەی هاتوونەتە کوردسـتان وەک مینۆرسـکی و ئۆســـکارمـان و نیکیتین و ڕیچ، هەمیشـــە زمـان و کولتووری کوردییـان لا دەوڵەمەنـد و جێ ســـەرنج و کارکردن بووە، بەردەوام ئەو پرســـیارەیان کردووە کە چۆن وا بە گەورەیی و بەهێزییەوە ماوەتەوە و هێشـــتاش گەشـــە دەکـات، بەبێ بوونی ئیمپراتۆرییەتی گەورە و دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی و مەزهەبی دیار لە ناوچەکەدا. دیـارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی مرۆڤی کورد، کە لە مێژووی خۆیدا تەنها وەک بەرەنگاربوویەکی ســـیاســـی نەژیاوە و پێش هەر شـتێک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیین و

پەیوەستن بەیەکەوە، هەمیشە ناسنامەی خۆی لە ڕێگەی زمان و کولتوور و نەریت و هاوبەشیی ڕۆحی و گێڕانەوەی بەکۆمەڵەوە پاراستووە. کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنەمای پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێز و ئاهەنگە بەکۆمەڵەکان و فۆلکلۆر و داستانە زارەکییەکان دارشتووە، بە تایبەتی لە لادێکاندا. ئەم دەوڵەمەندییە کولتووریە بووەتە تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی بەهێز کە وای کردووە کولتوورەکەمان لە دارمان و تواندنەوە بپارێزێت .

گەزنەفۆن لە کتێبی (ئاناباسیس)دا، کە دکتۆر فەرهاد پیربااڵ وەری گێڕاوە، نموونەیەک دەهێنێتەوە لەسەر هەڵپەڕکێی کوردیی کاردۆخییەکان، دەڵێت وەک دیوارێک وایە کە بجووڵێت و شانیان بەشانی یەکترەوەیە و قۆڵی یەکتریان گرتووە، کە دەاڵەت لە کۆمەڵایەتیبوون و یەکگرتووی کورد دەکات.

کورد نەتەوەیەکی تەواو زمانییە و زمان کۆڵەکەیەکی گرنگی ناسنامەیەتی، بەختیار عەلی لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکیدا، کە مانیفێستۆیەکی بێهاوتای زمانی کوردییە، لەسەر زاری یەکێک لە کارەکتەرە تورکەکانەوە لەسەر

کـورد و زمـانەکەی دەڵـێـت (بـۆ ئەوەی دوژمـنەکەت تێکبشـــکێنیت و ســـەری پانبکەیتەوە، دەبێت لە پێشـــدا چەکەکەی لێ بـدزیـت، چەکی ئەم کوردانەش جگە لە زمـانەکەیـان هیچی دی نییە. ئەمـانە وەک عەرەب نین قورئانێکیان هەبێت خەڵکی پێ فریو بدەن، وەک فارسەکان نین مەولانایەک و حافزێکیان هەبێت خۆیانی پێوە بابدەن، وەک ئەرمەنەکـان نین هەموو نەســـرانییەکـانی دونیـا لە پشـتیان بێت، هەیانە و نیانە تەنیا ئەم زمانەیان هەیە، هەر کات توانیت ئەم زمانەیان لێ بســتێنیت، ئیتر وەک شـــێرە بەفرینە لەبەر خۆردا دەتوێنەوە).

بێگومان کورد توانیویەتی هەمیشـە کار لەسـەر زمانەکەی بکات، هەر کاتێک دەرفەتی ئازادی بۆ ڕەخســـا بێت (بۆ نموونە یازدە مانگەکەی کۆماری کوردســـتان و ســـاڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٤ لە باشـووری کوردسـاتان)، کاری لەسـەر زمـانەکەی کردووە. لە دوای ڕاپەڕینیشـــەوە هەڵبەت بە دنیایەک تێبینییەوە، هەوڵی بەرچاو دراوە بۆ پاراســـتنی زمانەکەمان، بە تایبەتی لە ئاســـتی ڕووبەڕووبوونەوەی شـێوازە نوێیەکانی فاشـیزم و مەترسـییەکانی جیهانگیری

لەســـەر زمـان، هەنگـاوی زۆر ئەرێنی نراون کە جێگەی گەشـــبینییە، بۆ وێنە بەراورد بە ڕابردوو و بە مێژووی کورد ڕێژەیەکی بەرفراوان لە کتێب و گۆڤار و توێژینەوە و نامە و تێزی ئەکادیمی و دیوان و فەرهەنگە پسپۆڕییەکان و فەرهەنگە ناوچەییەکان لە چاپدراون و بڵاوکراونەتەوە.

تا ڕادەیەک هۆشـــیارییەکی نەتەوەییش دروســـت بووە بەرامبەر بە پـاراســـتن و ئـاگـالێبوونی هەموو زار و دیالێکتەکانی وەک (لوڕی و گۆران و کوردیی ناوەندی و سەروو) و کۆی بنزارە ناوچەییەکانیش.

تەکنەلۆجیـا و ئینتەرنێت و ســـۆشـــیال میـدیـاکـانیش دەرفەتێکی گەورەیان ڕەخساند بۆ زمانی کوردی بەگشتی، بەهەوڵی تاکەکەسی (بۆ نموونە بۆکان جاف و هاوڕێکانی) و ناوەندە کولتوورییەکان (ناوەندی ڤەژین بەنموونە)، کە ئێســتا هەشــتەم زمانی دنیایە لە ڕووی وشــەوە لە دنیای مەجازی و دیجیتاڵیدا، هاوکات بوو هۆی پاراســـتنی دەقە فۆلکلۆرییەکـان و گۆرانییە کۆنەکـانیش بەتـایبەتی، کە ئەمەش پـارێزبەنـدییەکی بەهێز دروســـت دەکـات لە بەرامبەر هەر هەوڵێکی تواندنەوە (ئایسیملەبوون)دا.

بەم پێی و پێودانگانە، ئامانجی ڕژێمی بەعس بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی زمان و کولتوری کوردی نەچووە سەر. خەزێنەی دەوڵەمەندی وشەی زار و بنزارەکان و وشیاریی کولتووری تواییان ڕووبەڕووی سیاسەتی سڕینەوە ببنەوە و زمان و ناسنامەی کوردی بۆ هەمیشە بپارێزن.

بەدڵنیاییەوە هێشتاش پێویستیمان بە کارکردنی کولتووری و ئەکادیمی و دامەزراوەیی و دیجیتاڵیی و هۆشیاری زیاتر و زۆرتر هەیە، تا بەتەواوەتی بەر و ڕێ لە هەموو شێوازەکانی فیکرییەکانی فاشیزم و مەترسییەکانی جیهانگیری بگرین لە ئێستادا.

ئەدەب و کولتوور و زمان

تەها سلێمان: بۆ من و تەواوی خوێنەرانیش گرنگە بپرسم، چی بکەین بۆئەوەی ئەدەب و کولتوور و زمان ببێتە بەشێکی گەورە و کاریگەر لە ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید و ئەنفال و پێشگرتن لەمەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی؟

هەژار فەقێ سلێمان: داچڵەکین و دروستکردنی هۆشیاریی گشتیگیر لەبارەی زمان و ئەدەب و کولتوورەوە، ئەمیش بە دوورکەوتنەوە لە خۆبەکەمزانین و خۆبەکەمبینین و تەسلیمبوون و نائومێدییەوە دەبێت. دیارە نائومێدییەکی بەئاگاهێنەر گرنگە و قۆناغی یەکەمی تێگەیشتن و دواتر ئیشکردنە، لە هەر بوار و کایەیەکدا زانیمان برین و کەلێن و فەرامۆشی هەیە، ئەوە هەڵهێنانی هەنگاوی یەکەمە بۆ بەئاگابوون و ڕابوون و ڕامان .

دڵنیام ســـەرنجتان لەوە داوە بەدرێژایی گفتوگۆکەمان، جارێک لە ناو نائومێدییەکی قوواڵدا بووم و دەســـتم خستووەتە ســەر بەشێک لە کەموکوڕی و کارنەکردن و کەمتەرخەمییەکانمان، کە ویستوومە خۆم و خوێنەر بەئاگا بهێنمەوە. جــارێکی تر ئومێـدبڕ و هیوابڕ نەبوومە و پێشــنیازی کار و پرۆژە و ئیشــکردن و خەونی داهاتووم کردووە .

بۆ ئەمەش سەرەتا دەبێت تاکی ئێمە ئاشنای زمانی دایکی و کولتوور و ئەدەبەکەی خۆی بێت، کە چەند زەنگین و ڕەنگینە و هاوکاتیش ناســـنامەیەکی گرنگ و هۆکاری مانەوەی نەتەوەکەمانن. خۆی بە بەرپرســـیار بزانێت لە ئاســتیاندا، پێگە و مەکانەتەکەی بناســێت و شــانازی پێوە بکات و گرنگی و بایەخی بدات بە خوێندنەوە و خزمەت و ئاخاوتن بە زمانەکەی و بەشـــداریی بەردەوام لە چالاکییە کولتوورییەکان و یادهێنانەوەیان.

لەبــارەی گرنگیی و بــایەخی کولتوور و فەرهەنگەوە، بەســـەرهات و گێڕانەوەیەک هەیە، کە لە دووەم جەنگی جیهانیدا، داوا لە وینســـتۆن چەرچڵ، ســـەرۆک وەزیرانی

ئەوکاتی بەریتانیا کرا، کە بودجەی هونەر و کولتوور و ئەدەب ببڕێت و بیخاتە ســـەر بودجەی جەنگ، ئەویش لە وەڵامدا وتی: ئەی باشـە ئیتر ئێمە بۆچی و لە پێناوی چیدا شـــەڕ دەکەیـن؟ گەر لە پـێـنـاوی بەهـێـزکـردن و بەرەوپێشـــچوونی ئەوانەدا نەبێت، کە ناســـنامەی گەلی بەریتانیا دەپارێزن.

بۆیە تاکی کورد پێویستە بەردەوام ئەم پرسیارە لە خۆی بکات و بڵێت گەر من خزمەتی کولتوورەکەم بەگشـــتی و زمـان و ئەدەبەکەم بەتایبەتی نەکەم و بەرپرسیار نەبم لە ئاستیاندا، کێ خزمەتی دەکـات؟ ڕاســـتییەکەی هیچ کەس و لایەنێـک لە دەرەوەی ئێمە (بۆ نموونە فارسـێک یان عەرەبێک یان تورکێک یـان ئینگلیزێـک یـان تـاکی هەر نەتەوە و گەلێکی تر) نـایەن خزمەتی بکەن، ئەوان ســـەرقاڵی خزمەت و بەرەوپێشـــبردنی زمان و ئەدەب و کولتووریی خۆیانن.

ئیتر کە ئەم هۆشـیارییە بااڵکێشـە دڕووسـت بوو، گومانی تێدا نییە، ئەو هۆشـــیارییەش دڕووســـت دەبێت لای خوێنەران کە ئەدەب و کولتوور و زمـان بەشـــێکی گەورە و کـاریگەر و بەبـانـدۆرن لە نـاســـانـدنی تـاوانەکـانی جینۆســـایـد و دووبارەنەبوونەوەیان.

پاشکۆ: دوو توێژینەوەی زانستیی (د.هەژار فەقێ سلێمان) لە پرسی ئەدەب و جینۆسایددا

ژن وەک هێمای قارەمان و قوربانی
لە تراژیدیای ئەنفال و هەڵەبجەدا
تێکستی والای (گۆڕستانی چراکان) و (دەربەندی پەپوولە)ی
(شێرکۆ بێکەس) بەنموونە

پێشەکی:

بەدرێژایی مێژوو، لە هەر جەنگ و جینۆسایدێکدا کە بەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا هاتووە، ژن و منداڵانیش هاوشان و هاوبەشیی پیاوان، ڕووبەڕووی مردن و قوربانی و تووندوتیژی و ئازاری جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە، وەک چۆنیش بە ڕزگارکەر و قارەمان ناودێر کراون. ئەدەب و هونەریش وەک دوو بواری مۆمیاکەری بەردەوام، ئازار و قارەمانییەتی مرۆڤیان لەو جەنگ و جینۆسایدانەدا نووسیوەتەوە و ڕەنگاندووە.

شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی دیاری نێو ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، هەرچەندە وەک شاعیری جوانی و خۆشەویستی و داکۆکیکردن لە دۆزی ژن ناوبردە دەکرێت، لەگەڵیشیدا سەربوردەی قارەمانێتی و

قوربانییەکانیان و ئازار و ژانەکانیشـــیانی لە نێو کۆمەڵ و کولتووردا بەگشـــتی و لە نێو کۆژانەکـــانی ئەنفـــال و هەڵەبجەدا، بەتایبەتیی، وەک دوو تێمای دیاری شیعرەکانی، نەک فەرامۆش نەکردووە، بەڵکوو دلێری و جەربەزەیی و قوربـانیدانەکـانیشـــیـان بەردەوام ئـامـادەییـان هەبووە و ڕەنگیان داوەتەوە.

تۆێژینەوەکە بەو ناونیشـــانەی ســـەرەوە، کار لەســـەر مەزراندن و نواندنەوەی هێما جۆربەجۆرەکانی قارەمانێتی و قوربانیدانی ژنان لە تراژیدیای ئەنفال و هەڵەبجەدا لە هەردوو تێکستی والاێ (گۆڕستانی چراکان) و (دەربەندی پەپوولە)دا، دەکات، کە تێمای ســـەرەکیی یەکەمیان ئەنفالە و دووەمیان هەڵەبجەیە.

تۆێژینەوەکە بە پێی میتۆدی (وەســـفیی شـــیکاری) کاری کردووە.

پێکهاتەی تۆێژینەوەکەش دابەش کراوە بەسەر دوو بەشدا:

بەشـــی یەکەم، کە بەشـــێکی تیۆرییە، چەمکە دیارەکانی تۆێژینەوەکە بەرباس دەدات، وەک چەمکەکانی ژن و هێما

و قارەمان و قوربانی، هاوکاتیش ناسـاندنێکی کورتی هەردوو کارە ئەدەبییەکەی شێرکۆ بێکەس، کە (گۆڕستانی چراکان) و (دەربەندی پەپوولە)ن، خراونەتە ڕوو .

بەشـی دووەمیش دابەشـکراوە بەسـەر دوو تەوەردا، هەر تەوەرێک باس لە نواندنەوە و بەکاربردن و مەزراندنی جۆرەکانی هێمای ژن جارێک وەک قارەمان و جارێکی تر وەک هێمای قوربانی لە هەردوو تێکستە والاکەدا، دەکات.

لە کۆتاییشـدا، ئەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێی گەیشـتووە، لەگەڵ ئەو سـەرچاوە و ژێدەرانەی کە توێژینەوەکە پشتی پێ بەستوون، نووسراون.

کلیلە وشەکان: شیعر، ژن، قارەمان، قوربانی، شێرکۆ بێکەس .

بەشی یەکەم: چەمکەکانی (ژن و هێما و قارەمان و قوربانی)

لەم بەشـەدا، کە بەشـێکی تیۆرییە، ئەو چەمکانە لە کۆنتێکسـتی توێژینەوەکەدا و پەیوەسـت بەیەکتر، دەناسـێنرێن، بەرچاوڕوونییەکی پێویسـتیش دەدەن بۆ تێگەیشتن لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکە:

یەکەم: ژن

وشەی ژن لە زمانە جیاوازەکاندا ئیتیمۆلۆژییەکەی بۆ مانایەکی پۆزەتیڤ و مانابەخش دەگەڕێتەوە، لە کوردی و ژمارەیەک لە زمانی تری دەوروبەردا، (وشەی ژن و ژیان، سروشت و ئازادی هەمان شتە. بە کوردی ژن، ژیان، شێن، گیان، جیهان، جێ لە هەمان ڕیشەوە دێن. هەروەها وشەکانی وەک ژیندار، ژینداری، ژیندا، زیندوو لەگەڵ ژن و ژیان لە هەمان ڕیشەن. وشەی ژیان لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا "تی"یە. بە زمانی سۆمەری (ئامارگی) بە واتای ئازادی دێت، بە واتای گەڕانەوە بۆ دایکیش دێت. لە عەرەبیشدا "عیش" بە واتای ژیان دێت. ژیان لە واتایەکی تری عەرەبیدا حەیات و وشەیەکی مێیە و ناوێکی تری ژنە. وشەی عەرەبی (نساء) کە بە واتای ژن و وشەی "ئینسان" واتە مرۆڤ. بە ئیسپانی وشەی "ال ڤیتا" واتا ژیان وشەیەکی مێیە. بە فارسی وشەی ژیان "زیندەگی" و "ژن" زن" لە هەمان ڕیشەوە هاتوون).

لە هەموو جەنگ و جینۆسایدەکاندا ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی و دەرئەنجامەکانیان دەبنەوە، لە کاتێکدا بێ

ئەوەی هیچ دەستێکیان لە هەڵگیرساندنیدا هەبێت، لە جەنگدا ئازار و پەلاماری ژن دەدرێت بە مەبەستی هەڕەشە و تۆقاندن، چونکە ژن وەک کەرەستەیەکی سێکسی و شەرەفی پیاو (لە ڕۆژهەڵاتدا بەتایبەتی)، هەروەها وەک دەستکەوتی جەنگ بۆ دوژمن سەیر دەکرێت. توندوتیژیی دژی ژنان، نەک هەر کاریگەری لەسەر خودی ژن، بەڵکو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خێزان و کۆمەڵگاش و پەروەردە دەبێت .

هەر بۆیە ((بەردەوام لە تەواوی جیهاندا بە هۆی جەنگ و ململانێ سیاسییەکانەوە هەزاران ژن و منداڵ ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی و کەمی خۆراک و ئاو دەبنەوە، سەرەڕای نەبوونی شوێنی پاریزراو بۆیان. بڕیاری ژمارە (١٣٢٥ ی ساڵی ٢٠٠٠) کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پاراستنی ژنان لە ململانێ چەکدارییەکان دەرکراوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە ژنان بەشداری بکەن لە پرۆسەی بەرقەراربونی ئاشتی و بڕیاردان. عێراق وەک یەکەمین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو بڕیارەی

پەسەندکردووە و پلانی نیشتیمانی بۆ داناوە، کوردستانیش پابەندە بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە)).

ئەم تۆندوتیژی و قوربانییانەی ژن ڕیشەیەکی کەونار و دێرینی هەیە، مێینەی مرۆڤ وەکو گروپێکی پەراوێزخراو، لە دوای کۆمۆنە سەرەتاییەکانی مێژووەوە، قۆناغ لە دوای قۆناغ بارودۆخی خراپتربووە و هەموو جۆرەکانی تۆندوتیژی و چەوساندنەوەی بەسەردا پیادە کراوە. ((لە قۆناغی کۆیلەیەتیدا، زۆرترین بەشی کۆیلەیەتی بەرکەوتووە و وەک هەرزانترین کالا کڕدراوە و فرۆشراوە. لە قۆناغی دەرەبەگێتیدا زۆرترین کاری پێکراوە و کەمترین دەستکەوتی هەبووە، لە قۆناغی سەرمایەداری و گەشەی پیشەسازیدا دیسانەوە هاوکات کارمەندی کارگەکان بووەو کەمترین هەقدەستی پێدراوە، وێڕای ئەوەی خزمەتی بە خۆڕایی پێشکەش بە ئەندامەکانی ماڵەوەش کردووە. هەموو ئەمانە هێمای ئەوەن چەوساندنەوەی ژن وەک دیاردەیەکی جیهانی ناسراوە و تایبەت بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو نییە، وەلێ بە جۆر و شێوەی جیاواز لە هەر یەک لە کۆمەڵگەکان و قۆناغە مێژوویییەکاندا

پێناسەکراوە و هەوڵی کەمکردنەوە و هەتا بنبڕکردنیشی دراوە. لە بەرامبەر ئەم چەوساندنەوە و توندوتیژییە جۆراوجۆرەی ڕووبەڕووی ژنان کراوەتەوە، لە هەر کۆمەڵگەیەک و لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا بەرهەڵستی هەبووە و بە شێوەی جوودا هەوڵی گێڕانەوەی مافەکان و هەڵگرتنی چەوساندنەوە لەسەر توخمی مێ دراوە)).

دووەم: هێما (ڕەمز)

لە دووتوێی خستنەڕووی چەمک و زاراوەی هێمادا، لە لای هەر نەتەوەیەک، بە گەلێک شێوە و واتای هەمەجۆر خراوەتە ڕوو، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا)) هێما بەرانبەر (symbol) بەکار براوە، زاراوەی هێما (symbol)لە بنەڕەتدا لە کاری(symballein) ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای (کۆکردنەوە و پێکەوەنان و تێکەڵاوکردنی بەپەلە) یان (پێکەوەهاویشتن) دێت، واتاکەی(symbolon) ە، بە واتای نیشانە و دروشم و ئاماژە، یان هێما دێت، جا زیندوو بێت، یان نازیندوو)).

لە زمانی عەرەبیدا (الرمز)ی بۆ بەکارهێنراوە، لە قورئانی پیرۆزیشدا و لە ئایەتی چلویەکی سوورەتی (ئالی

عیمران)دا ئاماژەی پێ کراوە)(قال رب اجعل لی ایة قال ایتک الا تکلم الناس ثلاثه أیام إلا رمزا))، لێرەدا (رمز) لەجیاتی و لە شوێنی ئاخاوتن هاتووە. لە زۆرێک لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا بە گشتی و فەرهەنگە ئەدەبییەکانیش بە تایبەتی، بەو ڕەنگە ناسێنراوە کە لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە، ئەویش ((جوولّەیەکی بێدەنگی زمانە، لە وێنەی چپە، بە بزاوتی لێو، بێ هیچ دەنگێک، دەڵێن هێما ئاماژەیەکە لە ڕێی لێو و چاو و برۆ و دەمەوە)).

لە زمانی فارسییشدا زاراوەکانی وەک (نماد) و (سمبل) و (رمز)یان بۆ هێما داناوە. لە فەرهەنگی (لغتنامه دهخدا)شدا بە هەمان شێوەی (لسان العرب) هاتووە، کە ((هێما ئاماژەدانێکە بە لێو، یان بە برۆ و چاو)).

لە زمانی کوردییشدا بە گشتی (هێما) و (ڕەمز) بەکار هاتووە و هەندێجاریش (سیمبوڵ-سیمبۆڵ) بەکار براوە، هاوکات بە (جەڤەنگ-جەفەنگ)یش ئاماژەی پێ دراوە. مامۆستا (عەلادین سەجادی) لە کتێبی (نرخشناسی)دا جگە لە (ڕەمز و جەفەنگ) وشەیەکی تر سەربار دەخات کە

(گۆشـــــه)یه و دەڵێت: ((گۆشـــــه له کوردیدا به دوو واتا هاتووه، یەکێ به واتای ســـووچ، یەکێ به واتای ڕەمز، بۆ نموونه ئەڵێن (به گۆشـــــەوه پێی ئەڵێ). هەروەها لەزمانی کوردیـدا وشـــــەی (جەفەنـگ)مـان هەر بۆ ڕەمز بەکـار هێناوه)).

(ئەرستۆ) کۆنترین کەسـه، له ئاستی زماندا له هێما دواوه و دەڵێت: (وشـــــەکان هێمان بۆ واتای شـــــتەکان، وشـــــه وتـراوەکـان هـێـمـان بـۆ دۆخـی دەروون، وشـــــه نووســـراوەکانیش هێمان بۆ وشـــه وتراوەکان، بەم جۆرە زمان لای ئەرسـتۆ هێمایه بۆ هزر، هەروەها سـێ ئاسـتی بۆ هێما داناوه:

١ -هێمـای تیۆری یـاخود لۆژیکی، ئەمه له ســـۆنگەی پەیوەندییەکی هێمایی بەرەو زانیاری دەچێت، که ئاســـته لۆژیکییەکەیه.

٢ -هێمای کارەکی، که به واتای کردار دێت و لایەنی ئاکار و هەڵسوکەوت دەگرێتەوه.

٣-.هێمای شـــیعری یا ئیســـتاتیکی، کە بە واتای دۆخێکی دەروونیی ئاڵۆز و هەڵوێستێکی ویژدانی دێت و بۆ لایەنی هونەری دەگەڕێتەوە) . ئەم سێ ئاستە لای ئەرستۆ یارا و توانـا و پـاشـــــان توانســـتی مرۆڤ دەردەخەن، وەک بوونەوەرێکی هێمادارێژ، کە زمانی وەک هێمایەک بۆ بیر داناوە و وردتریش هێمای بۆ کۆی وشەکان دارشتووە بۆ گەیشـــتن بە واتا. هێمای شـــیعریشـــی، وەک دوائاســـتی بەکـاربردنی هێمـا دانـاوە، کە هێمـای دۆخە دەروونی و ویژدانییەکان دەکات.

هـێـنـری پەیـرێ) (Henri peyre) ١٩٠١-١٩٨٨) زمانناس و تویژەری ئەدەبی فەرەنسـی، لە کتێبی what) (is symbolismدا، بەم شێوەیە چەمکی هێما دەناسێنێت، دەڵێـت (هێمـا بۆ ئەوە بەکـار هـات، کە خۆی لە واتـای بنچینەیی لادا. نیشـــانە و دەلالەتی خەڵەتاندنی هەڵگرتبوو، بۆ ئەوەی دەیەوێت خۆی لێ لابدات، ڕاســـتییەکیش بۆ ئەوکەســەی دەیەوێت چەشـەی ڕاستەقینەی بکات. کەواتە دوو واتـا لە بۆتەی هێمـادا هەن، یەکەمیـان واتـای کۆنکرێتی(ڕووکەش) و ئەوی تر واتای قوواڵ) . بە دیدی

(پەیر) هێما هەڵگری دەلالەتی خۆلادانە لای هێمادارێژ، ڕێ دەدات بە دوو باردا بخوێنرێتەوە، واتایەکی ڕووکەش، کە فریودان و هەڵخەڵەتاندنە بە هەر مەبەستێک بێت، هاوکاتیش دەیەوێت واتا قووڵ و دروستەکەش، کە لای خۆی و ئەوانەی خۆی مەبەستێتی پێیان بگات، بگەیەنێت .

(د.جەمیل صەلیبا) لە کتێبی (فەرهەنگی فەلسەفی)دا نووسیویەتی ((هێما شتێکە، ئاماژە بۆ شتێکی تر دەکات و دوو جۆرە، هێمایەکی هەستەکی، کە دەرخەری شتێکی هەستەکی ترە، وەک هێمای ژمارەکان بۆ شتەکان، یان هێمایەکی هەستەکی، کە دەرخەری بابەتێکی مەعنەوییە، وەک ڕێوی هێمای فێڵ و تەڵەکەبازیی و سەگیش هێمای وەفایە)) . ئەم پێناسەیەی (د.صەلیبا) گشتیترین پێناسەی هێمایە، کە شتێکە (هێما)، ئاماژە بۆ شتێکی تر (هێمابۆکراو) دەکات، یان هەردوولاکەی هەستین، یاخود یەکەم هەستییە و دووەم واتایی (مەعنەوی) .

سێیەم: قارەمان

زاراوەی قارەمان یان پاڵەوان، بۆ ژن (heroine)و بۆ پیاو(hero) ی بۆ دانراوە، کەسێکی ڕاستەقینە یان کارەکتەرێکی خەیاڵییە، ڕووبەڕووی مەترسی و کارەسات دەبێتەوە و خاوەنی بوێری و هێزێکی گەورەیە. پاڵەوانی داستانە کلاسیکییەکان لە پێناو شکۆمەندی و شەرەفدا جەنگاون. لە بەرامبەردا پاڵەوانەکانی پۆست کلاسیک و مۆدێرن بۆ سامان و سەربەرزی و ناوبانگ و بۆ چاکەی گشتی کاریان کردووە. لە فەرهەنگی (مێریام وێبستەر)دا هاتووە، قارەمان کەسێکە بەهۆی ئەنجامدانی کارێکی گەورەوە یان یان سیفەتێکی جوانەوە دەناسرێت.

مرۆڤی قارەمان، یان دلێر و نەترس و بەهەڵوێست، لەهەموو قۆناغەکانی دیرۆکی مرۆڤایەتی و لەهەموو کۆمەڵگایەکدا، بەئاست و واتا و چەندایەتی جۆراوجۆر هەبووە و دەبێت. بوون بەقارەمان شتێکی سروشتکرد نییە، بەڵکو لەژێر کۆمەڵێک فاکتەردا بەدی دێت، هەرکات ئەم فاکتەرانە و بارودۆخی کارایان لەئارادا بێت، مرۆڤی قارەمان دروست دەبن.

دەبینین ((قارەمان، لەپێناسەی سادەی کۆمەڵگادا، بەمرۆڤی نەترس و لەخۆبردوو، گیان لەســـەردەســـت... دەگوترێت. بەڵام لەپێناســه ڕاســتەقینەکەیدا مرۆڤ بەتەنیا بە ئازایەتی نابێت بە قارەمان، هەروا هەموو قارەمانێکیش پێویســـت نییە ئازاو نەترس بێت، چونکە گۆڕەپانی قارەمانێتی تەنیا بەجەنگ و ڕوبەڕووبوونەوەی مەرگ ســـنووردار نابێت. ئەندامی باندەکانی مافیا، زۆربەیان مرۆڤی شـــەڕکەر و نەترسن، بەڵام نابن بە قارەمان، چونکە بۆئەوەی نەترسی ببێتە ســەرچاوەی قارەمانێتی، مەرجێکی تریشــی پێویســتە کە بەئــامــانجی ئەو ئــازایەتییەوە گرێدراوە. بەم واتــایەی خــاوەن ئــامــانجێکی پیرۆزبێت. بەڵام ئــامــانجی پیرۆز، بۆخۆی چەمکێکی لاســـتیکییە و هەرکەس ئــامــانجەکەی خۆی پێ پیرۆزە)).

چوارەم: قوربانی

چەمکی قوربانی، زیاتر چەمکێکی ئاینییە، پەڕیوەتەوە بۆ نێو بواری کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی و یاســـایی و کولتووری. قوربانیدانە بە گیان و جەســـتە و مووڵکێک، (جۆرج باتای) فەیلەســووف و ئەدیبی فەرەنســی بەوردی

کاری لەســـەر ئەم چەمکە کردووە و دەیبەســـتێیەوە بە ئەفســـانە و ئـاینەوە کە هەر لە زووەوە قوربـانی بە مرۆڤ(کۆیلە) و هەروەها ئاژەڵیش و کراوە و زۆرجار کار و کاردانەوەیەکەشـی تونـدوتیژییە و دەڵێت: ((قوربانیکردن بە کۆیلەکان ئەو پرەنسـیپە ڕووندەکاتەوە، کە پێیوایە هەر شتێکی سـوودبەخش دەشێت بۆ قوربانیکردن دەستنیشان کرابێت. کردەی قوربانیکردنی کۆیلـــە، کە کۆیلەبوونەکەی داڕمـان و شـــکســـتی نەزمی مرۆیی دووپـاتـدەکـاتـەوە، قوربـانییەکـە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئـاوێزانی ئـازاردەری تونـدوتیژیی بێبەربەســـت. بـە شـــێوەیەکی گشـــتی قوربـانیکردنی مرۆیی چرکەســـاتێکی یەکلاکەرەوەیـە لـە ململانێیەکدا کە تێیدا جوولّەی تونـدوتیژیی بێ پێوەر)زێدە تـــونـــدوتـــیـــژی) ڕووبەڕووی نەزمـــی واقـــیـــعـــی و بەردەوامێتییەکەی دەبێتەوە.))

بەختیار عەلی نووســـەر و ڕۆمانووســـی کورد لە بارەی قوربانی و ڕیشـــەکانییەوە، دەڵێت: ((قوربانی تەنیا قوربانییەکی ئاســـایی نییە. مرۆڤ تا دەگاتە ئەو شـــوێنەی بۆ ئەوەی ببێت بە قوربانی ڕێگەیەکی درێژی بڕیوە. ئەمە

ڕووداوێک نییە، وەک ڕووداوی ماشێن تۆ لە ڕێگەدا تووشبوونت هاتبێت. ئەمە مێژوویەکە لە مێژوویەکی دوورودرێژدا تۆ هاتووی ڕۆڵی قوربانییت وەرگرتووە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەم مێژووە چییە کە تۆی کردووە بە قوربانی ڕیشەسایکۆلۆژییەکانی چین، ڕیشەکۆمەڵایەتییەکانی چین، ڕیشە ساسییەکانی چین، یان لە کوێدا دەقیق تۆ لەوە کەوتوویت هێز بیت، گەیشتوویتە دۆخێک کە مەرگدۆستی کە قوربانیبوون قبوڵ بکەیت).

پێنجەم: دەقە والاکانی گۆڕستانی چراکان و دەربەندی پەپوولە

دەقی والای (گۆڕستانی چراکان)، سەربوردەی کەسەر و ئازارەکانی ئەنفال دەگێڕێتەوە، یەکێکە لەو بەرهەمە دانسقانەی شێرکۆ بێکەس، کە تاوانی ئەنفالی بە شێوەیەکی هونەری و پڕ لە وێنەی شیعری و هەروەها وێنەی هێمایی بە تایبەتی، بەرجەستە کردووە و بووەتە هۆی مۆمیاکردنی ئەو غەم و بەسەرهاتانەی ئەنفال لە دەقی والای هونەری شیعر و گێڕانەوەدا، تا خۆی وتەنی نەوەکانی دواتر ئەم ئازارە بەسوێیە دڵبرژێنەیان بیر

نەچێتەوە، ((شـــێرکۆ بێکەس لەم دەقەوالّایەدا وەک حەماســـەیەکی شـــیعری مۆدێرن، ڕێکاوڕێک کۆنەســـت و کۆهەســـت و کۆئازار و کۆژان و کۆیاد و ... هتدی کوردی لە شـــێوەی گورزێکی وشـــەیی هەڵدەداتەوە ناو دنیا. هەڵدانەوەی هەبوونی مرۆڤانەی کوردیی بۆ ناو پانتایی زمان، شـــۆکێکە، ئاگاییەکە، ڕاچەنین و ڕاچڵەکینێکە دژ بە جیهان و چەپۆکســالاریی ڕاســەری ئەم هەبوونە، ڕاپەڕین و ســـپەرێکی مەعنەوییە بۆ پاراســـتنی هەبوونە لە نێو دەڵەمە و (وێڵاش)پزدانی زماندا)).

ناونیشانی دەقەکەش، کە (گۆڕستانی چراکان)ە، شاعیر بە هۆشـیارییەوە ئەو ناونیشـانەی هەڵبژاردووە. گۆڕسـتانی چراکان، گۆڕســـتانی قوربانیانی ئەنفالە، (چرا) هێمای قوربانییە، هێمای ســـووتانە لە پێناو ڕووناککردنەوەی ژیـانی ئەوانی دیـدا، ئەم هێمـایە ڕیشـــەیەکی دێرینی لە ئایـنەکاندا هەیە، بۆ نموونە ڤیستیڤاڵی (حانوکا- ڕووناکی- چرا) لە ئایـــنی جوودا. هاوکات لێکچوونێکی ناوەکیشـی تێدایە بە چواندنی قوربانییەکان بە چرا، کە هەمیشـــە لە

مالّ و هزری تاکی کورددا، ئازار و ناســـۆری قوربانیان دەگرێت و بە زیندووی دەمێنێتەوە.

ئەدەبیاتیش دەتوانێت بە پاتەکردن و هەرەســـهێنانە یەک لە دوای یەکەکان لە گێڕانەوەدا، پاســـەوانێک بێت بۆ فەرامۆشـــنەکردنی مێژوو، چون مێژوو پڕە لـە هـاواری خنکاو و فەرامۆشـــکراو، پڕە لە ئازاری بەژێرەوەبوو، کە هیچ کەس و هیچ دەســتێک و هیچ فریادڕەســێک ناتوانێت ڕزگـاریـان بکـات، هیچ دەســـتێـک دەســـت نـابـات لـەلـەیـادچوونەوە دەریـانبهێنێت، خودی مێژووش، چونکە بای گەشـــە و بای پێشـــکەوتن دەیفڕێنێت، جگە لەوەی بە غەمگینی و لاوازی ســـەیریان دەکات هیچی بۆ ناکرێت، لێرەوە ((ئەدەبیـات زیـاتر ڕۆڵی (فریشـــتەی مێژوو) دەگێڕێت بەدیدی (والّتەر بنیامین)، تاوەکوو شـــایەتێکی تەواوکۆیی وەک (جۆرج ئاگامبێن) دەیڵێت، شـــیعرەکان، پەخشـــانەکان، فیلمەکان و تابلۆ شـــێوەکارییەکان و... هتد، هاوشـــێوەی فریشـــتەی مێژوو بە هەڵوێســـت، تێفکرین، نیگایەکی قوولّ و بێتوانای ڕزگارکردن، تەنیا بەڵگەیەک بۆ

حزووری کارەســـات و کاولکاری لە ڕابردووەدا، بەڵگەیەک کە خۆڕاگری دەکات، لەبەرامبەر کارەسات بۆ داهاتوو)) .

دەربەنـــدی پەپوولەش یەکێکە لەو دەقە والاّیـــانەی شـــێرکۆبێکەس، کە تێما و بابەتی ســـــەرەکی تراژیدیا و ئـــازارەکـــانـــی هەڵەبـــجەیە. هەڵەبـــجە و بـــوار و وێـــنە لێکســـیکییەکانی دەوروبەری هەڵەبجە چەقی ئیشـــکردنی ئەم تێکســـتە والاّیەیە. ئاشـــکرایە لە ئەدەبیاتدا شـــوێن و هێمـای شـــوێنەکان گرنگی خۆیـانیـان هەیە، هەڵبژاردنی (دەربەنـد) لێرەدا دەلالەتی فراوانی هەیە، دەربەنـد وەک شوێنێکی سروشت، هێمای گەورەیی و فراوانی و جوانی و ئاڵووالاّیی، وەک چۆن هێمای بەرزونزمی و ساـمناکی و چاڵوچۆڵی و تەنگەبەریی ژیانیشـــــە، لەم کۆنتێکســـــتەدا مسۆگەر بە هەردوو بارەکەدا دەخوێنرێنەوە.

لە یەکەمیاندا، هێما بۆ شـــوێنی قوربانییەکان دەکات، کە شـــاری(هەڵەبجە)، وەک شـــوێنێکی ســـەوز و دڵگیر و فێنک و پڕ لە مرۆڤی بێتاوان و پەپوولەئاسا.

لە دووەمیاندا، دوای ڕووداتی تراجیدیای کیمیاباران، (هەڵەبجە)دەبێتە شـــوێنێکی تەنگ و تاریک و پڕترس و پڕقیژە و دووکەڵاویی.

بەشـــی دووەم: هێمای ژن وەک قارەمان و قوربانی لە دەقی والای گۆڕستانی چراکان و دەربەندی پەپوولەدا:

لەم بەشــەدا، هێما و ئاماژە چەشـناوچەشـنەکانی ژن وەک قارەمان و قوربانی، بە هێنانەوەی نموونەی شـیعری هەردوو دەقی والاکە بۆ هەریەک لەو دوو چەمکە بەرباس دەدرێت:

یەکەم: ژن وەک هێمای قارەمان

وەک لە بەشی یەکەمدا لە چەمکی قارەماندا،ئاماژەمان پێدا، قارەمان مرۆڤێکی ئازا و چاونەترس و ڕەتکەرەوەیە، ئەم هێمــایە بۆ ژن بە بەردەوامی لە هەردوو دەقی والاکەدا دەبینرێن، بۆ نموونە لە دەقی والای دەربەندی پەپوولەدا، شێرکۆ بێکەس دەڵێت :

لە بەسرەدا
نزیک پەیکەرەکەی 'سەیاب'

لە ئاهەنگی تاج و نەجمە و سەمای بێری و سەرخۆشبوونی دەمانچەدا
لەو شەوەدا مێرگێ لە کچە سەبایەی شاخەکانیان
هەڵڕشتە ناو هۆڵێکەوە
هۆڵ ڕووناک و کچ تاریک و
بۆ بژاری مێرگی غەمگین، چەند نەجمەیەک هاتنە پێشێ
لەسەر مێزێکی خەواڵوو
چەقۆیەک و سەبەتەیەکی پڕ لە هەرمێ دانرابوون
چەند نەجمەیێک هاتنە پێشێ
دەمانچەیێک پەلی یەکەم هێرۆی گرت و ویســـتی لەگەڵ خۆیا ببیات
بۆ ژووریێکی چۆڵی سەرێ
لە پڕێکا گوڵە هێرۆ کە چەقۆی دی هەڵیگرت و چەقاندیە سەر هەرمێی دڵی و
خوێنی سپیی بوو بە فوارە و بە لووزەوێ هاتە دەرێ
لەسەر سەکۆکەی دەرەوەیش بینییان وا باڵای سەیاب
گوڵە هێرۆ تێی ئەڵاوە و لقی دەســتیش وا خەریکە هەرمێ بگرێ .

لەم شیعرەدا شاعیر هێما بۆ قارەمانێتی کچ و ژنی کورد دەکات لە ڕێی سەبایای شاخەوە، هێما بۆ کچ و ژنی کورد دەکات، کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو زۆرلێکردن و زوڵمە دەبێتەوە بە هەڵگرتنی چەقۆ و چەقاندنە سەر دڵێ (نەجمە) کە هێمای پیاوی سەربازی دێت. دەبینیم کە کچە چۆن دژی ئارەزووی ناشیرینی دەبێتەوە و بەرگری لە پاکێتی خۆی دەکات بە هێنانەوەی (گوڵە هێرۆ)، کە تاجە گوڵینەکەی سەری حەزرەتی مریەمە و هێمای پاکێتییە .

لە دەقی والای گۆڕستانی چراکانیشدا، ژن وەک ڕێبەر و ڕێنیشاندەر و قارەمانێکی ڕزگاربووی نێو ڕەشەبا و گەردەلوولی ژەهراوی پرۆسەی ئەنفال، پیشاندەدات و ژنێکی زینانەیی دەبێتە چاوساغی سەفەرە دریژە شاعیرانەکەی شێرکۆ بێکەس، تا بە مەرەکەبی وشە و پەڕەموویچی ئازار خۆی وتەنەنی لە شووشەبەندی شیعردا، ئەم ئازارە جێ بکاتەوە، بۆ ئەوەی نەوەکانی دواتر بە چاوی ڕۆح بیخوێننەوە و دەپرسێت :

پێم بڵێن: چۆن برۆم! ؟ لەگەڵ کێ! ؟
لەگەڵ من!

من ئەگەر پێشت نەکەوم
نە ئەسپی ئەفسانە و نە مەرالّی خەون و نە تەیری شیعر
و نە بای جادووگەر بەو مەرگانە نازانن
نە یەکە و نە دووە و نە سێیە و نە هەزار
شوێنم کەوە
دەست بگرە بە پرچمەوە
من ژنێکی خەڵکی 'زینانە'م ناوم 'کاڵێ'یە
سەرگوزشتەی دۆزەخ و دۆزەخەوان و بەیتی حەشر و
قیامەت و حیکایەتی دابڕان و
هەڵقرچان و هاتنەوە لەو دنیاوە
لە لای منە.

یەکێکی تر لەو هێما قارەمانئامێزانەی کە شێرکۆ بێکەس هێمای بۆ دەکات، ژن وەک گێڕەرەوەیە،کە هەمیشە دوای جەنگ و مالّوێرانییەکان ژنان ئاوەز و بیرەوەرییەکی وردتر و دەقیقتر و تەفرنجەدارتریان هەیە، بەرامبەر بە پیاوان، ئەگەر پیاوان گشتگیرانەتر لە بارەی جەنگەوە بدوێن، ئەوا ژنان لە وردەکاریدا ئەم کارە دەکەن. (سڤێتلانا ئەلیکسیڤیچ)ی ژنە نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بیلاڕووسی و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی ساڵی (٢٠١٥)، لە کتێبە

بەناوبانگەکەیدا (جەنگ هیچ ڕووخساڕێکی ژنانەی نییە)دا، بە گەڕانەوە بۆ ســـەردەمی منداڵی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەڵێت ئەوەی لەو دەمەدا لەناو مێشکمدا نەخشـی گرتبوو، ئەوە بوو کە تەنها ژنان بوون، بەسەرهاتی وردی جەنگیان دەگێڕایەوە، دەیان گێڕایەوە و دەگریان، دەیان گێڕایەوە و گۆرانیشـیان دەوت. درووسـت وەک ژنانی ئێمە لە دوای کۆژانەکانی هەڵەبجە و ئەنفالەوە تا ئێستاش.

لەم باریەوە (پۆڵ ڕیکۆر)، فەیلەسـووفی فەرەنسـی (١٩١٣-٢٠٠٥) لە بارەی وتاڕێکی (سـیگمۆند فرۆید)ەوە نووسـیویەتی، بەو ئەنجـامە دەگـات کە ((گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی کارەسـات، وەکوو شـینگێڕی لەمەڕ کارەسـات، چەشـنێک قەبوولکردنی بابەتی لە دەسـتچووە. ڕێکۆر جیا لەم ڕەهەندە دوو ڕەهەندی تر بۆ بیرەوەری پێناسـە دەکـات: (ڕەهەنـدی کردەوەیی) و (ڕەهەنـدی ئەخلاقی-سـیاسـی)، کە بەتایبەت لە ڕەهەندی ئەخلاقی-سـیاسـیدا، بیرەوەری وەکوو کردەوەیەکی سـیاسـی بۆ زیادکردنی عەدالەت و پاراستنی مافی قوربانییەکان خۆیی وێنا دەکات. بیرەوەری وەکوو کردەوە، هەوڵی پارسـتن و

وێنەکێشانی ئەو ڕەنجەیە، کە مێژوو باڵی بەسەردا کێشاوە و لە ژێر مێژووی فەرمی دەســـــەڵاتدا بزر بووە((، لێرەدا زیادکردنی عەدالەت، دڕووســـــت ئەو هەوڵە قارەمانییە کە کەســـــی گێڕەرەوە دەیدات، لە پێناو بزرنەبوونی ئەو ئازار و کەسەرانە، تا جارێکی تر مرۆڤ تووشی نەبێتەوە.

لەم ڕووەوە و لە دەقی والای گۆڕســـــتانی چراکاندا، شـــــاعیر گێڕانەوە مرۆڤینی و وردەکان لە زاری ژنانەوە دەگـێـڕێـتـەوە، کە کـاریـگـەرتـر و جـێـکـەوتـدارتـرن و پڕپرسیارترن و دەڵێت:

ئۆهـ پیاوەکەم!
ئەبێ ئیســـــتە لە ئامێزی کام ئاگر و زیگاری کام مەینەتی بی؟
ئەبێ ئیستە تۆ لە کوێ بی! ؟
منااڵ لە کوێ و بێشکە لە کوێ و مریشکەکان و جووجەڵە و گۆرانییەکانی زیرەک و پێکەنینی دار و بار و دۆشەکە و دەرگای تەنەکە لە کوێ بن! ؟
ئۆهـ کۆرپەکەم
لەو ڕۆژەدا، لەو کۆستەدا، دایکم بووبوو بە باهۆزێ

زەرد و شێت و لە تاوانا بە بێشکەوە 'لاس'ی فڕان.
'-بۆ کوێ دایە؟ بۆ کوێی ئەبەی؟
بۆ دەر و دەشـــت. بۆ ئەشـــکەوتێ. بۆ بن بەردێ. بۆ لای خودا.

لە پارچە شـــیعرێکی تردا، ئەم فۆرمە لە گێڕانەوەی ورد دەبینین و لەهەمان دەقی والّادا، شـــێرکۆ بێکەس لە زاری ژنانی ئەنفالەوە، کە شـــاعیر بە دیققەتەوە بەدیار گفتوگۆ و بەســـەرهاتەکانیانەوە دانیشـــتووە و گوێی لێ ڕاگرتوون، تیایدا دەڵێت:

ئەڵێن ژنێکی گەرمەسێر داویەتیە دەشت
بووە بە گڕەی بێ دالّدە و بە تەواوێکی شێت و وێت
ئەڵێن بووە بە زیگاری سەرقەبرانی بالّندەکان
بووە بە زێوانی گردی دار چوالە جوانەمەرگەکان
خەڵکی ئەڵێن هەر کەس بە لایا تێپەڕێت
گوێی لێ ئەبێت، ژنە ئەڵێت:
زۆر جار شتم لێ ون بووە
جارێک مریشکێکی کونج و جارێکی دی دوو جووجەڵە و

له بیرم بێ دوو موستیله و دوو جاریش دوو پەنجا فلسی و جارێکشیان کارژۆلەییک
بە دوایانا من ناو مالّ و مالّە هاوسێ و ئەم ڕێ و بان و دەشتانەیان بۆ گەڕاوم
بەڵام ئیستا من سۆمای چاوم ون بووە
من ڕوانین و من بیستنم لێ ون بووە، دەستەکانیان لێ دزیوم
کوولەکەی ڕۆحیان بردووم و من ژیانم لێ دزراوە
من نازانم ئاخر کوێیان بۆ بگەڕێم! ؟

لە پارچە شیعرێکی تردا و لە دەربەندی پەپوولەدا، شاعیر هێما بۆ ژنێکی زامداری کۆنینەی چوون میژووی شاخ دەکات، وەک قارەمانێکی بەهەڵویست و چاونەترس دەیناسێنێت، کە هەناوی پڕە لە پرسیار و ڕەخنەی سیاسی و دەڵێت:

ژنێ بوو لە میژووی زامداری شاخ ئەچوو.
ئەو، سەری میردەکەی لە سنگیا نیشاندای
ئەو، شیری گریاوی ساواکەی بۆ هێنای
پێی وتی: بۆ هاتووی؟

چی ماوە تا بۆی بێن؟ بێژنگی لاشەمان؟!
یان نانی خوێناوی؟!
چی ماوە بۆ هاتووی؟!
تفەنگتان بۆ خۆتان!
شۆڕشتان بۆ خۆتان!
کوردستان بۆ خۆتان !!

دووەم: ژن وەک قوربانی

ژن وەک قوربانی لە ئەدەبیاتدا و بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی جینۆسایددا، پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، لە ئەدەبی کوردیدا و بەتایبەتی لای شێرکۆ بێکەس شاعیر، لەم دوو دەقەوالّایەدا بەردەوام ژنان قوربانی نێو جەنگ بەگشتی و دوای جەنگ و جینۆساید بەتایبەتین، قوربانیدانەکەشیان فرە تێما و بابەتن، وەک دایک و کچ و هاوسەر هاتوونەتەوە، کە لەخوارەوە بەر باسیان دەدەین:

لە پارچە شیعرێکدا لە دەربەندی پەپوولەدا، شاعیر هێما و ئاماژە بۆ ژنێک دەکات، وەک قوربانییەک کە هەڵگری دڵێکە پڕە لە دووکەڵ و گڕ و کڵپەی دیرۆکدار، بە باریکی دروونیی ماندووەوە، ناخی بووتە جێی هەزارەها

پرسیار و ئەستەمە ببێتەوە بە مرۆڤەکەی پێشووتری پێش تراژیدیا،تیایدا دەڵێت:

سەرەتای نیسان بوو، ژنێکی لادێیی
گوندەکەی بە گڕوکڵپەوە خستبووە ناو دڵی و ڕای ئەکرد
وەکوو دار، وەکوو بەرد، وەکوو ئاو
شـــێت بووبوو: «دووکەڵ، دووکەڵ، دووکەڵ.. ڕەنگە خوا سووتابێ و ئەم هەموو دووکەڵە لەو هەڵسێ!» ڕای ئەکرد وای ئەوت.
ئەی دووکەڵی بەژنی دایکم لە وەختی نزاکردندا!
ئەی دووکەڵی بەژنی مێژووم لە وەختی هەتاو چاندندا !

لە دەقی والای گۆڕستانی چراکانیشدا، شێرکۆ بێکەس لە تراژیدیترین وێنە و دیمەنی سینەمایی پڕ لە وردەکاریدا، هێما بۆ قوربانێتیی ژن وەک و دایک و وەک و کچ دەکات، دەڵێت :

ئەڵقەیەک ژن، ژنە خەزان، بازنەیێک لە عەبدی مێی سەر و قژ بژ
پەڕەسێلکەی ڕەش و سپیی دەم بەنزا
کۆمەڵێ ژنی هەڵوەریو

وەک لق و پۆپی ڕووتاوەی درەختێکی بەر ڕەشەبا
جارێک ســـــەریان بەیەکەوە ئەنووســـــان و لەناکاویش
دەستیان لە یەکتر بەر ئەدا
ئەڵقەیەک ژن
لە ڕەگەزی گەڵاڕێزان، لە توخمی شەوی تەمتوومان
بووبوون بە پەرژین بۆ ژنێ، لە ناوەندا ئەیزریکان
ژنەی ناوەند پاڵکەوتووە و لەسەر پشتە و نیوەی لەشی لە
باوەشی چەند ژنێکا و
نیوەکەی تری بەڕەڵڵا
وەختێ ئــازار گرژ ئەبۆوە، بە پڕاوپڕی بەنگەڵە و بە
پڕاوپڕی زەمان و ئەم دنیایە ئەیقریشکان
تەوژمی ژان و جۆگە خۆین لە ناوگەڵا
لەگەڵ تیشکی گڵۆپێکی زەردا و لەگەڵ نزا و لەگەڵ ویرددا
تێکەڵ بە یەکتری ئەبوون
لەبەر چاوی پیسی قەمە و بەر تەماشای چەند نێزەدا
جۆگەلەی خوێن لەژێرەوە دزەی کرد و چووە دەرێ و
ئەڵقەی بەزان
ئەوســـــا ئیتر نزا و ویرد و قیژەی ژنە و هەوای ژووری
کۆنکریت و سەروملی مشایخ و

ئەسحابەکان

به پرژە پرژی ئەو خوێنە هەر هەموویان سووور هەڵگەڕان .

لە پاییزا نیوەشەوێ، بەدەر لە ویژدانی دنیا

لە بەنگەڵەی فەنابووندا، کچێکی بوو بە قەد پەپوولەیەک نەژیا

ئەمە ڕاگرتن و هەڵوێستەلەسەرکردنی ئەو مێژووە پڕ لە قوربانییەی گەلی کوردە، لە تراژیدیای ئەنفالدا، کە ئەدەبیات ئەو هێزەی هەیە ڕایگرێت، وەک بەختیار عەلی دەڵێت: ((ئەو ساتەی بەدوای مێژووی قوربانیان و هاواریاندا دەگەڕێین، ساتێکی گرنگە. ساتێکە مێژوو لەدەست بای گۆڕانی خێرا و بێباکانە دەردەهێنین و وادەکەین قوربانیانی ڕابوردوو فەرامۆش نەکەین و پەیامیان لەبیر نەبەینەوە، لەوساتەدا مێژوو لەڕەهەندی بێباکی و ڕابوردووش لەچنگی دۆگما و حیکایەتی مێژوونوسە سەردەستەکان دەردەهێنین... بەمانایەکی تر بۆئەوەی کۆنەپەرست نەبین، دەبێت شتێک لەمێژووە نەنوسراوەکەی مێژوو بنوسینەوە، لەخاشاک و داروپەردوەکەیدا ئیش بکەین، لەژێرەوە ئەوە دەربهێنین

که خنکاوه و ئەوە ببیســـتین کە هەرگیز لەوێدا نەوتراوە. ڕابوردوو تەنیـا کۆمەڵێـک فۆرم و نـۆرمـی نەگۆڕی کولتووریی و ئەخلاقی نییە کە دەبێت بیشـــکێنین، بەڵکو چیرۆکی هەزاران قوربانیشە کە وەک ئێمە لەساتی خۆیاندا خنکـاوی هەمـان کولتوورو ســـیســـتەم بوون... لێرەوە هەمیشـــە لەنێوان قوربانیانی ڕابوردوو و ئەمڕۆدا پردێکی نەپسـاو و یەک ئاراستە و گەورە هەیە، کە وامان لێدەکات بیر لەشـــکاندنی دوولایەنەی ڕابوردوو-داهاتوو بکەینەوە. هاواڕە زیندووەکانی ئەمڕۆ دەشـێت خۆیان وەک سـەدای هـاواری ڕابوردوو ببینن... کە چیتر لـە نێوان قوربـانیی دوێنێ و ئەمڕۆدا دیوارێک ناهێڵنەوە)) .

لە دەقی والاّی دەربەندی پەپوولەشـدا، شـێرکۆ بێکەس بە هێمـاکردن بۆ دایـک وەک نوێنەری خـاکی قوربـانی و پڕ ئازار و پڕ گریانی هەمیشـــەیی و وەک پایزێکی زەرد و هەڵوەریو، کە خەمی قوربانیی نیشـــتمانی دایک و دایکی نیشـــتمـان لە هیچ خەم و لە هیچ پـایزێکی تر نـاچێت و دەڵێت :

ئەم پایزە لە پایزی دایکت ناچێ

لێرە هەر دار بەسەر داردا بە خوڕ ئەگری
لێرە هەر بەرد بەسەر بەردا بەخوڕ ئەگری
بەڵام لە پایزی دایکتا ئیستە لەوێ
دار و بەرد و ئاو و خەڵکیش
هەر هەموویان بە یەکەوە
بەسەر خاکدا بەخوڕ ئەگرین.

جێی ئاماژەشـــــە، لێردا ژن وەک دایک، کە هێمای خاک و نیشـــــتمـــانە، نیشـــــتمـــانیش وەک دایـــک (یەکێکە لەو ســـەرچەشـــنانەی لە لایەن دەروونناســـی ســـویســـرییەوە، (کارڵ گوستاڤ یونگ)، ناسێندراوە و پەیوەندی بە بەشـی نـــاهۆشـــــیـــاریی زەینەوە هەیە. ئەو نموونە ئەزەلییەیە، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و هەندێک جاریش نەرێنیشـــــی هەیە. لە فەرهەنگی ئاریاییدا، دایک وەک نیشـــتمان واتایەکی زۆر بەربڵاوی هەیە و لەو نموونە یەکەمینـــانەیە، کە بە پێی هەلومەرجی جوگرافی، مێژوویی و فەرهەنگی لە هەستەوە بۆ نەســـت گوازراوەتەوە، تا پێش بە لەناوچوونی بگیرێت. لە فەرهەنگی ژنســـــالارانەی کوردەواریدا بوونی خواژنی جۆراوجۆری وەک ناهید و ئاناهیتا دەبینرێت، شـــــێرکۆ

بێکەسیش وەک شاعیرێکی کورد لەم باسانەدا، کاریگەریی فەرهەنگی ئاریایی بەسەرەوەیە) .

لە شـــیعرێکی تردا و لەبـارەی فۆرمێکی نوێ لە قوربانی، کە هەر مەگەر ئەدەبیات درک بە وەها قوربانییەک بکات، شـــێرکۆ بێکەس ژن وەک قوربانییەکی بێشـــوێن ڕوونتر بڵێن کەمیی و تەسکبوونەوە و هاتنەوەیەکی شوێن چێ دەکات و دەڵێت:

لە خوار کفری ژنێک هەیە
لە چاوانیا و لە بینینیا
سێ ڕەهەندی تیا نەماوە
نە ڕۆژهەڵات نە خۆرئاوا و نە لای باکوور
لەوساکەوە چاوەڕوانە
هەموو ڕۆژێ دێتە دەرێ و
لەبەر دەرگا دائەنیشێ و
چاو ئەبڕێتە
ئاسۆی دووری
تەنها ڕەهەند
دەشتی باشوور.

شێرکۆ بێکەس لێرەدا لە ڕێی ژنێکی خەڵکی کفرییەوە، فۆرمێکی تازەی قوربانی کە ئاماژەی پێدرا، دەهێنێتەوە، کە قوربانیدانە بە شـــوێن، لێرەدا ئومێدی تەنها شـــوێنێکە، ڕەهەندەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور لە چاوانیدا و لە بینینیـدا، کوێر بوونەتەوە. لێرەدا شـــێرکۆ بێکەس قوربـانی و خەمی چـاوەڕوانی و چـاوڕوانی هەمیشـــەیی ژنانمان ئەنفالمان لە ڕێی ئەدەبییاتەوە بۆ دەگێڕێتەوە، ئەم جۆرە وێناکردن و مۆمیاکردنەی کارەسـات، بەم وردیی و تەفرنجەییەوە، مەگەر تەنها شێرکۆ دەرەقەتی بێت، هێندەی ئێمە ئاگاداری بین لە هیچ ئەدەبیاتێکی تردا بەم چەشـــنە باندەستی نییە .

لە دەقی والاّی دەربەندی پەپوولەشدا، شاعیر هێما بۆ ئەو قیژە و هاتوهاوارە هەمیشـــەییەی ژنان و بەتایبەتی دایکان کە لە تراژیدیاکاندا دەبێتە بەشـــیان، لە ڕێگەی هێمای پەڕەســـێلکەوە کە هێمای دایک و شـــوێنە، لەگەڵ ڕەنگی ڕەش و ســـپی ئـاوێزانی ڕەنگی پەڕەســـێلکە و ڕەنگی بێڕەنگی دنیایان دەکات و دەڵێت :

ئەوە.. پەڕەسێلکەیە وا ئەفڕێ؟

یاخود قیژەی ڕەش و سپیی دایکم؟!
"ئەمەیش قســـــەی منداڵێکی هەڵەبجەیە بە نیو دەقیقە پێش ئەوەی کەڕ و کوێر بێ"
یەکێکی تر لەو چەشنە قوربانیانەی کە بەســەر ژناندا دێت لەپاش جەنگ و جینۆســـایدەکان، تەنیایی، تەنیایی پاش لە دەستدانی مێرد و منااڵ و باوک و دایک و خوشک و برا و کەس و کار، شـــێرکۆ بێکەس بە نواندنەوە و مەزراندنی ئەم فۆرمەی قوربانی لە وێنەگەلێکی هێمایی پڕ شیعرییتدا، ئەمە بەرباس دەدات و دەڵێت:

من 'زیگار'ی ناو ڕەنگێکم
ژانی تیا ئەزرنگێتەوە
بە دیار چییەوە کرووشکەم کردوو؟
دەوەنی سووتاوم و لە خۆم ئەپرسم و بێدەنگی وەاڵمێکی خنکاوم ئەداتەوە
لەوسەری تەنیاییەوە ژنێک دیارە! ژنە یاخود کۆلکە دارە؟
ژنێک دیارە
لەوسەرەوە لەوسەری تەنیاییەوە
تاقە درەختێکی تەنیا دیارە ڕووت ڕووت

ئەوە ژنە؟ یان درەختی لێو بە بارە؟

نا... درەختە

درەختێ لە تینوویەتی

درەختێ لە نەزۆکی

نە ژنە

ژنێک لە هۆزی تەم و مژ

ژنێک لە مۆمی کوژاوە

ژنێک لە ئێسکی تاریکی

بە دیار چییەوە تروشکەم کردووە؟

دەبینین لە دەقەوالاکانی (گۆڕستانی چراکان) و (دەربەندی پەپوولە)دا، ژن و هێماکانی بە فۆرمگەلێکی جیاواز و جۆراوجۆر جارێک وەک قارەمان و جارێکیش وەک قوربانی هاتوونەتەوە، کە دیارترین و گرنگترین جۆری هەریەک لەو دوو تێمایە بە نموونەی شیعرییەوە بەرباس دران.

ئەنجام:

١ -ئەدەبیاتی جینۆساید، جۆرێکی بەربلاوی ئەدەبە، تێیدا بە ژانرەکانی شیعر و ڕۆمان و چیرۆک بەتایبەتی،

بیرەوەری و چیرۆکی ڕاستی و هەندێجار تێکەڵ بە خەیاڵ و هەستی دەقنووس لە پاش جینۆساید دەگێڕدرێتەوە. کوردیش وەک گەلێکی جینۆساید-بەسەرداهاتوو، لەم ڕووەوە خودان ئەدەبی تایبەت بە خۆیەتی.

٢-شێرکۆ بێکەس لەو نێوەندەدا یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بایەخ و گرنگییەکی فراوانی بە ئەدەبی جینۆساید و ئەدەبی کارەساتە یەک لە دوای یەکەکانی گەلی کورد، داوە، یەکێکە لەو شاعیرانەی لە سەرووی هەرەمی ئەم جۆرەی ئەدەبیاتدا، دەبینرێت، بەتایبەتی کە هەردوو دەقی والاّی (گۆڕستانی چراکان) تایبەت بە ئەنفال و (دەربەندی پەپوولە)ی تایبەت بۆ هەڵەبجە، نووسیوە.

٣-ژن و دۆزە جیاوازەکانی ژن ئامادەییەکی گەورەیان هەیە لە جیهانبینیی شێرکۆ بێکەسی شاعیردا،بەردەوام ژن لای لێ کراوەتەوە و پاڵپشتێکی گەورەی جوانی و بەها و وزە گەورەکانیان بووە، بەگژ هەر کولتوور و گۆمەڵگە و ئایدۆلۆژییەکیشدا چووە، کە ژنی بە کەم تەماشا کردووە و چەوساندوویەتییەوە.

٤ -لەو دەقە والاّیەدا (گۆڕســـتانی چراکان و دەربەندی پەپوولە)، ژن وەک دوو هێمای ســـەرەکی دەبینرێت. لە یەکەمیـانـدا، وەک قـارەمـان لە هێمـا ســـەرەکییەکـانی جەربەزەیی و ڕەتکەرەوە و پـاکێتی و ڕزگـارکەر و ڕزگـاربوو و بەرگەگری ئـازارەکـان و گێڕەرەوەی وردی حیکایەتەکانی پاش جەنگ و جینۆســـاید و وزەپێدەری پیاوان، دەبینرێت .

٥ -لە دووەم تێما و بابەتیشدا، ژنان وەک قوربانیی جەنگ و جینۆســـاید دەبینرێن، لە هێماکانی وەک لەدەســـتدانی کەســـە نزیکەکـان و تەنیـاکەوتن و جەرگســـووتـان و ماندوێتیی بەردەوام و بەرپرسیارێتیی یەکەمی پەروەردەی منداڵ و تانە و تەشەرلێدراو و بەشی هەمیشەیی لە گریان و ئـازار و قیژە و زریکە و خەمی نەبڕاوە، لە فۆرمە جیاوازەکانی وەک ژن و دایک و کچدا .

سەرچاوەکان:

یەکەم: بە کوردی

١-کتێب :

١-دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی سێیەم (١٩٧١-١٩٩٣)،کوردستان، ٢٠٠٦ .

٢-دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی شەشەم (٢٠٠٤-٢٠٠٦)،کوردستان، ٢٠٠٦ .

٣-سۆتلانا ئەلیکسیڤیچ، جەنگ هیچ ڕووخساریکی ژنانەی نییە، وەرگێڕانی: هیوا قادر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٨.

٤-عەلادین سەجادی، نرخشناسی، سنندج، انتشارات کردستان، ١٣٩٦.

٥-مەهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم- میژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان (٢٠١٨-١٩١٨) -تۆیژینەوەی میژوویی، لە چاپکراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٨.

ب-نامەی ئەکادیمی

٦-ڤان بەختیار ڕەئوف، قسەکەری ژن و پیاو لە شیعری ڕەگەزی بەرامبەردا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

٧-هەژار فەقێ سلێمان حسێن، هێماگەری لە دەقەوالاکانی شێرکۆ بێکەسدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

پ-گۆڤار:

٨-جۆرج باتای، قوربانیکردن، جەژن، بنەماکانی جیهانی موقەددەس، وەرگێڕانی: هاوار محەمەد، گۆڤاری فاکت، دەزگای ئایدیا، ژمارە ٢ی نیسانی ٢٠١٩.

٩-کاوان محەمەدپوور، ئایا دەکرێت لەدوای کارەسات، شیعر بهۆنینەوە؟، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ، ژمارە (٦٥)، ٢٠٢١.

١٠-گفتوگۆ لەگەڵ بەختیار عەلیدا، دیداری: سەیوان عومەر، لە ئەنفالدا کولتووری جەلاد و کولتووری قوربانی یەکتری تەواو دەکەن، گۆڤاری کوردستان دیپلۆماتیک، ژمارە(١٤-١٥)ی نیسانی ٢٠١٦.

دووەم: بە زمانی عەرەبی:

١١-ابن منظور الافريقى، لســـان العرب، المجلد الخامس، بيروت، دار الصادر، ١٩٩٧.

١٢-د.جميل صـــليبا، المعجم الفلســـفي (بالافاظ العربية والفرنســـية والنكليزية واللاتينية)، الجزء الاول، بيروت، دار الكتاب البنانى، ١٩٨٢.

١٣-تزيفتان تودوروف، نظريات فى الرمز، ترجمة: محمد الزكراوى، الطبعة الاولى، بيروت، المنظمة العربية للترجمة، ٢٠١٢.

سێیەم: بە زمانی فارسی:

١٤-على اكبر دهخدا، لغتنامه دهخدا، حرف (ر)، تهران، ســـازمان مديريت برنامەريزى كشور، ١٣٤٢.

١٥-ساغر سليمانينژاد مهرابادى و رشيد شكرى، جايگاه كهنالگوى اصـل مادينه در اشـعار شـيركو بيكس، پژوهشـنامه ادبيات كردى- دانشگاه كردستان- سنندج، سال ٦، شماره (٢)، پياپى ١٠، ١٣٩٩.

چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی:

16-J.A .Cuddon, Dictionary of literary terms and literary theory, fourth edition, penguin books, USA, 1999.

17-Henri Peyre, What is symbolism, Alabama, The University of Alabama Press, 1980.

پێنجەم: ئینتەرنێت

١٨-بەختیار عەلی، ئەنگلۆس نۆڤۆس، ئایا میژووومان پێویستە؟

http://bachtyar-ali.blogspot.com/2011/04/blog-post_10.html.

١٩-دارا مەحموود، چۆن مرۆڤ دەبێت بە قارەمان؟

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=72127&authorid=354

٢٠-دڵپاک ئیسماعیل، بڕیاری ١٣٢٥ ژن وەک قوربانیی جەنگ

https://hawlati.co/page_detail?smart-id=16447.

٢١-کاوان محەمەدپوور، میژووی قوربانیی کارەسات

https://dengekan.info/archives/11016.

22- https://en.wikipedia.org/wiki/Hero.

الملخص:

الحروب وعمليات الإبادة الجماعية التي مرت على الإنسان والإنسانية على مر التاريخ، كانت السبب في تعرض النساء والأطفال إلى الإضطهاد والعنف الجسدي والنفسي شأنهم شأن الرجال، كما هناك نساء وأطفال كان لهم دور بارز في الثورات وتحرير شعوبهم. يعمل الأدب والفن وبصورة دائمة على تحنيط وتخليد مآسي وبطولات وتضحيات الإنسان في الحروب وعمليات الإبادة الجماعية.

يعد الشاعر (شيركو بيكس) أحد الشعراء البارزين في وسط الأدب الكوردي المعاصر، وعلى الرغم من بروزه كشاعر للجمال والحب ومن مؤيدي قضية المرأة والدفاع عنها، إلا أنه لم يهمل بطولات وتضحيات مجتمعه بصورة عامة وآلام ومآسي ضحايا الأنفال وحلبجة بصورة خاصة، وتعد من المواضيع المهمة التي لها حضور دائم في شعره

الدراسة الموسومة بـ(المرأة كرمز للبطولة والتضحية في تراجيديا الأنفال وحلبجة) النصين المتنوعين (مقبرة القناديل ومضيق الفراشات) لشيركو بيكس انموذجا، تعمل على دراسة أنماط رمز البطولة والمضحي في الوسط النسائي في تراجيديا الأنفال وحلبجة، في النصين المذكورين آنفا، والموضوع الرئيسي الأول في هذه الدراسة الأنفال، والثاني حلبجة .

اعتمدت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي.

تتألف الدراسة من فصلين وكالآتي: الفصل الأول: فصل نظري، وفيه عرض للمفـاهيم الأكثر بروزا، كمفهوم المرأة، والرمز، والبطولـة، والفداء. وتعريف للنصي الشاعر (مقبرة القناديل ومضيق الفراشات). الفصـل الثاني: وقد قسـم على محورين، كل محور يبحث في عرض واسـتخدام أنواع الرمز، المرأة كبطلة من جهة، وكمضـحية من جهة أخرى، في كلا النصين المتنوعين. ثم عرض لأهم النتائج التي توصلت إليها الدراسـة، ومن ثم قائمة المصـادر والمراجع التي اعتمدها الدراسـة. الكلمات المفتاحية: الشـعر، شـيركو بيكس، المرأة، البطولة، التضحية.

Abstract:

Throughout history, in every war or genocide humans passed through, along with men, women and children have also suffered death, persecution and oppression, both physically and psychologically, as they have also been named heroes and saviors. Literature and art, as two preserving fields, have recorded and fabricated human suffering and heroism in those calamities.

As a prominent modern Kurdish poet, Sherko Bekas, despite being acknowledged as the poet of beauty and love and supporter of women case, has never forgotten about the story of their heroism, sacrifice or suffering in the society in general, and especially in the disasters such as the genocidal crimes of Anfal and Halabja, which are two of the major themes of his poetry. The research is entitled 'A Woman as the Symbol of Heroism and Sacrifice in the Tragedies of Anfal and Halabja; "The Cemetery of The Lamps" and "Butterfly Valley" by Sherko Bekas as Examples.' It tackles the representation of the various symbols of women's heroism and sacrifice in the tragedies of Anfal and Halabja in both of the above-mentioned texts; where the first one is covering the theme of Anfal and the second that of Halabja.

The research is based on the descriptive-analytic method.

The research is divided into two chapters: Chapter one, the theoretical part, covers the key concepts of the research, such as woman, symbol, hero and victim, along with a short introduction of both of Sherko Bekas's literary oeuvres; "The Cemetery of The Lamps" and "Butterfly Valley". Chapter two is divided into two parts, each dealing with the representation of woman first as a hero and then as a victim in both of the above-mentioned hybrid texts. In the end the conclusions of the research and the references used in writing the writing the research have been presented.

Keywords: poetry, Sherko Bekas, woman, hero, victim.

ستراتیژەکانی گێڕانەوە لە ئەدەبی جینۆسایددا

ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) بەنموونە

پێشەکی:

ئەدەبی گێڕانەوە بەگشتی و لە هەناویشیدا هونەری ڕۆمان و چیرۆک و یاداشـــتنامە بەتایبەتی، کارا و کاریگەرترین ئەو ژانرانەن کە بە تەواوی نزیک دەبنەوە لە پیشـاندان و ناسـاندن و مۆمیاکردنی جینۆســـاید و تراژیدیا و ئازارە گەورەکانی مرۆڤایەتی.

لە تیۆر و تەکنیکی گێڕانەوەدا، هەر جۆرێکی ڕۆمـان و چیرۆک خودان ستراتیژ و تەکنیکی تایبەت و جودای خۆیەتی، ســـتراتیژی نووســـینی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی جیایە لە ڕۆمانی فەلســـەفی، هیی مێژووی جیـایە لە ئەڤینی، ســـتراتیژەکـانی گێڕانەوەی ڕۆمانی پۆلیسی و سەرکێشی لە ڕیالیزمی جادووی و خەیاڵی زانستی جیاوازن.

یەکێـک لەو جـۆرانەی ڕۆمـان لە ئەدەبی دنیـادا، کە ســـتراتیژگەلێکی تـایبەتمەند و لەویترنەچووی هەیە، ڕۆمـانی جینۆسـایدە. لە تایبەتترین ئەو سـتراتیژیانەش لە دنیادا بۆ ئەم جۆرەی ڕۆمان دانراون، ئەمانەن: (فرەگۆشـەنیگایی، شـەپۆلی هۆش، ستراتیژی گێڕانەوەی تێهـــــەڵکـــێش، دەقئاویزان و

ئاماژەدان بە تراژیدیا و تاوان، زمانی وەسفی، وێنەی شیعری و هێما(ڕەمز) و پرسیاری ئاکاریی و وجوودی)ن. ئەم ستراتیژیانەش زیاتر لە دەمی ئەو قوربانیانەوە وەرگیراون، کە جینۆسایدەکانیان گێڕاوەتەوە.((McCarthy,2011: 3)

ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی نووسەر و وەرگێڕ(ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، پانۆرامایەکی وردودرشتی تراژیدیای ئەنفال لە سەرەتای ڕاگواستنەوە تا مەینەتیی کەمپەکان و لەوێشەوە بۆ ژیانی کولەمەرگی نێو قەڵای نوگرەسەلمان و تا لە دەستدان و مردن و زیندەبەچاڵکرن، دەگێڕێتەوە.

پرسیاری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت کە تا چەند ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) ئەو ستراتیژیانەی گێڕانەوەی ڕۆمانی جینۆسایدی تێدا هەن و چۆنیش بەرجەستە کراون؟ سەرباری باسکردنی تایبەتمەندی و پاشخانە زمانی و ئەدەبی هونەرییەکەی نووسەریش .

میتۆدی توێژینەوەکە: وەسفیی شیکاری.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم: لەم بەشەدا ئەدەبی گێڕانەوە و پەیوەندیی لەگەڵ جینۆسایددا بەرباس دراوە .

بەشی دووەم: پراکتیزەی ستراتیژەکانی ڕۆمانی جینۆساید (کە ئاماژەیان پێدرا) لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، دەکرێت.

لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی کە توێژینەوەکە پشتی پێبەستوون و هاوکاتیش پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەربی و ئینگلیزی، دەبینرێن .

کلیلە وشەکان: ئەدەبی جینۆساید، ئەدەبی گێڕانەوە، ستراتیژەکانی ئەدەبی گێڕانەوە، ڕۆمانی کوردی، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.

بەشی یەکەم: ئەدەبی گێڕانەوە و پەیوەندیی لەگەڵ جینۆسایددا

تێۆرناسانی ئەدەب زانستی ئەدەبیان دەسەبەشی دوو جۆر لە ئەدەب کردووە، ئەدەبی شیعریی(شیعر) و ئەدەبی گێڕانەوە(پەخشان). هەر ئەدەبێکی دنیا بگریت ئەو دوو ژانرە سەرەکییەی لە خۆگرتووە، هەرچەندە لە ئێستادا تخووب و سنووری هەردووکیان تێکەڵ بووە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ژانرگەلێک کە بەرهەمی ئاوێزانبوونی شیعر و گێڕانەوەیە.

لە زمانی کوردیدا)) گێڕانەوە، وشەکانی: ڕاز، بەسەرهات، سەرد، حیکایەت، نەقڵ، قەول، سەرگوزەشتەشی بۆ بەکاردێت. هەمووشیان نیشاندەری"narration"ی ئینگلیزی و "ریوایت، حیکایت"ی فارسی و "سەرد"ی عەرەبین. بابەتێکی دێرینی هێندەی مێژووی مرۆڤایەتییە، گێڕانەوە وەک چەمکێکی ڕەخنەیی و ئەدەبی نوێ، وەک کێشەیەکی ئەدەبیی ئاڵۆز کە هەردەم دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەبی، لە ناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە چەند هەنگاو و وەرچەرخان و گۆڕاندا تێپەڕیوە)((محەمەد، ٢٠٢٢: ٥.(

لە دیارترین پێناسەی گێڕانەوەشدا هاتووە ((گێڕانەوەی ڕووداوێک، یان زیاتر لە ڕووداوێک، کە لە ڕووداوێکی ڕاستییەوە هاتبن، یان دروستکراوی ئەندێشە بن))(وهبه، ١٩٧٤: ٣٤١). گێڕانەوە لای بنیاتگەرە نوێیەکانی وەک (تۆدۆرۆف و جینێت و ڕیکاردۆ)ش، بریتییە (لە ڕێگەی چۆنیەتی خستنەڕووی، یان زنجیرەیەکی بە دوای یەکداهاتووی ڕووداوە ڕاستی و خەیاڵییەکانە، لە ڕێگەی گێڕەرەوەیەکەوە یان یان زیاتر، تاکوو ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و باسیان بکات. گێڕەرەوەش هەندێک جار بەشدارە لە دەقەکەدا و هەندێک جاریش لە دەرەوەی دەقەکەوەیە، بەڵام پرۆسەی خستنەڕووی

حیکایەتەکە بەرەو ئامانجێکی ئاراستەکراو بە هۆی پێکەوەخستنەگەڕی کۆمەڵێک لایەنەوە ئەنجام دەدرێت)(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ٣).

بەگشتییش توخمەکانی گێڕانەوەش بریتین لە (زمان و ڕووداو (پلۆت) و کات و شوێن و وەسف و دایەلۆگ و شەپۆلی هۆش و ...هتد)(موفتی، ٢٠١٢: ٢٧٢ و ٢٧٣).

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئەدەبی گێڕانەوە و جینۆسایدیش پەیوەندییەکی قوڵ و فرەلایەنەیان پێکەوە هەیە. ئاشکرایە ئەدەب ڕۆڵێکی چارەنووسساز و گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتن و وێنەدانەوە و پاراستنی یادەوەری و تێگەیشتن لە کۆمەڵکوژییەکان. ئەدیبان و شاعیران لە ڕێگەی گێڕانەوە و بیرەوەری و شیعرەوە دەتوانن هەست و سۆز و دەروونی قوربانیان و ڕزگاربوان و نەوەکانیشیان پیشان بدەن و مەترسیی دووبارەنەبوونەوەی جینۆسایدیش کەم بکەنەوە .

ئەدەب (لە ڕێگەی زمانەوە ڕووداوەکان دروست دەکاتەوە و تراژیدیاش کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکان بەرجەستە دەکات و هەوڵی دروستکردنی کاریگەری دەدات. کە کارەسات ڕوو دەدات زمان ناتوانێت ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێ بکات. لە کاتی کارەساتدا زمان توانای گوزارشتی نییە، بەڵکوو تەنیا

دەتوانێت هاوار بکات، بپارێتەوە و بگری. لەو چرکەساتەدا زمان کاری خۆی ناکات، بۆیە شاعیر یان ئەدیب و هونەرمەند دوای کارەساتەکان لە کاری ئەدەبی و هونەریدا دەتوانن گوزارشت لە کارەساتەکە بکەن. زمان لە کاتی کارەساتدا تەنها دەتوانێت ببێتە کەناڵی کۆکردنەوەی گرتە و ڕووداو و ساتەکانی، کارەسات هیچ ناڵێت، ئەگەر بتوانێت بە تەنها ئەرشیفیان دەکات. تا دواتر لە کاری هونەری و ئەدەبی و هەر کاری تردا داهێنانی تیا بکات و بە شێوەیەکی کاریگەر بەرجەستێیان بکاتەوە)(عومەر، ٢٠١٩: ٢١١).

تێکستە ئەدەبییەکان دەکارن ڕەخنە لەو هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییانە بگرن، کە بوونە و یان دەبنە هۆی جینۆساید و تراژیدیا و ئازاری مرۆڤایەتی، هاوکاتیش بەشدارە لە تێگەیشتنێکی قوواڵتر لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی جینۆساید .

بە گشتی ئەدەب بەستێنێک چێ دەکات بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە ئازارەکانی جینۆساید، هاوکار و دڵخۆشیهێنیشە بۆ دڵنیابوون لەوەی دەنگی ڕزگاربوان و کەسوکاری قوربانیان لەناوناچێت.

بەشـــی دووەم: ســـتراتیژەکانی گێڕانەوە لە (ڕۆمانی بەهاری ڕەش)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا

یەکەم: فرەگۆشەنیگایی

گۆشـــەنیگا گێڕەرەوە و چیرۆکخوانە، دوو جۆر گێڕانەوە هەیە، بابەتی و خودی، (گێڕانەوەی بابەتی یا دەرەکی هەندێجار ڕاســتەوخۆ یان داســتانیشــی پێدەوترێت، چونکە داســتان بە زۆری گێڕەرەوە تــا کۆتــایی گێڕاویەتییەوە. کۆنترین و ناودارترین جۆری گێڕانەوەیە، زۆربەی زۆری چیرۆکنووسان، ئەم شــێوازەیان بەکارهێناوە لە جیاتی کاراکتەر گێڕەرەوەیەک لە نــاوەوەی دەقەکە ڕووداوەکــان بە هۆی جێنــاوی کەســـی ســێیەمەوە دەگەڕێتەوە، زاراوی هەمووشــتزان بۆ گێڕەرەوەی بــابەتی دانراوە) (موفتی، ٢٠١٢: ١٦). گێڕانەوەی خودیش، خودی گێڕەرەوە لە ڕێگەی جێنــاوی (من)ەوە حیکــایەتەکە دەگێڕێتەوە و لەناو ڕووداو و کارەکتەرەکاندایە.

ڕەخنەگری ئەدەبیی ئەمریکی (واین بووس): ((وای دادەنێت گۆشـــەنیگا فیلێکی هونەرییە، یــان ئــامرازێکە بۆ بەدیهێنــانی ئامانجەکانی نووســەر، دەشــکرێت ڕێگەیەک بێت بۆ کارکردنە سەر خوێنەر)) (حبیلة، ٢٠١١: ٥٩).

لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە گێڕەرەوە و گۆشەنیگاکەی گێڕەرەوەیەکی بابەتییە و هەمووشتزانە و کەسی سێیەمی تاکە، دواتر دەبێتە کەسی دووەمی تاک و جێناوی (تۆ) بەکار دەهێنێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕۆمانەکە ستراتیژی فرەگۆشەنیگایی و فرەڕوانگەیی و فرەدیدگایی تێدا بەکار هاتووە. وەک لێرەدا و لەسەرەتادا دەڵێت: ((ئاوای گوت و لێت مۆڕ بووەوە، تۆش بە بزەیەک مەگەر هەر خۆت بزانیت چی گەیاند وەڵامی خێسەکەیت دایەوە... لەم کاتەدا گوێت لە گریانی چەند منداڵێک بوو...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١٠) .

ناوبەناویش لە سەرەتای هەر بەشێکدا گێڕانەوە دەداتە دەست کارەکتەرەکانی وەک (سابیری حاجی جومعە و حەمەغەریب و گەرمیان و هاپۆ و لفتە و کارەکتەرگەلێکی بێناو). وەک لە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی سابیردا هاتووە: ((دەنگێک دێتە گوێم، بانگی من دەکات، لە ناو هەزارەها دەنگدا جیای دەکەمەوە... دەنگی چنارە... لە پێشەوەش دەنگێکی تر بانگم دەکا... ئەمەش دەنگی دایکمە... بگەڕێمەوە بۆ قەڵاکە، پاش ماوەیەکی کە منیش دەچمەوە لای چنار... یا... نە جارێکی کە ناگەڕێمەوە ئەو قەڵایە...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١١٢).

دووەم: شەپۆلی هۆش

شـــەپۆلی هۆش (Stream of consciousness) بۆ یەکەمین جـار وەکو زاراوە لە بـواری دەروونناســـیـدا بەکارهێناوە،))ســـەرەتای بەکاربردن و فەراهەمکردنی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، کاتێک زانای دەروونناسـیی ئەمریکی) ولیەم جەیمس (W. James)١٨٤٢-١٩١٠) بۆ گوزارشـتکردن لە لێشـاوی بەردەوامی بیر و هەســـتەکان لە ناوەوەی زەینی مرۆڤدا بەکاری هێنا)((زيتوني، ٢٠٠٢: ٦٦).

شـــەپۆلی هۆش وەکو میتۆدێکی گێڕانەوە کۆمەڵێک ئامراز و تەکنیکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ڕۆمانووس دەتوانێت لە ڕوانگەیـانەوە بـابەت و نـاوەرۆکی دەقەکەی پێشـــکەش بە خوێنەرانی بکـات، ((ئەو تەکنیکـانەش دیـارترینیـان بریتین لە: (مۆنۆلۆگ) و (خۆدواندن) و (فلاشـــباک) و (پێشـــخســـتن). شـــانبەشـــانی ئەم تەکنیکانە کۆمەڵێک کەرەســـتە و ئامرازی هونەری دیکە هەن کە لە میتۆدی (شەپۆلی هۆش)دا سوودیان لێ دەبینرێت، کە چەنـد ڕەخنەگرێک بە تەکنیکە لاوەکییەکـان نـاویـان دەبەن، وەکو: مۆنتـاژی شـــوێنی و مۆنتـاژی کاتی))(مەجید، ٢٠٢١، ٤٠).

لێشاوی بەردەوامی بیر و هەست و دەروون لەم ڕۆمانەدا زۆر بەرچاوە، وەک گێڕەرەوە لە زاری (ســـابیری حاجی جومعە)ی کارەکتەری ســـەرەکییەوە، دەڵێت((چاوی بڕیوەتە ڕیشـــە ســـپییەکەی، چاوی لێ ناتروکێنێ... بەرە بەرە دەبێتە گـڵـۆڵـەیە چەرمـوو، گـڵـۆڵـەکە گەورەتـر دەبـێـت، لەنـاو ئەو گوڵۆڵەیەوە گەلێ شـــوێن و جێگای دێتە بەرچاو... ماڵتان لە دێی (زنانە)یە... دەشتە پەتیەکەی خۆرهەڵاتی ئاوە سپی تا چاو هەتەر دەکات سپی چووەتەوە، لە گەرمیان بەفر باریوە، شتێکی دەگمەن و ســـەیر بوو، تۆ هەرزەکـاری لەگەڵ چەنـد کوڕ و کاڵێکدا بە تانجی ڕاوەکەرووێشک دەکەن، دیمەنەکەی بەرچاوت، زۆر نـامێنێ، لێـڵ دەبێ، خەریکە شـــتەکـان تێکەڵ و پێکەڵ دەبینی...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٣٨).

لە نموونەیەکی تردا، گێڕەرەوە شـــەپۆلی هۆش لە دەمی منـدااڵێکەوە، کە کراوەتە ژێر خۆڵەوە و ســـەگەکـانی قەڵاکە دەریان هێناوەتەوە، دروست دەکات: ((گەماڵەکان بە ئاسـانی دەریان کردم، زۆر ئازاریان دام... لەو ڕۆژە بە دوای باوکمدا ئەگەڕێم... دۆزیمەوە... بـاوکم وەکوو جـاران گەمەم لەگەڵـدا نـاکات... مۆن بووە... ئەڵێ لە خەفەتی دایکت کەســـم لە بیر نەماوە... وام پێ ئەڵێ... ئەو ڕۆژە کە وامان بەســـەر هات، من و شـــلێر لە پایین ئاواییەوە بۆ خۆمان وازیمان ئەکرد... لای

بەرخۆڵەکان بووین، من بە پووش و پەڕۆ بووکێکم کردبوو، ئەو کاتە عەسکەرەکان هاتن لێم بەجێ ما...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١٠٢).

سێیەم: ستراتیژی گێڕانەوەی تێهەڵکێش

یەکێکە لە ستراتیژە گێڕانەوەییەکان، کە مێژووەکەی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، ئەمەش (تێکەڵکردنی چەند ڕووداوێکی جیاوازە لە هەمان دەقدا، کە ڕەچاوی بە دوایەکداهاتنی کاتی ڕووداوەکان ناکات واتە تێهەڵکێشکردنی چیرۆکگەلێکی لاوەکییە لە چیرۆکە سەرەکییەکەدا، پێویستە چیرۆکە لاوەکییەکان قەبارەیان لە چیرۆکە سەرەکییەکە بچووکتر بێت. پێویستە ئەو چیرۆکانە لە ڕووی تێمەوە یەک واتا بگەیەنن، مەبەستی چیرۆکە لاوەکییەکان بۆ زیاتر دەرخستن یان ڕوونکردنەوەی چیرۆکە سەرەکییەکەیە. ئەمەش بۆ پتر سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە بۆ لای ڕووداوی چیرۆکەکە، ڕوونکردنەوەی چیرۆکە سەرەکییەکەیە لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە))(عەلی، ٢٠١٥: ٥٨).

ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) بەهەمان ستراتیژ کاری کردووە، گەلێک وردەچیرۆک لەخۆ دەگرێت، کە وا لە خوێنەر دەکات داوی ئەو چیرۆکانە بکەوێت، وەک چیرۆکەکانی سابیری

حاجی جومعه و حەمەغەریب و گەرمیان و هاپۆ و لفتەدا دەبینرێن، نموونەش بۆ ئەمە وەک لە چیرۆکی تایبەتیی گەرمیانی کارەکتەردا هاتووە: ((ئەو بەیانییە دەبووایە لەگەڵ دایکمدا بچووبایەین بۆ سەر ڕۆخانە و زەڵمان بهێنایە... بووە تەقە، تۆپێک کەوتە مااڵی میمکە ڕەعناوە، مام خدر ئێژی کەسیان دەرنەچوون، هەر خەڵکی بوو دەڕەمی، ئێمەش بۆی دەرچووین، خۆمان بەرەو دۆڵەڕەش کوتا، نەمانزانی ئەو لاشمان گیرابوو، باوکم دەستی منی گرتبوو، دایکم و نازەی خوشکم لە پێشمانەوە بوون، لە پایین ئاوایی باوکم بەدەما کەوت، تەماشام کرد شانی سوور بووە ...))(ئیسماعیل، ۲۰۰۳: ۱۸).

چوارەم: دەقئاویزان و ئاماژەدان بە تراژیدیا و تاوان

دەقئاوێزان هۆکارێکی گرنگی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن تێکستە و پاژێک لە سەرچاوەی هەر دەقێکی نوێ دەقەکانی پێش خۆیەتی، ((بەو پێیە هەموو دەقێک لە چەندین لایەنەوە ڕایەڵی تێکەڵکردووی هەیە لەگەڵ دەقە پێشینە و هاوچەرخەکانیدا و دەق بەبێ بوونی ئەم ڕایەڵانە بەرهەم نایەت، کە بۆ خۆیان مۆزایکێکی دەق لەناوخۆیاندا پێک دێنن.

لەو بارەیەوە ڕۆلاند بارت دەڵێت: هەموو دەقێک دەقی تری تێدا دەبینرێتەوە بەئاستی جۆراو جۆر))(عەزیز، ٢٠١٤: ٢).

لێرەدا ڕۆمانناووس ئاماژە بە بیروڕایەکی پڕوپووچی میژوونووسی عەرەب (مەسعوودی) دەدات، کە کوردی بە نەوەی جنۆکە ناوبردووە، لە کۆنتێکستی ڕۆمانەکەدا بەوردی و بەڕەخنەیەکی قوواڵەوە جێی کردووەتەوە و دەنووسێت: ((سابیر هەمدیس تەماشای هاپۆی کرد و بزەیەکی خەماوی گرتی... نەخێر نامانگەڕێنەوە... لێمان دەترسن، وا دەزانن ئێمە گەورە و بچووکمان شیر لە هەسان دەسووین و یەکەیەکە سەریان دەبڕین، بۆیە ئێژن بەر لەوەی ئەم بەچکە جنۆکانە سەرمان ببڕن، ئێمە خۆمان دەزانین چییان لێ دەکەین (تۆ)یان دەبڕینەوە)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٥٦).

هاوکات لە (بەهاری ڕەش)دا ئاماژە و دەقئاویزان بە چەند ڕووداو و تراژیدیایەک دەدات کە بەسەر کورددا هاتووە. ((دەڵێن زوو زوو خەڵکی ئەم گەرمیانەیان بۆ لیبیا و ژووروووی ئەفریقاش پەراگەندە کردووە. لەمەش کۆنتر سەنحاریب ناوێک بە لەشکرێکی زۆرەوە بە گەرمیاندا تێپەڕیوە تا گەیشتووەتە قەرەداخ، گەرمیانییەکان دەستەوەستان دانەنیشتوون، سااڵێک ئەو لەشکرەیان پەنگدابۆوە، ڕێگەی ڕۆیشتنیان لێ بڕیبوون، لە

دواییدا گەرمیانییەکان کۆڵ دەدەن، بەڵام کوشتارێکی بێبەزەییانەیان لێ دەکەن))(ئیسماعیل، ۲۰۰۳: ۲۱). یان لە نموونەیەکی تردا لەو ڕووەوە و لە باسی گەرمیانیەکاندا دەنووسێت: ((لەگەڵ خانی دەلۆدا بە گژ سوپای ئینگلیزدا چوون، شێخی نەمریش متمانەی پێیان دەکرد، کێ شەڕەکەی ئاوباریک لەبیر نییە، هیچ کەسی ناتوانێ جوامێری و ئایەزایەتییان ونکات، کەچی لە دوای هەموو کەسێکەوە خۆشی و ئارامی دەچێژن...))(ئیسماعیل، ۲۰۰۳: ۲۱).

پێنجەم: زمانی وەسفی

ئەدەب بە گشتی کیانێکی زمانییەو لە دووتوێی زماندایە، (زمان کەرەستەی سەرەکی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبییە، واتە بۆ باشترتێگەیشتن و جوانترشیکردنەوەی دەقەئەدەبییەکان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کەرەستە زمانییەکان، کە زمانی وەسف یەکێکە لەوانە و (بەواتای ستایش کردن، یان باسکردن و ڕوونکردنەوە لەسەر ناوێک یان جێناوێک یان کارێک و ڕووداوێک و... هتد، دێت)(قاضی، ۲۰۲۱: ۹). زمانی وەسفی کۆمەڵێک ئەرک جێبەجێ دەکات لە نێو ئەدەبی گێڕانەوەدا و بەتایبەتی لە ڕۆماندا ئەوانیش:

١-بۆ نزیککردنەوەی تێکست لە واقیعەوە، پەنایان دەبردە بەر وەسفی شوێن و کەسێتییەکان.

٢ -وەسف بۆ ڕازانەوەی تێکستەکە و دروستکردنی دیکۆر و چوارچێوەیە بۆ ژینگەی ڕۆمانەکە.

٣ -بۆ ئەوەی وێنەیەکی ماددی بەرجەستەکراوی فەزا و شوێن و کەسێتییەکان بخاتە بەرچاوی خوێنەر.

٤-وەسف ئەرکی گەیاندنی کۆمەڵێک واتای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لە تێکستی کلاسیکی و نوێدا دەگێڕێت.

٥-وەسف دەتوانێت جۆرە پشتوویەک بە خوێنەر بدات، بەتایبەتی دوای خوێندنەوەی هەندێک ڕووداوی وروژێنەر)(ئەڵوەنی، ٢٠٠٤: ٣٠٩).

زمانی وەسفی لەم ڕۆمانەدا پەتی و تاڕادەیەکیش بە بنزاری گەرمیانی نووسراوەتەوە و نووسەر خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی ئاوەزیی و وشەییە، بە وردی وەسفی بەستێن(فەزا) و شوێنەکان دەکات. زمانی وەسفی لە ڕۆمانی جینۆسایددا زیاتر کاریگەرە و وا دەکات خوێنەر ئاشنا بێت و ڕۆبچێتە ناو شوێن و کارەکتەرەکانەوە. وەک لەم دوو پەرەگرافەدا توانا و یارای ڕۆماننوس دەردەکەوێت لەو

ڕووەوە: ((بەهاری گەرمیان چوون ساتە خۆشەکانی کورت و کەم تەمەنە، بە ناو بەهارەو کەچی لە پێرەوە تەپوتۆزێکی دەڵگوشینەر هەڵی کردووە، خۆڵ دەباریێ، خۆڵێکی وردی کلئاسا، خەنەیی و کەمێ مەیلەوسوورە خۆڵی ئەم گەرمیانە... سەرەڕای کورتییەکەشی ئەمساڵ بووەتە ئاگر و وا تەڕ و وشک لووش دەدات. دوای سێ ڕۆژ خۆڵبارین تۆزەکەی نیشتەوە، بەڵام گەرد و تۆزەکە بە ئاسمانەوە مانیان گرتووە، کە تیشکی خۆرەکەی بەردەکەوێ سوور دەڕوانێ...))(ئیسماعیل، ٢٠٣٣: ٩). لە وەسفی قەڵای نوگرەسەلمانیشدا ڕۆمانووس دەڵێت: ((قەڵایەکی گەورەی دوو نهۆم، دەرگایەکی دوو لایەنی ئاسنین لە ناوەڕاستی بیناکەدایە، بەملاوبەولای دەرگاکەدا بە درێژایی چەند گاوخانێک لەسەر دوو نهۆم قەڵاکە دروست کراوە، لەوێشەوە پەرژینێکی بەرز کەمێک دەڕوات، ئینجا پێچ دەکاتەوە...)) (ئیسماعیل، ٢٠٣٣: ٥٨).

شەشەم: وێنەی شیعری و هێما(ڕەمز)

وێنەی شیعری تەکنیکێکی ئەدەبی بااڵیە لە هەردوو ژانری شیعر و پەخشاندا، بۆ یەکەمجار وێنەی شیعریی لەالیەن (سی، دی، لویس)ەوە پێناسەکرا، ((کە وێنەیە بە وشە، وەسف و خوازە و لێکچوونیش وێنە پێک دەهێنن، یان دەتوانرێت بە

دەربڕینێک یان ڕستەیەکی ئارایشتکراو ئاڕاستە بکرێت(ئەمین، ٢٠٠٢: ١٦). (شــەفیعی کەدکەنی)یش پەیڕەوی بنەماکەی (ســی، دی، لویس) دەکـات و ئەوە دەخـاتە ڕوو کە ئەوەی زەمینە ســازدەکات بۆ خولقاندنی وێنەی شـیعریی بوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژییە کە خۆیان لە (خواســـتن، چواندن، درکە، خوازە)دا دەبینـنەوە (کەدکەنی، ١٩٩٣: ١٢٤). هەر بۆیە ((وێنەی هونەری یان ئەدەبی یان شـــیعری پێکهاتەیەکی ئیســـتاتیکییە، زمانی داهێنان شـێوەی هەسـتەوەری(حسـی) یا هەسـتی (شـعوری)ی تەشـــەنە دەکات یان واتاکان ئامادە دەکات بەدارشـتنێکی نوێ، توانا و ئەزموونی شاعیر پڕی دەکاتەوە)) (گەردی، ٢٠٠٤:٢٥).

ئەم ســـتراتیژەش لە ڕۆمانی جینۆســـایددا بەرکارە، بۆ ئەوەی کارەسـات و تراژیدیاکان کاریگەرتر و سـۆزدارتر بکات و هەسـت و نەسـتی قوربانیان و ڕزگاربوان باشـتر وێنا بکات، لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا لە گەلێک شـوێندا وێنەی هونەری بـاڵا دەبینرێن، بۆ نموونە کە دەڵێت: ((ئەو هەزاران زارۆک و کچ و ئافرەت و ڕیشـسـپیانە هەمووی هەناسـەی سـاردیان بە گژی ئاســمانا دەکرد، نە کەس چاوی لێیان بوو، نە کەســیش هاواریانی دەبیسـت، تەنها خۆری دەمکەڵی ئەم ئێوارەیە چاوی لەم دیمەنە بوو، لە داخـانـا زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەویش نەبێتە شـاهید و تۆمەتێکی گەورە لەسـەر خۆی لابـبات،

به پەلەپرووزێ لەودیو ئاسۆوە خۆی شاردەوە)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٤٧). لێرەدا لە وێنەیەکی میتافۆریدا و لە ڕێگەی بەخشینی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بە خۆر وەک چاولێبوون و زەردەخەڵگەڕان و شایەتیدان و خۆشاردنەوەوە، خۆری بە مرۆڤ چواندووە و لە کۆنتێکستی بێکەسی و تەنیایی و بەدەمەوەنەچوونـدا لە کارەساتەکەدا وێنەکە کاریگەرتر دەردەکەوێت کە ڕۆمانتووس گلەیی لە خۆریش دەکات کە نەیوێراوە و نەبووەتە گەواهیدەری ئەم تراژیدیا و تاوانە، کە ئەنفالی کوردانە .

لە دوو وێنەی شیعری تردا، ڕۆمانتووس گریانی لە مرۆڤەوە بۆ زەوی و ماندوێتی بۆ تاریکی خواستووە، لە ڕێگەی وێنەی هونەریی (خواستنی شاراوە)وە و دەڵێت:((خاک و زەوی ئەم ناوچەیە لە ڕقی ئەم کشومات و بێدەنگییەی خەڵکەکەی، شەوان بۆ خۆی دەگری...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٢٧) و ((وا خەریکە تاریکی ماندوو دەبێ و پاشەکشێ دەکات)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٥٦).

هێماش یەکێکی تر لە ستراتیژەکانی گێڕانەوە لە جینۆسایددا، لای (کارڵ گۆستاف یۆنگ) (Carl Gustav Jung)(١٨٧٥-١٩٦١)، دەروونشیکاری ناوداری سویسری،

((هێما بریتییە لە زاراوەیەک، یان ناوێک و بگرە ئەکرێ ئەو وێنەیە بێ، وا لەوانەیە نوێنەری شتێک یان شتێکی ژیانی ڕۆژانە بێت، جگە لە مانای ئاشکرا و ئاسایی خۆی، مانایەکی ژێرەوانکێی تایبەتیشی هەیە)) (یونگ ٢٠١٩: ٣٣). بە دیدی (یۆنگ) هێما زاراوەیەکی باو و ئاشکرا و بەکارهاتووی نێو کۆمەڵە، مرۆ هێما دادەپچڕێ و بە شێوەی نەستی تاک، یان کۆنەست و نوێنەرایەتی واتایەکی نوێ و شاراوە دەکات.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بەو هۆیەی خاوەن پاشخانێکی گەورەی ئەدەبی بووە، ڕەمزگەلێکی ئاماژە پێداون، تا ڕۆمانەکە کاریگەرتر بکات، وەک لەم نموونانەدا ڕەمزی (تووڵەمار و گورگ) بەکارهێناوە، مار لێرەدا ڕەمزی مردن و وێرانکاریی و خراپە و ژەهر و فێڵ و فریوە (فریودانی حەوا و دەرکردنی لە بەهەشت لە زۆربەی ئایەنەکاندا). گورگیش ڕەمزی تاریکی و تاڵانکاری و کوشتن و ترس و چاوچنۆکی و خوێنمژی و تاڵانکاری و وێرانکاری و برسێتییە. نموونەکانیش: ((بە ئەسپایی وەک پەڕێک لەسەر تاشەبەردێک خۆت دەبینیتەوە و دەوروبەری تاشە بەردەکە تووڵەمارن، لە ژماردن نایەن... لەپڕ لە گابەردەکەوە خۆت هەڵدەدەی، سەرت بە تاوێرێکدا دەدات، کەچی هەر گریانی مندااڵەکەت لە گوێ دەزرنگێتەوە...))(ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ١٣). ((گەلە گورگ ئاسا

خۆیان بە مەنگەڵەکەدا کرد... شـــپرزەن، ڕق و کینە لە ڕوویان دەباڕێ... کەس هیچی پێ نەوتوون، فزەی لە دەم دەرنەچووە... دوو ســـێ ئەفەندییان لەگەڵ دایە، ئەوانەی کە دار و کێبڵ بە دەستن...)) (ئیسماعیل، ٢٠٠٣: ٥٤).

حەوتەم: پرسیاری ئاکاریی و وجوودی

ئەم ســـتراتیژە لە ئەدەبی گێڕانەوەی جینۆســـایددا زۆر تایبەتمەند و ناســـەرەوەیە، قوربانیانی جینۆســـایدەکانی دنیا لەکاتی تاوانەکەدا، بەردەوام پرســیارگەلێکیان لە خودی خۆیان و هاوڕێیانیان و جەلادەکان کردووە، بە نموونەی: بۆچی وایان لێ دەکرێت؟ لەبەرچی؟ بۆ کوێیان دەبەن؟ چیان لێدەکرێت؟ چارەنووســیان چی دەبێت؟ ئایا ئەمانەش مرۆڤن؟ هەســتیان هەیە؟ ئایا ئەمانیش کەســوکار و منداڵیان نییە؟ و چەندین پرسیاری ئاکاری و وجوودی تر.

لە ڕۆمانی بەهاری ڕەشـیشـدا ئەم سـتراتیژەی گێڕانەوەیە بەردەوام ئـامـادەیـی هەیە، وەک لەم نـمـوونـانەدا دیـارە: ((دانیشـــتووانی ناوچەیەک چۆن هەمووی بەجارێ ڕەشـــبگیر دەکەن؟ ســـەرت لەمە دەرناچێ، مێشـــکی خۆت دەگوشـــی، هەوڵدەدەی تـاوانێکی لەو بـابەتە بیر خۆت بخەیتەوە، یـا لە کتێبێکدا باسی کارێکی وا کرابێ، لەم حاڵەتە بچێ بۆی ناچی...

هیچت بۆ ناوتریێ و نازانی نەفرەت لە کێ بکەی... (بۆ وامان لێ دەکەن؟) یەک دوو جار لە ژێر لێوە وات گوت. ئەم بەیانییەش خەڵکەکە هەمان (بۆ؟)یان لە تۆ دەپرسی...))(ئیسماعیل، ۲۰۰۳: ۱۷)، یان لێرەدا کە ڕۆمانnوس دەڵێت: ((ئافرەتێ بە دەم گریانەوە گوێم لێ بوو، دەیگوت: هەر داوای خەیاری لە دایکی دەکرد، دایکیشی نەعلێکی منداڵانەی سەوزی دابووە دەستی، کە گیانی دەرچوو نەعلەکە بە سەر سنگییەوە بوو... ئەی مناڵی کاولم بێبەزەییێتی بەم ڕادەیە؟ خۆیان منناڵیان نییە؟))(ئیسماعیل، ۲۰۰۳: ٦٧) .

ئەنجام:

١-لە ئێستادا ئەدەبی جینۆساید، بەشێکی گرنگی ئەدەبە، پێکدێت لەو شیعر و چیرۆک و ڕۆمانانەی کە ئازار و تراژیدیا و بەسەرهات و ڕووداوەکانی جینۆسایدەکانی دنیا لە فۆرمێکی ئەدەبی و هونەری و زمانی باڵادا دەگێڕنەوە.

٢-ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی کە لەبارەی جینۆسایدەوە لە جیهاندا نووسراون، کۆمەڵێک ستراتیژی گێڕانەوەی هاوبەشیان هەیە لەوانە(فرەگۆشەنیگایی، شەپۆلی هۆش، ستراتیژی گێڕانەوەی تێهەڵکێش، دەقئاویزان و ئاماژەدان بە تراژیدیا و تاوان، زمانی وەسفی، وێنەی شیعری و هێما(ڕەمز) و پرسیاری ئاکاریی و وجوودی).

٢ -نەتەوەی کورد یەکێک و تاکانەترینی ئەو نەتەوانەیە بە درێژایی مێژوو و بەردەوام ڕووبەڕووی قڕکردن و جینۆساید بووەتەوە. بۆ ئەمەش نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووسەکانی، دەقگەلێکیان لەو ڕووەوە نووسیوە.

٣ -ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، یەکێکە لەو نووسەرە زرنگ و پاشخانزەنگینانە کە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی بۆ تراژیدیا و جینۆسایدی ئەنفالی نووسیوە، بەشێوەیەک کە توانیویەتی کۆی

ئەو ستراتیژیانەی لە ڕۆمانی جینۆسایددا هەن، بە شێوازی خودی و تایبەتی خۆی سەربار و پراکتیزە بکات.

٤ -دیارترین سێ لەو ستراتیژیانەی گێڕانەوەی ڕۆمانی جینۆساید، بەراورد بەوانی تر زیاتر لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)دا، هێنراونەتەوە(شەپۆلی هۆش و زمانی وەسفی و پرسیارە ئاکاری و وجوودییەکان)ن.

٥ -هەرسێ ستراتیژی (شەپۆلی هۆش و زمانی وەسفی و پرسیارکردنەکان)، تەریب و پڕبەبەری سرووشتی گێڕانەوەی حاڵەتە دەروونییەکانی قوربانیان و ڕزگاربوان و وەسفی شوێن و ڕووداوەکان و پرسیارە هزری و ئاوزییەکانی بەرکەوتەکانی جینۆسایدن لەو کاتەدا، کە ڕۆمانننووس بەکاری بردوون.

سەرچاوەکان:

یەکەم: بە زمانی کوردی

١-کتێب:

-ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەدین(٢٠٠٤)، بنیاتی کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

-ئەمین، عەبدولقادر محەمەد (٢٠٠٢)، وێنەی شیعریی لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

-ئیسماعیل، ئەحمەد محەمەد(٢٠٠٣)، بەهاری ڕەش، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

-گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن(٢٠٠٤)، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، (١٩٧٠-١٩٩١)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

-مەجید، د.دیار فایەق (٢٠٢١)، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستان (بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)، کەلار، ناوەندی بڵاوکردنەوەی خاک.

-موفتی، د.پەری ســـــاڵەح(٢٠١٢)، گێڕانەوە لە چیرۆکەکـانی ئەحمەد محەمەد ئیســماعیلدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

-یۆنگ، کارل گۆســـتاف(٢٠١٩)، مرۆڤ و هێماکانی، و: ڕوقیە سەییدی، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر.

٢ -نامەی ئەکادیمی:

-ئیبراهیم، ســـەمیر ئەحمەد(٢٠١٢)، هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمـانەکانی خوســـرەو جـافـدا، نـامەی مـاســـتەر، زانکۆی سەڵاحەددین.

-عەزیز، سامان جەلال(٢٠١٤)، دەقئاوێزانی -شیعری گۆران لە شـــیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کـامەران)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی .

-عەلی، سروە تاهیر(٢٠١٥)، بنیاتی هونەری لە کۆمەڵە چیرۆکی هەڵۆی ڕەوف بێگەرددا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی .

-عومەر، مەهدی فاتیح(٢٠١٩)، پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

-قاضـــی، ڕەوەند حەمەجەزا(٢٠٢١)، ئیســـتاتیکای وەســـف لە چیرۆکە شیعرییەکانی ئەنوەر قادر محەمەددا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

-محەمەد، بوشـــرا قادر کاکە(٢٠٢٢)، ئیســـتاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

دووەم: بەزمانی عەرەبی

-زيتوني، د. لطيف(٢٠٠٢)، معجم مصـــطلحات نقد الرواية - عربي- انكليزي- فرنسي، بيروت، دار النهار للنشر.

-حبيلة، د. الشريف(٢٠١١)، مكونات الخطاب السردي ـــ مفاهيم نظريه، الاردن، عالم الكتب الحديث.

-وهبة، مجدى(١٩٧٤)، معجم الامصطلحات الادب، بيروت، مكتبة لبنان.

سێیەم: بە زمانی فارسی

کدکنی، دکتر شفیع (١٩٩٣)، صور خیال، چاپ ششم، تهران .

چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی

-McCarthy, Margaret M(2011), Trauma and the Holocaust: The Impact of Genocide on Narratives, Rutledge.

الملخص

عنوان الدراسة ((استراتيجيات السرد في أدب الإبادة الجماعية: رواية "الربيع الأسود" لأحمد محمد إسماعيل نموذجا))

إن أدب السرد عمومًا وفن الروايات والقصص والمذكرات بشكل خاص من أكثر الأنواع الأدبية تأثيرًا وتأثيرًا الذي تقترب من إظهار وتقديم وتحنيط الإبادة الجماعية والمأساة والمعاناة الكبرى للإنسانية .

إن أحد أنواع الروايات في الأدب العالمي الذي لها استراتيجيات فريدة هي رواية الإبادة الجماعية. وأكثر الاستراتيجيات تحديدا في العالم لهذا النوع من الروايات هي: وجهات النظر المتعددة، وتيار الوعي، واستراتيجيات السرد المربكة، والتناص والتلميح إلى المأساة والجريمة، واللغة الوصفية، والصور والرموز الشعرية، والأسئلة الأخلاقية

والوجودية. وهذه الاستراتيجيات مأخوذة في الغالب من سرد شفوي من الضحايا الذين رووا الإبادة الجماعية .

رواية (الربيع الأسود) لأحمد محمد إسماعيل تروي بانوراما مفصلة لمأساة الأنفال، من بداية التهجير إلى معاناة ومصاعب المخيمات، ومن هناك إلى قلعة نقرة سلمان ثم إلى الفقدان والدفن حيا وأخيرا إلى الموت .

تسعى الدراسة إلى الإجابة على السؤال إلى أي مدى تحتوي رواية الربيع الأسود على استراتيجيات السرد في روايات الإبادة الجماعية، وكيف تتجسد بالإضافة إلى مناقشة خصائص المؤلف وخلفيته اللغوية والأدبية.

منهج الدراسة: تحليل وصفي.

بنية الدراسة: تتكون من مقدمة وقسمين .في القسم الأول: يناقش هذا القسم الأدب السردي وعلاقته بالإبادة الجماعية. في القسم الأول ممارسة استراتيجيات رواية الإبادة الجماعية (كما وردت) في رواية أحمد محمد إسماعيل الربيع الأسود.

الكلمات المفتاحية: أدب الإبادة الجماعية، أدب السرد، استراتيجيات أدب السرد، الروايات الكردية، أحمد محمد إسماعيل.

Abstract

Narrative Strategies in Genocide Literature: Ahmad Mohammed Ismail's Behari Resh (Black Spring) as an Example

Narrative literature in general and the art of novels, stories, and memoirs in particular are the most effective and influential genres that come close to showing, introducing, and mummifying genocide, tragedy, and the great sufferings of humanity.

One of the types of novels in the world literature, that has unique strategies ,is the genocide novel. The most specific strategies in the world for this type of novel are: multiple point of view, stream of consciousness, confusing narrative strategies, intertextuality and allusion to tragedy and crime, descriptive language, poetic imagery and symbols, moral and existential questions. These strategies are mostly taken orally narrated from of victims who have recounted the genocides.

The novel Black Spring by Ahmad Mohammed Ismail t recounts a detailed panorama of the tragedy of Anfal, from the beginning of the relocation to the

suffering and hardships of the camps, and from there to Nugrasalman Castle then to loss, being buried alive and finally to death.

The study seeks to answer the question, ‘To what extent does Black Spring contains the narrative strategies of genocide novels, and how they are embodied in addition to discussing the characteristics and linguistic and literary background of the author.

Methodology: Descriptive Analysis

Structure of the study: Consists of an introduction and two sections.

In the first section: This section discusses narrative literature and its relationship to genocide.

In the first section The practice of genocide novel strategies as mentioned before in Ahmed Mohammed Ismail's novel, Black Spring.

Keywords: Genocide Literature, Narrative Literature, Strategies of Narrative Literature, Kurdish Novels, Ahmed Mohammed Ismail.

پرۆفایلی د.هەژار فەقێ سلێمان:

-لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٣- کەلار.

-ســـەرپەرشـــتیاری پەروەردەیی زمان و ئەدەبی کوردییە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی گەرمیان-کەلار.

-دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا- زانکۆی سلێمانی- ٢٠٢٢.

-خاوەنی پێنج کتێبە بە ناوەکانی:

١. ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٢. سێبەری مانا- وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

٣. فەرهەنگی شیعری مەحوی.

٤. هێما لە دەقەوالاکانی شێرکۆ بێکەسدا.

٥. تیۆری شیعر لای نالی.

-کتێبێکی تری کە دوازدە توێژینەوەی زانســـتییە، لەگەڵ سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی کتێبی (دەنگدانەوەی برین و بیرەوەری)، کە کۆکراوەی دەقە شـیعری و گێڕانەوەییەکانی هەردوو فێسـتیڤاڵی ئەدەبی جینۆسایدە، ئامادەی چاپن.

-بیســـت و پێنج توێژینەوەی ئەدەبی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکانی زانکۆکان و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

-سەرنووسەری گۆڤاری (ئیلیان)بووە بۆ وەرگێڕانی چیرۆکی بیانی، کە حەوت ژمارەی لێدەرچووە.

-دەستەی نووسـەرانی گۆڤاری (کۆنتێکست)ە، گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزییە و تایبەتە بە توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

-سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵی ئەدەبی جینۆسایدە بۆ شیعر و چیرۆک لە گەرمیان.

-بۆ ماوەی پازدە ساڵ لە زانکۆی گەرمیان وانەبێژ بووە و بابەتەکانی (میژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی کلاسیک و ئەدەبی نوێ و ڕێبازە ئەدەبییەکان و ڕەوانبێژی و پەخشان)ی لە خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەردا وتووەتەوە و هاوکاتیش سەرپەرشتیی نامەی ماستەری کردووە.

-لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکانی کوردستاندا و دا وتاری ئەدەبی و خوێندنەوە و ڕانانی کتێبی بڵاوکردووەتەوە، وەک گۆڤارەکانی ڕامان و کۆنتێکست و کاروان و باران و تۆپزاوە و وانەر و ڕۆژنامەکانی چاودێر و کوردستانی نوێ و ڕۆژگار و ئاسۆ و پرسی جینۆساید و زۆری تر.

-چەندین کۆڕ و سیمیناری ئەنجام داوە و وەک پانێلیستیش بەشداریی زۆرێک لە دیدار و مینی-کۆنفرانسە ئەدەبی و پەروەردەییەکاندا کردووە. هاوکاتیش لە ڕێگەی سەکۆکانی ڕاگەیاندنەوە (تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ) دیدار و گفتوگۆگەلێکی لە بارەی ئەدەب و جینۆساید و پەروەدەوە لەگەڵدا سازکراوە.

کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر:تەها سلێمان

لەبواری ئەنفال و جینۆسایدا:

- لەپەرازێزی ئەنفالدا، بەرگی یەکەم، ١٩٩٩
- لەپەراوێزی ئەنفالدا، بەرگی دووەم، ٢٠٠٤
- لەپەراوێزی ئەنفالدا، بەرگی سێیەم، ٢٠٠٩
- جینۆسایدو ئەنفال "دیدار" ٢٠٠٩
- لەپەراوێزی ئەنفالدا، بەرگی چوارەم، ٢٠١٠
- ئەنفال و کۆمەڵکوژی کورد "دیداری کازیوە سالّەح"، ٢٠١٣
- جینۆساید "کۆدیدار" ٢٠١٤
- تێگەیشتن لە ئەنفال وەک جینۆساید، ٢٠١٤
- جینۆسایدی گەلی کورد، ٢٠١٣
- جینۆسایدی ئێزدییەکان "گووندی کۆجۆ" ٢٠١٥
- جینۆسایدی ئێزدییەکان "نوسین و دیکۆمێنت" ٢٠١٥
- کورتەیەک لەمێژووی جینۆسایدی گەلان، ٢٠١٥
- لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "ئەنفال" ٢٠١٥
- لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "بەرزانیەکان" ٢٠١٥
- لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "هەڵەبجە" ٢٠١٥
- لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "فەیلیەکان" ٢٠١٥
- جینۆسایدی کورد "تاوانی ئەنفال"، ٢٠١٦
- هۆڵۆکۆست و تاوانی ئەنفال ٢٠٢٥
- جینۆسایدی نەرم، شووناس، بڕیاری ٦٨٨ ، ٢٠٢٦

لەبواری سیاسیدا

- ئیسلامی سیاسی و تووندوتیژی، ١٩٩٩
- بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و ئەزموونی دیموکارسی، ٢٠٠٤
- کۆمەڵە ووتاری سیاسی، ٢٠٠٧
- ئیسلامی سیاسی لەنێوان تیرۆرو دیموکراسیدا، ٢٠١٠
- خوێندنەوەی رووداوەکان "ووتاری سیاسی"، ٢٠١٠
- خەڵک، حزب، دەسڵات و پرۆسەی سیاسی، ٢٠١٠
- بنەماکانی گۆڕان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، ٢٠١٢

لەبواری ئەدەب و شیعردا:

- پەڕەیەک لە عومری هیچ، شیعر، ١٩٩٤
- حیکاتەکانی ئەنفال، شیعر، ٢٠٠٣
- پڕبوون لەئاو "شیعر"، ٢٠٠٧
- سووتان بەبۆنی بارانی نامۆبوون، "شیعر"، ٢٠٠٩
- سووتان، دیوانی شیعر، ٢٠١٠

گێڕانەوە:

گەڕانەوە بۆ ئاوایی (یادەوەری منداڵی) ٢٠١٩

ئەم کتێبانە بۆ زمانی ئینگلیزی و فارسی وەرگێڕدراون:

- جینۆسایدی ئێزدییەکان "کۆجۆ"" ئینگلیزی"
- جینۆسایدی گەلی کورد "ئینگلیزی"
- جینۆسایدی ئێزدییەکان "نوسین و دیکۆمێنت" فارسی